# کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات

## (لە دایەلۆگەوە بەرەو ناسینەوەی خەسڵەتەکانی خوێنەری ڕەهەند)

کاروان عومەر کاکەسوور



کتێبی ژنەفتن

١٠

کتێبی ژنەفتن

١٠

# کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات

(لە دایەلۆگەوە بەرەو ناسینەوەی خەسڵەتەکانی خوێنەری ڕەهەند)

## کاروان عومەر کاکەسوور

# کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات

(لە دایەلۆگەوە بەرەو ناسینەوەی خەسڵەتەکانی خوێنەری ڕەهەند)

**کاروان عومەر کاکەسوور**

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان:
کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات
(لە دایەلۆگەوە بەرەو ناسینەوەی خەسڵەتەکانی خوێنەری ڕەهەند)
بابەت: ڕەخنە
نووسینی: کاروان عومەر کاکەسوور
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، مارسی ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
١٥٢ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

لە مانگی هەشتی پار، دروستتر لە ( Fri, 27 Aug 2021 at 17:02) ئیمەیلێکی برای ئازیزم (دلاوەر ڕەحیمی)م پێ گەیشتووە، تێیدا دەڵێت تەوەرەیەکی تایبەتی بۆ بابەتی (ڕەهەند) کردووەتەوە و منی لە پاڵ چەند نووسەرێکی دیکەدا هەڵبژاردووە، تا لەو بارەیەوە بۆچوونی خۆم بخەمە ڕوو. نامەکەمم بەم شێوەیە دەست پێ کردووە: (سەرەتا سوپاس بۆ ئەوەی منت بە شایەنی ئەوە زانیوە لەو پڕۆژەیەدا بەشدار ببم، کە بێگومان دەمویست بە خۆشحاڵییەوە بەشدار ببم، ئەگەر چەند هۆکارێک لە ئارادا نەبوونایە. ڕاستییەکەی خەریکی ئامادەکردنی ڕۆمانێکم، کە چوومەتە قووڵاییەوە و دەزانم کاتێ جێی بهێڵم، ناتوانم بەو شێوەیەی ئێستا بۆی بگەڕێمەوە. ماوەی پێشوو ئازیزێکی دیکەیش لەبارەی ڕۆمانەوە پڕۆژەیەکی گفتوگۆی هەبوو، کە لەبەر هەمان هۆکار داوام کرد دوای بخات. کاتێ هەست بە ماندووبوون و فشاری دەروونی دەکەم، تەنیا ئەتمۆسفێری ڕۆمان ئارامم دەکاتەوە، کە ئەم ماوەیە زۆر پێویستم بە ئارامییە). لە شوێنێکیدا نووسیومە: {داوای بووردنت لێ دەکەم، کە ناتوانم لەو پڕۆژەیەتدا بەشدار ببم، ئەگەرچی دەزانم گرنگ و پێویستیشە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کاتێ بۆم دەردەکەوێت دۆخەکە گۆڕاوە، ئاگادارت

ناکەمەوە و لانی کەم لەو بارەیەوە بابەتێک نانووسم. ڕەنگە بۆچوونی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووی من لەبارەی (ڕەهەند)ـەوە بزانیت. وەک زۆری دی سەرەتا (ڕەهەند)م بە پڕۆژەیەکی جیاواز دەزانی، بەڵام هەتا دەهات ئەو بۆچوونەم دەگۆڕا}.

(ڕەحیمی) هەر لە نامەکەیدا نووسیویەتی: (جگە لەوەش گەر بۆ وڵامی تەوەرەکەش ئێوە نووسەرێک کە ئاگادار بێت و قسەی جیدی لەسەر ڕەهەند هەبێ و بیناسن، ناوەکەیم بۆ بنووسی کە لەکاتی تەوەرەکە بۆی بنێرم). من بەم چەند وشەیە وەڵامیم داوەتەوە: {(سۆران ئازاد) پێشنیاز دەکەم، کە یەکێکە لەو نووسەرانەی قووڵ دەنووسن و نزیکەی هەشت ساڵ لەمەوبەر بە نامە ڕووبەڕووی (بەختیار عەلی) بووەوە، کە من خۆم ئەو هەوڵە تا ئەم ساتەیش بە گرنگ دەزانم. (سۆران) خەریکی خوێندنە لە زانکۆی کۆپنهاگندا، کە ڕەنگە کاتی کەم بێت، بەڵام هیوادارم بتوانێت لەو پڕۆژەیەدا بەشداری بکات. هێندە نییە کتێبێکی گرنگی لەژێر ناونیشانی (کایەکانی هێز)دا چاپ کردووە}.

بۆم دەرکەوت (ڕەحیمی) خۆی (ئازاد)ی بۆ تەوەرەکەی هەڵبژاردووە. ئەوەتە نووسیویەتی: (حەتمەن سۆران ئازاد یەکێک دەبێ لە بەشدارەکان). دواتر زانیم نووسەرانی دیکەیش ئەویان پێشنیاز کردووە.

(ئازاد) لە مانگی یەکی ئەمساڵ، دروستتر لە ( Fri, 28 Jan at 20:19)دا بابەتەکەی بۆ ناردم، بەو مەبەستەی ئەگەر لەو بارەیەوە سەرنجێکم هەیە، بینووسم. ئامادەم لە بەرچاوی هەر کەسێکدا بۆکسەکەم بکەمەوە و پێشانی بدەم، کە تەنیا دوو شوێنم هایلایت کردوون و گوتوومە لەوانەدا ڕاستەوخۆ بۆچوونی دەربڕیون. هەندێک هەڵەی ڕێنووس و نژوەیش هەبوون و چاکم کردن. لە ( Fri, 28 Jan at 23:14)دا بۆیم ناردەوە. ئێمە، ئەوانەی بایەخ بە زمان دەدەین، کە ڕێنووس، خاڵبەندی و نژوە سێ ڕەگەزی ئەو بوارەن، بابەت بۆ یەکتر دەنێرین. ناردنی بابەت بە مەبەستی پێداچوونەوە، یان بۆ زانینی سەرنجی ئەوانی دیکە، خزمەتی گەورەی هەم بە خۆم و هەم بەوانەیش کردووە، کە بابەتم بۆ دەنێرن. ئەو کتێبانەی لە بواری ئەکادیمیادا چاپ دەکرێن، بە پڕۆسێسی پێداچوونەوەی ئەکادیمیدا تێدەپەڕن، کە بە (peer review) ناسراوە. لە هەمان کاتیشدا، ئەو جۆرە پرۆسێسە بەهەندوەرگرتنی

نووسین و بەشداریی خوێنەرە لە بابەت. دواتر بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێمەوە.

❊ ❊ ❊ ❊

(سۆران ئازاد) بابەتەکەی لەژێر ناونیشانی (تێگەیشتن لە وەهمی ڕەهەند و ڕەهەندییەکان)دا بڵاو دەکاتەوە و دەکەوێتە بەر پەلاماری هەندێک لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند)، کە لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا دەرکەوتوون.[1]

[1] هێزی تێگەیشتن لە وەهمی ڕەهەند و ڕەهەندییەکان - ژنەفتن(jineftin.krd)

هەر لێرەدا ڕایدەگەیەنم، کە هەر کاتێ ناوی (خوێنەرانی ڕەهەند) دێنم، نە هەموویانم مەبەستە و نە ئەوانەی مەبەستیشمن، وەک یەک دەبینیم. ئینجا مێتۆدی دایەلۆگ گیراوەتە بەر، بەو مەبەستەی بۆچوونیان نەسڕێتەوە، بەڵکوو هەموو شتێک بە ئاڕاستەی کرانەوەدا ببرێت. ئەوەی لە ئێستاوە بۆ من گرنگە، دۆزینەوەی ئاڕاستەی دیکەیە لەو چەمکانەی لێرەدا ڕووبەڕوویان دەبمەوە. واتە بۆ تێگەیشتن لە هەر چەمکێک، دەچمە بواری فەلسەفە و لەوێدا بە هۆی دایەلۆگەوە بۆ ماناى دیکەی دەگەڕێم، تابیخەمە ئاستێکی دیکەوە. ئینجا ئەگەر بە درێژاییی نووسینەکە ئەم گوتەیە دەگوترێتەوە، ئەوە لەبەر گرنگییەتی.

دیارە من خۆم ئەکاونتی فەیسبوکم نییە و بە گشتییش لە سۆشیالمێدیا دوورم، بەڵام بەشێکی ئەو کۆمێنتانەم پێگەیشتن، بە تایبەتی کاتێ ناوی منیشیان لە بابەتەکە گلاند.

دەکرێت ئەو پەلامارانە لەم چەند خاڵەدا بخەینە ڕوو:

_ سەرجەم ئەکاونتەکان ساختەن.

_ لە جیاتیی ئەوەی بێن لەبارەی ئەوەوە بدوێن، کە نووسراوە، دێن ڕوویان دەکەنە نووسەر و دەیانەوێت بابەتەکە بە لاڕێدا ببەن.

_ بەکەمزانینی توانای نووسەر، بێ ئەوەی یەک نموونە لە بابەتەکە بهێننەوە.

_ پەنابردن بۆ تۆمەت، کە زەقترینیان ئەوەیە، گۆیە من نووسیومە و بە ناوی ئەوەوە بڵاوم کردووەتەوە.

_ ئەو کاتەی (بەختیار عەلی) لە شارەکەی مندا بەشداریی خۆپیشاندانی کردووە و بریندار بووە، من هەر نەموێراوە لێیشی بڕوانم. واتە خۆم شاردووەتەوە.

_ گوتەیەکی (بەختیار عەلی) هێنراوەتەوە، تا زیاتر ئەو پەلامارە هێزی پێ بدرێت. (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک

فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند). وەک خۆی نووسیومەتەوە، کە پڕە لە هەڵەی زمانەوانی. لە ئێستاوە دەڵێم هیوادارم ئەم گوتەیە هیی ئەو نەبێت، ئەگەرچی دەزانم بەو گوتانە ناسراوە. لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)، کە گفتوگۆیەکە و (شاخەوان سدیق) لەگەڵیدا کردووم، هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی لاوازیی ئەم شێوازەوە بدوێم و نموونەیشم هەر لە بەرهەمی ئەو هێناوەتەوە. دواتر بە تایبەت بۆ ئەم گوتەیە دەگەڕێمەوە.[٢] ئەم گوتەیە هیی ئەوە، یان نا، گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بوەستم، ئاڕاستەی ئەو خوێنەرانەی (ڕەهەند)ە. پێویستە بگوترێت، من نامەوێت لە ڕێی ئەم نووسینەمەوە بەرگری لە خۆم و (ئازاد) بکەم، بگرە نامەوێت بەرپەرچی ئەو هێرشانەیش بدەمەوە، کە کراون، بەڵکوو مەبەستمە لەم ڕووەوە خەسڵەتەکانی خوێنەری (ڕەهەند) بناسمەوە و پرسیاری (ئەم خوێنەرانە

---

[٢] ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆ لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، سازدانی: شاخەوان سدیق، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١

بەرهەمی چ جۆرە بیرکردنەوەیەکن و سەرچاوەی ئەو بیرکردنەوەیەیان چییە؟) بورووژێنم.

* * * *

پێش ئەوەی لەبارەی کۆمێنتی ئەو خوێنەرانەوە قسە بکرێت، بە پێویستی دەزانم سێ خاڵ بخەمە ڕوو: یەکەم، لەم گوتارەمدا پەنا بۆ شێوازی بایۆگرافیا دەبەم، کە بەوەدا نووسەری ئەدەبی گێڕانەوەم، پێم خۆشە هەمیشە هونەری گێڕانەوە لە بەرهەمەکانمدا هەبێت. پێشتریش هەر وام کردووە. بەم شێوەیە بەرهەمەکانی پێشوویشم ئاکتیڤ دەبنەوە و لێیان وەردەگیرێت، کاتێ ئەو پێوەندییەی نێوانیان دێتە ئاراوە. کاریگەریی ئەم شێوازە لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەتوانێت ڕۆ بچێتە ئاستی زمانی میللییەوە، بۆ ئەوە نا تێیدا بمێنێتەوە، بەڵکوو بەو مەبەستەی ئەو چەمکانە هەڵبگرێتەوە، کە لەوێ فڕێ دراون، تا بیانخاتە ئاستی دیکەوە. دووەم، بە چاکی دەزانم بە کورتی لەبارەی هەڵەی لۆژیکی(logical fallacies)یەوە هەندێک سەرنج بنووسم، چونکێ ئەو خوێنەرانەی ڕەهەند بە گشتی و ئەوانەی (بەختیار عەلی) بە تایبەتی، هێشتا ڕەچاوی

بیرکردنەوەی لۆژیکی ناکەن، بە مەرجێ دەڵێن سەرجەم بەرهەمەکانی ئەوانیان خوێندوونەتەوە. واتە دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو نووسینە، بە تایبەتی ئەوانەی (بەختیار عەلی)، کەچی هێشتا لۆژیک لە بیرکردنەوەی هەندێکیاندا نابینم و گفتوگۆ بە لاوە دەنێن. ئایا ئەوانە خوێنەری ڕاستینەی نووسەرانی (ڕەهەند) نین، یان خوێنەری ڕاستینەی ئەوانن، بەڵام بەرهەمەکانیان ئەو هێزەیان پێ نەداون، تا بە شێوەی لۆژیکی بۆچوون دەرببڕن؟ یان بەڵێ، نووسینەکان بەهێزن، بەڵام خوێندنەوەی ئەوان لاوازە؟ سێیەم، فۆکەسی ئەم نووسینە وەک پێشتریش گوترا بە پلەی یەکەم لەسەر پێوەندیی (ڕەهەند) و خوێنەرەکانیەتی. بە مانایەکی دی، دەمانەوێت لەو ڕێگەیەوە ئەوە بخوێنینەوە، کە (ڕەهەند) لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا چ جۆرە خوێنەرێکی بەرهەم هێناوە. ئەوە وەک ئەنجامێکی چوارچێوەدار وەرناگرین، بەڵکوو لە شێوەی ئاماژەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. پێشتر گوتوومە و ئێستایش دەیڵێمەوە هەموو نووسەرانی (ڕەهەند) وەک یەک سەیر ناکەم، بۆیە دەزانم ئاستی خوێنەرەکانیش لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی دیکە جیاوازە، بەڵام ئەوە ڕێم لێ

ناگرێت لە بۆچوونی ئەو خوێنەرانەی ئێرە بکۆڵمەوە. پێویستە ئەوەیش بگوترێت، کە دایەلۆگ ئامانجی ئەم نووسینەیە، نەوەک ناسینەوەی خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە خوێنەرە. دایەلۆگ، بەو مانایەی ئەو چەمکانەی لەو کۆمێنتانەدا هاتوون، بۆ ئاستی ئاماژە ببرێن، تا مانا و ڕەهەندی دیکەیان تێدا بدۆزینەوە، کە ئەمە وامان لێ دەکات بەردەوام بۆ سەرچاوە فەلسەفییەکان بگەڕێینەوە، بەو مەبەستە نا، بیانکەینە پێوەر و شوناس، بەڵکوو بەو ئامانجەی ڕووبەڕی دایەلۆگەکەمان فرەوانتر بکەین. کەواتە ناسینەوەی خەسڵەتی ئەو جۆرە خوێنەرە بەشێکە لە پرۆسێسی دایەلۆگ، نەوەک بە پێچەوانەوە. لێرەوە هەم ئەو خوێنەرانە و هەم ئەوانەی دیکەیش دەتوانن بێنە ناو ئەو دایەلۆگەوە و بۆچوونی خۆیان دەرببڕن، کە دەکرێت ئەم ئاستە تێبپەڕێنن، وا من لەم نووسینەدا پێی گەیشتووم.

❋ ❋ ❋ ❋

هەڵەی لۆژیکی هاوکاتی بیرکردنەوەی لۆژیکییانەیە، بەو مانایەی فەلسەفە هەمیشە ڕووبەڕووی هەڵەی لۆژیکی بووەتەوە. بە درێژاییی مێژووی فەلسەفە ژمارەیەکی زۆر

هەڵەی لۆژیکی دۆزراونەتەوە و خەسڵەتەکانیان دەستنیشان کراون. لەم ڕووەوە کتێبی (هونەری ڕاستێتی)ی (ئارتوەر شۆپێنهاوەر) بایەخی تایبەتی هەیە، کە نووسەر هەوڵی داوە جگە لەوەی باس لە هەڵەی لۆژیکی بکات، ژمارەیەکی زۆر لەو هەڵانەیش بە نموونە بهێنێتەوە، کە خۆی ناوی (فێڵ)یان لێ دەنێت.[٣]

بەر لەوەی ئاماژە بە هەندێک لەو فێڵانە بکەم، پێم خۆشە بڵێم من خۆم لە (ئامادەییی ڕزگاری)دا بۆ یەکەمجار چەمکی (هەڵەی لۆژیکی)م بیست، کە ئەودەم لەگەڵ هاوڕێیاندا دەمویست لە بواری فەلسەفە نزیک ببمەوە. هەروەها لە (پارکی ڕووناکی)دا بە هۆی هاوڕێیانی گەڕەکەوە زیاتر ئاشنای ئەو چەمکە بووم. دواتر (فرسەت ڕۆژبەیانی) و من لە بەشی مێژووی کۆلیجی پەروەردەی مووسڵ وەرگیراین، کە یەکێک لە بابەتەکانمان (مێتۆدی زانستی) بوو و (د. غانم

[3] Schopenhauer, A., 2011. *The Art of Being Right* (Translated by Thomas Bailey Saunders). Preliminary: Logic and Dialectic. [online] Xenopraxis.net. Available at: http://xenopraxis.net/readings/schopenhauer_artofalwaysbeingright.pdf

حەفۆ) پێی دەگوتین. جارێکی دیکە ئەو چەمکە هاتەوە بەر دەممان، بەڵام بە شێوەیەکی چڕتر، کە ئەو دۆکتۆرە قوتابیی (ژان پۆل سارتەر) بوو. دەیگوت لە نووسینی توێژینەوەی زانستیدا گرنگە، بگرە مەرجە نووسەر بیرکردنەوەی لۆژیکییانە لە بەرچاو بگرێت و خۆی لە هەڵەی لۆژیکی بپارێزێت. هەر لەوێدا ناوی کتێبەکەی (شۆپێنهاوەر)یشمان زانی. وەک گوتم هەندێک لەو فێڵانە وەردەگرم، کە ئەو ئاماژەیان پێ دەکات:

_ کشاندن (The Extension). واتە کاتێ تۆ بابەتی خۆت دەخەیتە ڕوو، دژەکەت دەیەوێت هەر یەکێ لەو بەڵگانەت بە لایەکدا ببات. بە مانایەکی دی، لقوپۆپیان لێ دەکاتەوە، بە ڕادەیەک باسە سەرەکییەکە نەمێنێت. بە دەربڕینی (شۆپێنهاوەر) بەڵگەکانت تا پشت سنووری سروشتی(beyond its natural limits)ی خۆیان دوور دەخاتەوە. ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە: (گوتم لە درامادا بریتانییەکان یەکەمین گەلن). دژەکە پەنا بۆ بەڵگەیەکی لاوەکی دەبات و دەڵێت: (وەک زانراوە لە هونەری میوزیکدا هیچ نین، هەروەها لە ئۆپێرایشدا. بە گشتی شتێکی وایان لە دەست نایەت). (شۆپێنهاوەر) دەنووسێت: (بەرپەرچی هێرشەکەیم دایەوە و گوتم میوزیک بەشێک نییە لە دراما،

کە ئەوەیان تەنیا تراجیدیا و کۆمێدیا دەگرێتەوە). واتە ویستوویەتی هەموویان تێکەڵی یەکتر بکات، بەو مەبەستەی بابەتەکە بشێوێنێت. هەتا ڕووبەری مشتومڕەکە والاتر ببێت، کاریگەریی پەلامارەکەیش زیاتر دەردەکەوێت. پتریش بابەتەکە بە لاڕێدا دەچێت.[٤]

_ تووڕەکردنی لایەنی بەرانبەر ( Make Your Opponent Angry). واتە دژەکەت تووڕە بکەیت. بە چی؟ بەوەی باسەکە بە لاڕێدا ببەیت، چونکە کاتێ تووڕە دەبێت، ناتوانێت بڕیاری دروست بدات و بەرژەوەندیی خۆی لە بیر نامێنێت. بەکورتی سەرکوت بکرێت و نەهێڵرێت دەم هەڵبهێنێتەوە.

_ بەگشتیکردنی بابەت و دواتر وەستانەوە لە دژی (Generalize the Matter, Then Argue Against it). واتە کاتێ ئەو دژەت دەزانێت تۆ داوای لێ دەکەیت لەبارەی لایەکی دیاریکراوەوە گفتوگۆ بکات و بەڵگە بهێنێتەوە، لە کاتێکدا شتی دروستی نییە بیڵێت، پەنا بۆ گشتگیری دەبات و نارەزایی دەردەبڕێت. (شۆپێنهاوەر) لێرەدا ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە. کاتێک داوا کراوە لەبارەی تیۆرییەکی

[٤] لێرەدا بە ئاگایییەوە وشـــەی (کشـــاندن)، نەوەک (فرەوانکردن)م بە کار هێناوە، چونکە لە زمانی کوردیدا ئەوەی دووەمیان مانای وشەکە دەگۆڕێت.

فیزیاییەوە قسە بکرێت، کە بۆچی باوەڕپێکراو نییە، دژەکە دەڵێت زانینی مرۆڤایەتی خۆی هەڵەی تێدایە و کۆمەڵێک نموونە دەهێنێتەوە. واتە وەک (شۆپێنهاوەر) دەڵێت مەبەستەکە وەڵامنەدانەوەی بابەتە سەرەکییەکەیە.

_ باوەڕپێهێنانی جەماوەر، نەوەک دژەکەت ( Persuade the Audience, Not The Opponent). لێرەدا پەنا بۆ ئەوە دەبررێت ڕوو لە جەماوەر بکرێت، چونکە ئەوان پسپۆڕ نین و نایزانن، لە کاتێکدا ئەوە بەرانبەرە دەیزانێت. لەمەوە جەماوەر فریو دەدرێت و دەگاتە ئەوەی ئەو بردوویەتییەوە.

_ جاڕدانی سەرکەوتن، ئەگەرچی بەزینە ( Claim Victory Despite Defeat). لێرەدا دژەکەت دوای ئەوەی وەڵامی هەندێک پرسیاری داونەتەوە و شەکەت بووە، بێ ئەوەی وەڵامەکان و ئەنجامەکان یەک بگرنەوە، تۆ جاڕی سەرکەوتن دەدەیت، لە کاتێکدا بەزیویت.

هەندێک لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند)، دروستتر هەندێک خوێنەری (بەختیار عەلی) ئەو ڕێگایانەیان بۆ بەلاڕێدابردنی بابەتەکەی (سۆران ئازاد) گرتووەتە بەر، کە کارێکی سەخت

نییە، بەڵکوو زۆر ئاسانە، بەوەی ئەوانە بەردەوام لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کار دێن.

دیارە من لێرەدا، کە باس لە هەڵەی لۆژیکی دەکەم، مەبەستم دانانی پێوەر نییە بۆ ئەوەی ئەگەر هەر بۆچوونێک لەگەڵ ئەو پێوەرەدا نەهاتەوە، پێویستە بە لاوە بنرێت، بەڵکوو مەبەستم لەو هێرشەیە، کە شوناس و تاکحەقیقەت دەکاتە پاڵپشتی خۆی و لەوێوە دەیەوێت بە ئاسانی هەموو شتێک بسڕێتەوە. (فریدریک نیتشە) لە ئەفۆریسمی (111)ی کتێبی سێیەمی (زانستی هۆژی)، کە لەژێر ناونیشانی (بنەمای لۆژیک)دا نووسیویەتی، دەپرسێت: بنەما(origin)ی لۆژیکی ناو سەری مرۆڤ چییە؟ هەر خۆیشی وەڵام دەداتەوە: ئەو بنەمایە نالۆژیک(illogical)ە، کە لەو بنەمایەدا بوارێکی فرەوانی هەیە، بەڵام بێژمار بوونەوەر بە ڕێی جیاواز لەوەی ئێمە بیر دەکەینەوە، بیریان دەکردەوە؛ لە ناو چوون. دوور نییە ئەوانە لە ئێمە ڕاستتر بووبێتن. بۆ نموونە ئەوەی نەتوانێت زۆرینەی کات شوناس (identity) بناسێتەوە لەوەی پێوەندیی بە خۆراک، یان ئاژەڵی دڕندەوە هەیە، واتە ئەوەی لە تێگەیشتن خاوە، بواری مانەوەی لە ژیان کەمترە لەوانەی لە هەر بارودۆخێکدا دەتوانن خێرا هاوشێوە (identical) هەڵبهێنن. لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵسوکەوتی باو، کە لەیەکچوو بە هاوشێوە ( similar as

identical) دادەنێت، ئاڕاستەیەکی نالۆژیکییە.[٥] واتە (نیتشە) پێی وایە بنەمای لۆژیک، نالۆژیکە و لێرەوە شتەکان هاوشێوە و لەیەکچوو نین، بەڵکوو جیاوازن، هەتا ئەگەر لە ڕووی دەرەوە ئەو هاوشێوەیی و لەیەکچوونە هەستیشیان پێ بکرێت. (بوون) خۆی لۆژیکی نییە، تا حەقیقەت بە هاوشێوەی نێوان فیکر و ئەو بوونە بزانێت، کە هەر لەم سۆنگەیەوە پێی وایە سیستەمی بەها باوەکان، لاوازە. ئەوەی لێرەدا لە دژی دەوەستێتەوە، حەقیقەتی ڕەهایە، دەنا ئەو لۆژیکەی بە ژیانەوە پێوەستە، بایەخدارە، چونکە بەردەوامی بەو ژیانە دەدات. بە مانایەکی دی، ئەو دژی هەموو یەقینێکە، بۆیە لە ئەفۆریسمی یەک لە بەشی (عەقڵ لە فەلسەفەدا)ی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)دا دەڵێت: نا بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە هەست هەیە، چونکە هەست خەڵتانی هەڵەی لۆژیکییە. هەست ناڕەوشتییە. فریومان دەدات و لە دنیای ڕاستینەمان دادەبڕێت، بۆیە پێویستە لە وەهمی هەست خۆمان ڕزگار بکەین.[٦] کەواتە لەبەرچاوگرتنی لۆژیک لای ئەو بریتییە لە ڕزگاربوون لە وەهمی یەقین و

[5] Nietzsche, Friedrich, The Gay Science, Edited by Bernard Wiliams. Translated by Josefine Nauckhoff. Cambridge Cambridge University Press, 2001, p.112

[6] Nietzsche, Friedrich, Afgudernes ragnarok, eller Hvordan man filosoferer med hammeren, Jens Erik Kristensen og Lars-Henrik Schmidt, Gyldendal, 2014, S.36

شوناس، دەنا هەر لۆژیکێکی دیکە، هەڵەی لۆژیکییە، کاتێ حەقیقەت دەکاتە سەرچاوەی دەربڕینی خۆی.

لۆژیک لای (مارتین هایدیگەر)یش بەر ڕەخنەی توند دەکەوێت، بەوەی کاتێ خەسڵەتی بنەڕەتیی لۆژیک، حەقیقەتە، ئەوە لۆژیک دەبێتە مێتافیزیکا، واتە مێتافیزیکای هەبوون، چونکە کاتێ حەقیقەت ماهیەتی خۆی لە حوکم وەردەگرێت، ئەوە جگە لە هێنانەبەرچاوێکی خودییانەی کەسەکە، هیچی دیکە نییە، کە حوکمەکە دەردەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هێنانەبەرچاو هەمیشە بە شتێک، یان بابەتێکەوە پێوەستە. بە مانایەکی دی، بە هەبوونەوە بەندە. لەمەوە حەقیقەت بە شوناسەوە دەلکێت، کە دەکەوێتە نێوان شت و ئەو بیرۆکەیەی لە بارەیەوە هەمانە.[٧] واتە وەک لە کتێبی (بوون و کات)دا دەڵێت حەقیقەت لە زمانی ئەمڕۆماندا وەک هاوواتای حوکم(judgment)ی لێ هاتووە[٨]. ڕەخنە لە شوناس خاڵی هاوبەشی سەرجەم فیلۆسۆفانی جیاوازییە.[٩]

---

[٧] ســــلیمان، جمال محمد أحمد (د)، مارتن هیدجر، الوجود والموجود، دار التنویر، للطباعة والنشر، والتوزیع، الطبعة الاولی، ٢٠٠٩، ص٢٩

[8] HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001, P.57

[٩] بڕوانە: ڕۆمـان لە تـاکـدەنگەوە بۆ فرەدەنـگ، گفتوگۆ لەگەڵ کـاروان عومەر کاکەسووردا، سازدانی: شاخەوان سدیق، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٢١

ئێمە جارێکی دیکە بۆ هەڵەی نالۆژیکی دەگەڕێینەوە و هەر لێرەوە ڕووبەڕووی هەندێک لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند) دەبینەوە، کە لە ڕێی حەقیقەت و شوناسەوە لە بەرهەمەکەی (ئازاد)یان ڕوانیوە. بە دەربڕینی (هایدیگەر) لەسەر یەقیندا حوکمیان هەڵچنیوە.

هێرشیان کردووەتە سەر کەسێتیی ئەو، گۆیە هیچ نازانێت، هەر لە خۆیەوە شتی نووسیوە، گرێی ناوچەگەریی هەیە، بۆیان نووسیوە، هیچ نووسینێکی (بەختیار عەلی)ی نەخوێندووەتەوە، پێی خۆش بێت، یان ناخۆش، هەندێک نووسەری (ڕەهەند) چوونەتە مێژووەوە و شتی لەم بابەتە. واتە بەبێ ئەوەی یەک بڕگە لە نووسینەکەی وەربگرن و لێی بکۆڵنەوە، بەوانە گەیشتوون. ئەوە پێی دەگوترێت (هەڵەی بازدان بۆ ئەنجام: The fallacy of jumping to conclusions). بەکورتی مەبەست لەوانەیە واز لە لێکۆڵینەوە دەهێنن و دەیانەوێت بگەنە ئەو ئەنجامەی، خۆیان پێشتر دیارییان کردووە، لە کاتێکدا هەر شتێک لەسەر هەڵەی لۆژیکی دابمەزرێت، زانینێکی ڕووکەشە و تەنیا هەڵەی دیکەی لۆژیکیی لێ دەکەوێتەوە. دانانی یەک هۆکاریش بۆ شت، پێی دەگوترێت: ( The fallacy of the single cause) و مانای هەڵەی تاکەهۆکارە. هەر ئەو هۆکارە هەیە، کە ئەو بەبێ هیچ خۆماندووکردنێک دایناوە.

بابەتەکەی (ئازاد) بە گشتی لەبارەی نووسەرانی (ڕەهەند)ـەوەیە، کە ناکرێت لە تەوەرەیەکی وادا هەموو بەرهەمەکانیان بە سەر بکاتەوە، کەچی ئەوان دێن بەوە تۆمەتباری دەکەن، گۆیە ئەوە سڕینەوەی سەرجەم بەرهەمەکانیانە، بە تایبەتی هیی (بەختیار عەلی). دیارە دەکرێت لە ڕێی یەک گوتارەوە بە گشتی ئاستی زمان و تێگەیشتنی هەر نووسەرێک بخوێنیتەوە، بەڵام (ئازاد) نەهاتووە لەبارەی هەموو بەرهەمەکانیانەوە بدوێت، کە ئەوان ئەو تۆمەتەی دەخەنە پاڵ. ئەمەیش هەڵەیەکی دیکەی لۆژیکییە و بە (داوەڵ: Strawman) ناسراوە. واتە خۆی شتێکت بۆ هەڵدەبەستێت و هیی دیکەی لەسەر هەڵدەچنێت. بۆ نموونە (ئەلف) دەڵێت پێم خۆشە لە شوێنێ دابنیشم، تیشکی خۆری بگاتێ، چونکە ڤیتامین دیم پێویستە. (بێ) دەڵێت هەر ئەو تیشکی خۆرەیە هۆکاری نەخۆشیی شێرپەنجە. تۆ نەخۆشی بڵاو دەکەیتەوە و زیان بە مرۆڤایەتی دەگەیەنیت. یەکێ لە هەڵە لۆژیکییەکانی هەندێک لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند)، ئەوەیە، کە بە (ئازاد) دەڵێن تۆ خۆیشت ئاوا و ئاوایت. ئەوەیان بە (هەڵەی خۆیشت هەر وایت: You too fallacy) ناسراوە و لاتینییەکەیشی بە کار دێت (Tu quoque fallacy). گریمان ڕاستە و ئەوانەی (ئازاد) ڕەخنەی لێ گرتوون، لە خۆیشیدا هەن، بەڵام ئەوە هیچ لەو بابەتە دەگۆڕێت، کە ڕەخنەی لێ

گیراوە؟ خاڵی هاوبەشی کۆمێنتەکان، گاڵتەکردنە بە نووسەر، گۆیە کەمزانە و هیی ئەوە نییە بنووسێت، کە ئەوەیان بە هەڵەی (گاڵتەپێکردن: Appeal to ridicule) ناو نراوە. ئایا پەرەگرافێکتان لێ وەرگرت، تا قسەی لێوە بکەن؟ زۆرینەی کۆمێنتەکان توندوتیژ و هەڕەشەئامێزن، کە ئەوە هەڵەی (پەنابردن بۆ تۆقاندن: Appeal to fear)ە. تۆ هیچ نازانیت. تۆ کێیت لەبارەی (ڕەهەند)ەوە بنووسیت و هیی دیکەی لەم شێوەیەت بەر چاو دەکەون. گریمان (ئازاد) ترسا و ددانی بەوەدا نا هەڵەیە، ئایا هیچ شتێک لە بەڵگەکانی دەگۆڕێن؟ ئەوە لەو هەڵە لۆژیکییەوە نزیکە، کە بە (پەنابردنە بەر دەستەڵات: Appeal to authority) ناسراوە. واتە پێت دەڵێن تۆیەکی بێئاگای نەشارەزا چی لەبارەی ئەو چەمکانەوە دەزانیت؟ ئەوە کاری شارەزایانە، لە کاتێکدا هەڵەیە و مەرج نییە ئەوانەی پسپۆڕ نین، هەمیشە بۆچوونی هەڵە دەرببڕن. کێ دەڵێت ئەوانەی وا خۆیان بە پسپۆڕ پێ ناساندووین، پسپۆڕن؟ کێ دەڵێت پسپۆڕ هەڵە ناکات؟ گوتوویانە (ڕەهەند)، بە تایبەتی (بەختیار عەلی) ژمارەیەکی زۆر کتێبی هەن، تۆ چۆن ڕەخنەی لێ دەگریت؟ ئەوان وا خۆیان پێشان دەدەن دژی ئەوەن بیرمەندێکی مەزنی وەک (عەلی) لە گوتارێکی کورتی وادا ڕەخنەی لێ بگیرێت، چونکێ کتێبی زۆری چاپ کردوون، بەڵام ئایا کێشەیان لەگەڵ ئەوەدا هەیە، ئەگەر ئەو

خۆی (کارل مارکس) بە حەوت هەشت وشە بسڕێتەوە؟ ئەگەر مرۆڤ بە (عەلی)دا هەڵبڵێت، هەتا ئەگەر یەک گوتاری ئەویشی نەخوێندبێتەوە، کێشە نییە و کەس لێی ناپرسێت بۆچی ئەوانەی نووسیون، بەڵام کاتێ نووسەرێکی وەک (ئازاد) بیەوێت بۆچوونی جیاواز دەرببڕێت، پێویستە هەموو کتێبەکانی خوێندبێتنەوە، بگرە لەسەریەتی پێشانی بدات خوێندوونیەتیەوە. ئایا زۆریی ژمارەی کتێب، مەرجە هەر نیشانەی داهێنان بێت؟ ئایا ئەو کتێبانە پشکنینیان بۆ کراون و بە چاوی ڕەخنە خوێنراونەتەوە؟ ئایا تا ئەم ساتەیش ڕەخنەی ئێمە خۆی بەوەوە خەریک کردووە، ئەو چەمکانە بۆ کۆنتێکستی خۆیان بگەڕێنێتەوە و جینالۆجیایان بۆ بکات، بەو مەبەستەی لەوێوە ئەنجامی جیاواز لەوەی هەیە، بە دەست بهێنێت؟ من خۆم پێم وایە خوێنەری ڕەخنەدۆز بۆ ئەوەی بزانێت (بەختیار عەلی) لە چ ئاستێکدا بیر دەکاتەوە، پێویستە گوتارێکی لەبارەی زمان و گفتوگۆیەکی لەبارەی ڕۆمانەوە بخوێنێتەوە، کە ئەودەم دەکرێت بە تایبەت بۆ کتێبەکانیشی بگەڕێتەوە. ڕەنگە پێویستیش نەکات بۆیان بگەڕێتەوە.[10]

[10] ئەوە من خۆم لێرەوە داوا دەکەم ئەگەر چ (بەختیـار عەلی) خۆی و چ نووسەرانی دیکە، بگرە خوێنەرانیش، پێیان خۆشە لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەین، با ئاگادارم بکەنەوە. ئەم بەرهەمەم و ئەوانەی پێشووم پێتان دەڵێن گفتوگۆ لای—>

—> من چ مانایەکی هەیە. ڕوانینمان بۆ زمان، ئەوە دەردەخات ئێمە چۆن لەو چەمکانە گەیشتووین. (لودڤیچ ڤیتگینشتاین) پێی وایە هەموو هەڵە فیکرییەکان لە بنەڕەتدا هەڵەی زمانن... باوەڕی وایە ئەرکی فیلۆسۆف کۆتاییی نایەت، بەڵکوو ئەرکەکەی بە نوێبوونەوەی زمان نوێ دەبێتەوە. کاری فیلۆسۆف وەک ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەرە، کە سەرەتای دەبینین و کۆتاییمان لێ دیار نییە. (فتغنشتاين، لودفيک، تحقيقات فلسفية، ترجمة و تقديم و تعليق: د. عبد الرزاق بنور، إعداد المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت،٢٠٠٧، ص٤٠و٤١). هەندێک لەو خوێنەرانەی ئێرە پێیان وایە گرفتی (بەختیار عەلی) تەنیا ڕێنووسە، لە کاتێکدا کێشە بنەڕەتییەکە پێوەندیی بە ڕوانینی ئەوەوە هەیە بۆ لینگویستیک، کە ئەوەیان لەناو فەلسەفەدا چاوی هەڵهێناوە، بگرە خودی فەلسەفە لە پێناوی لینگویستیکدا هاتووەتە بوون. پرسیاری زمان یەخەی سەرجەم فیلۆسۆف و بیرمەندانی گرتووە، کە هەر یەکەی ویستوویەتی بە شێوازی خۆی وەڵامی بداتەوە، لە کاتێکدا (بەختیار عەلی) ئەوەی بە شتێکی گەوهەری نەزانیوە، بێ ئەوەی بڵێت بۆچی. لە ڕێنووسدا کورتی کردووەتەوە و بە ئاسانی بە لاوەی ناوە. بیرمەندانی دیکە ڕێی تریان گرتووە. ئەوەتە (هابرماس) بۆ دامەزراندنی تیۆریی کۆمینیکەیشن، جەخت لەسەر بایەخی زمان دەکاتەوە، بەو مەبەستەی لە ڕێیەوە عەقلانیەتی پێوەندیگەر (communicative rationality) دابمەزرێنێت، کە لەم ڕووەوە پەنا بۆ زمانناسانی وەک (جۆرج هێربێرت مید)، (جۆن سورێل)، (جۆن ئۆستین)، (ڤیتگنشتاین)، (ژان پیاجە)، (نائۆم چۆمسکی) و ئەوانی دیکە دەبات، بگرە پایەی زمان هێندەی پایەی کار لای (کارل مارکس) بەرز دەکاتەوە، بەوەی زمان توانیویەتی ببێتە پاڵپشتی مرۆڤ، تا ئاستی سروشت تێبپەڕێنێت. پێی وایە لە ڕێی زمانەوە خودی مۆدێرنیتی ڕزگار دەکرێت، کە هەر ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەدۆزانی پۆستمۆدێرن دەورووژێنێت، بەوەی ئەوان بە گشتی تێگەیشتنی دیکەیان بۆ چەمکی زمان هەیە. بۆ نموونە (دێریدا) پێچەوانەی (هابرماس) و هەموو ئەوانەی پێشوو، کە دەنگ، یاخود قسە دەخەنە سەرووی نووسینەوە، ئەو لە ڕێی هێزی نووسینەوە بەگژ سێنترالیزمی دەنگدا دەچێتەوە. پێی وایە چەمکی نووسین تێپەڕاندنی چەمکی زمانە و لە ناخی خۆیشیدا هەڵیدەگرێت، کە ئەمە بێگومان ئەوە دەسەپێنێت پێناسەی نووسین و زمان پێکەوە بکەین. ئینجا ئەگەر زمان بە هەموو کردار، جووڵە، فیکر، بیرکردنەوە، ئاگایی، نائاگایی، ئەزموون، سۆز —>

<—— و هیی دیکەبگوترێت، ئەوا ئێمە ئەمڕۆ پەرۆشـــانە ڕووبەڕووی ئەوە دەبینە ناوی نووسین لە تێکڕای ئەوانە بنێین. (فرانسوا لیوتار) ئەو بیرۆکەیەی مۆدێرنیتە دەداتە دواوە، گۆیە زمان دەتوانێت وێنەی تەواوی واقیع و حەقیقەتی بابەتیمان پێ بدات، مادام ئەوانە بۆ بێژمار ئاماژە و ئاڕاســـتە گۆڕاون، کە دەکرێت تەنیا لە ڕێی ماناوە هەڵســـوکەوتیان لەگەڵدا بکەین، کە ئەویش وەک (ڤیتگنشـــتاین) پێ لەســـەر گەمەی زمان دادەگرێت. ئەوەی (هابرماس) بە ڕێککەوتنی دەزانێت، گۆیە خودە ژیرەکان لە ڕێی زمانەوە ڕێک دەکەون، ئەو پێی وایە هیچ داهێنانێک لێرەوە نایەتە دی، بەڵکوو زمان لە دابەشـــکاریدا دەتوانێت جیاوازی بهێنێت، بۆیە تیۆرییەکەی ئەو وا دەبینێـت، کە دەچێتە چوارچێوەی (چەمکە زەبەلاحەکـان: Master Narrative)ـەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات حەقیقەتی هەموو شتەکانی لایە. (لیوتار) پێی وایە خاوەنی خەسڵەتی سەرکوتگەرانەیە. {بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەو چەمکە بڕوانە (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)}. مێژووی لینگویســـتێک کۆمەڵێک پرســـیاری گەوهەریی ورووژاندوون، وەک: پێوەندیی زمان بە فیکرەوە، پێوەندیی زمان بە هێزەوە، وەک ئەوەی (مارکس)، (ماکس ڤیبەر)، (فۆکۆ) و ئەوانی دی بە شـــێوازی خۆیان جەختی لەســـەر دەکەنەوە. هەروەها ئایا دەنگ گرنگە و نووســـین بایەخی نییە وەک (ســـۆکرات) و (پلاتۆ) پێیان وایە، یان (نووســـین) دەکەوێتە سەرووی هەموو شتێکەوە، وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت؟ ئەمانە و زۆری دی دێنە بەر دەممان، کاتێ خۆمان لە چەمکی زمان دەدەین، بەڵام لەوە ئاســـانتر نییە بڵێیت زمان گرنگ نییە، بێ ئەوەی بە چەند وشـــەیەک پێمان بڵێیت بۆچی. ئەوانەم هەر بە نموونە هێنـانەوە، دەنـا چەمکی زمـان خـاڵی گەوهەریی هەموو ئاڕاسـتە فەلسـەفییەکانە. ئینجا گفتوگۆیەکی (بەختیار عەلی)ی ڕۆماننووس بە تەنیا بەسـە، تا بزانیت چۆن لە ڕۆمان گەیشـتووە و چۆن ڕۆمان دەنووسـێت. ڕۆماننووســـی داهێنەر لە گفتوگۆدا جنێوی وەک نەخوێندەوار و گەمژە خوێنەر دەدات و دەنووسێت ئەدەب بەرنامەی هەڵبژاردن نییە؟ خوێنەرێک بە خوێندنەوەی ئەو گفتوگۆیە تووشـی شـۆک هاتووە و سـکرینشـوتەکەی لە ڕێی ڤایبەرەوە بۆ ناردووم، کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری (وانەر)دا بڵاو کراوەتەوە. خوێنەرێک (مێشێل بیۆتۆر)، (ژۆلیـا کریســـتیڤـا)، (بـارت)، (جیرار جینێـت)، (تزڤیتـان تۆدۆرۆڤ)، (ئومبۆرتۆ ئیکۆ)، (مێلان کۆندێرا) و ئەوانەی دیکەی خوێندبێتنەوە و ڕســـتەیەکی وای بەر چاو بکەوێت، چی دەڵێت؟ ئەوە پێشنیازی خۆمم کرد. ئەوەی——>

هەر لای بەشێک لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند) هەڵەی لۆژیکیی (تەنیا ئەو نا: special pleading) دەدۆزینەوە. واتە یاسایەک هەیە و بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەبێت، جگە لە یەکێ، بێ ئەوەی بەڵگەیەک بێننەوە، کە ئەو کەسە لەبەر

---

<-- ئامادەی گفتوگۆیە، با ئاگادارم بکاتەوە، دەنا هەر شـــێوازێکی تری جنێو و ســـووکایەتی لای من بایەخی نییە. ئەوە شـــێوازی ڕووبەڕووبوونەوەمە. ئەو خوێنەرانە گلەیی لە (ئازاد) دەکەن، گۆیە لەبارەی گفتوگۆی (عەلی)یەوە قســـەی کردووە و بە لای کتێبەکانیدا نەچووە، کە ئەوە دابەشـــکردنی زمانە و بینینیەتی وەک شــت، لە کاتێکدا زمان بێســنوورە. ئەو ڕوانینە تێکســت دەکاتە ڕووبەرێکی فیزیکیی سـنووردار، بە مەرجێ تێکسـت لە ئاسـتی ئاماژەدا فرەئاڕاسـتەیە. فیکری هەر یەکێکمان لە هەر کات و لە هەر شوێنێکدا سەرجەم ڕوانینمان دەردەخات. بۆ نموونە گوتارێکی (جیل دولووز) هەموو فیکری ئەومان پێ دەڵێت. ئەوانەی تری، بە کتێبەکانیشـــیەوە، لە چاو ئەو گوتارەیدا وردەکاریی فیکری ئەون. (کلود لیڤی شـــتراوس) لە گفتوگۆدا هەر ئەوانەی گوتوون، کە لە بەرهەمەکانیدا گوتوونی، بەڵام ئەو گفتوگۆیە وردەکـاریی دیکەی فیکری ئەو لە خۆی دەگرێـت. بەڵێ، هەندێک نووسەر بە تێپەڕینی کات ڕوانینیان بۆ چەمکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، کە دەشـــێ پتر گەشـــە بکەن و هەر بە ئێڵەمێنتەکانی ناوەوەی خۆیشـــان گەشـــە دەکەن، کاتێ زیاتر توانای دایەلۆگ بە دەست دێنن. بۆ نموونە بەرهەمە زووەکانی (مارکس) و (نیتشـــە) لەوانەی درەنگتریان جیاوازن. (دلاوەر ڕەحیمی) لە ماڵپەڕی (ژنەفتن)دا تەوەرەیەکی بۆ چەمکی ڕەخنە کردووەتەوە و (بەختیـار عەلی) تێیـدا بەشـــدارە. بە بڕوای من ئەو گوتارە بە تەنیا دەتوانێت پێمان بڵێت ئەو چۆن لەو چەمکانە گەیشـــتووە، کە تا ئەمڕۆ ناوی هێناون، چونکە ڕەخنە هاوواتای زمانە و هەموو ئەو چەمکـانە دەگرێتەوە. کـاتێ دەگوترێـت ڕەخنە و زمـان هـاوواتـان، مەبەســـتمان لەوەیە ڕەخنە ڕووی لە ڕاڤەی بێســـنوورە. منیش بەشـــداریم لەو تەوەرەیەدا کردووە و بە شێوازی خۆم ڕووبەڕووی بوومەتەوە. بڕوانە

<u>(jineftin.krd) لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە) – ژنەفتن</u>

چی جودایە. (دەروێشێک: هەموو ئەوانەی پارە کۆ دەکەنەوە، زاڵمن. کەسێک: شێخی تۆیش؟ دەروێش: نا، جگە لەو. کەسەکە: بۆچی؟ دەروێش: چونکە شێخی منە). بەشێک لە جەماوەرەکەی (عەلی)، بە هەندێک لەم خوێنەرانەی ئێرەیشەوە وا لێی دەڕوانن، کە ئەو تایبەتە و لە ڕەخنە بە دەرە. بۆچی؟ هۆکارەکەیت پێ ناڵێن، یان ڕەنگە هەبێت بڵێت چونکە نووسەری دڵخوازمە.[١١] گوتراوە ئەو کاتەی (عەلی) لە شارەکەی مندا بەشداریی خۆپیشاندانی کردووە و بریندار بووە، من هەر نەموێراوە لێیشی بڕوانم. واتە خۆم شاردووەتەوە. ئەو هەڵە لۆژیکییە بە ( False attribution) ناسراوە. واتە گوتەیەک، یان کارێک دەدرێتە پاڵ کەسێکەوە، یان گرووپێکەوە، بێ ئەوەی ئەو گوتەیە، یان ئەو کارە بنەمای هەبێت. با وای دابنێین ئەوانە ڤیدیۆیەکی بەهاری (١٩٨٢)یان لایە، کە تێیدا (بەختیار عەلی) لە خۆپیشاندانەدا بریندار دەکرێت و من ناوێرم لێی بڕوانم،

[١١] هەر کاتێ چەمکی (جەماوەر)، یان (خەڵک) بە کار دێنم، ئەوە مەبەسـتم نییە بیانخەمە ناو چوارچێوەی کۆنکریتییەوە، بەڵکوو لە شـێوەی دۆخدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم، بەو مانایەی جەماوەربوون لێرەدا ئاسـتێکی تێگەیشـتنە، کە چەقی بەستووە و لە ڕێی ڕەخنەوە هەوڵی کردنەوەی دەدرێت. ئەوانە دۆخی کاتین و لە گۆڕانی بەردەوامدان. باوەڕم بە دوالیزمی دەسـتەبژێر (ئیلێت) و جەماوەر نییە، بگرە هەم لەم نووسـینەم و هەم لەوانەی پێشـوویشـمدا بەردەوام شـەڕم لە دژدا کردووە. هیچ بەڵگەیەک نییە پێمان بڵێت ئەو خوێنەرانەی کۆمێنتیان بۆ گوتاری (ئازاد) نووسیوە، ئەمڕۆیش هەمان ئەوانەی ئەو ڕۆژەن.

بەڵام ئایا ناکرێت ئەو کەسە من نەبم، بەڵکوو بە هەڵە ڤیدیۆکە گیرابێت؟ کێ ناڵێت ئەو ڤیدیۆیە دروستکراوە؟ ئەودەم من لە پۆلی چوارەمی ئامادەییم. لەبارەی ئەو خۆپیشاندانانەوە هاوڕێی منداڵیم (د. شوان سلێمان) لەژێر ناونیشانی (چۆن بۆ ڕزگاری دەگەڕێمەوە؟)دا گفتوگۆیەکی لەگەڵدا کردووم و هەوڵم داوە بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە.[١٢]

یەکێ لەوانەی خۆپیشاندانەکەیان ڕێک خستووە، هاوڕێیەکی نزیکمە، کە قوتابییە لە زانکۆی سەلاحەدیندا. هەر زوو من و هاوڕێکانم لەو ڕووداوە ئاگادار دەکاتەوە، بۆیە ئێمەیش دەمودەست لە (ئامادەیی ڕزگاری)دا خۆپیشاندان دەکەین. ئەو هاوڕێیەمان هەر ئەودەم زانکۆ جێ دەهێڵێت و دەچێتە ئەڵمانیا، چونکە هەوڵی گرتنیان داوە.[١٣]

---

[١٢] <u>چۆن بۆ ڕزگاری دەگەڕێمەوە؟ گفتوگۆ لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور لەبارەی (ئامادەیی ڕزگاری)یەوە ... سازدانی: د. شوان سلێمانDengekan –</u>

[١٣] هەندێک وا دەزانن یەکەم خۆپیشاندان لە دوای پەیمانی جەزائیر (١٩٧٥) لە هەولێر کرابێت، ئەوەی زانکۆی سەلاحەدینە، بەڵام ڕاستییەکەی لە تشرینی یەکەمی(١٩٧٧)دا، کاتێ خوێندن لە کوردییەوە دەکرێتە عەرەبی، قوتابییانی (ناوەندیی سەیداوە) ڕادەپەڕن. (ئیدریس پیرداوود)ی شێوەکار، کە دواتر لە شەڕی کوردکوژی لە شاخدا تیرۆر کرا، بە هوتافی (بڕووخێ بەعس و بژی کوردستان) دەستی پێ کرد. ژمارەیەکی زۆرمان ئەو ڕۆژە نەچووینە پۆلەکانی خوێندن. ڕاستە زوو دامرکایەوە، بەڵام دەنگی دایەوە.

گریمان قسەی ئەوانە ڕاستە و من نەموێراوە بڕوانمە (بەختیار عەلی)، کاتێ بریندار کراوە، بەڵکوو بۆماڵەوە ڕام کردووە. ئایا مەرجە هەر کەسێ ڕا بکات، ترسنۆک بێت؟ ئەو تێگەیشتنە هیی کۆمەڵگەیە و بە زەقی لە هەندێک بەرهەمی (عەلی)دا بەر چاو دەکەوێت، کە بۆ ئەوەی شتێک جوان پێشان بدرێت، پێویستە هاوکات لە بەرانبەریدا شتێک جوان بکرێت. ئەوە ڕوانینی باوی کۆمەڵگەیە. سەیر نییە، ئەگەر بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ بەشێکی خوێنەرەکانیشی پەڕیبێتەوە. (نیتشە) لە ئەفۆریسمی پێنجی کتێبی یەکەمی (مرۆڤی قاڵبوو لە مرۆڤایەتیدا: Human, All Too Human)، لەژێر ناونیشانی (خراپتێگەیشتنی خەون)دا دەنووسێت: (مرۆڤی شارستانیەتە سەرەتاییە زبرەکان وای دەزانی لە خەوندا دنیای دووەمی ڕاستی دەدۆزێتەوە. ڕێک ئێرە بنکەی سەرجەم مێتافیزیکایە. بەبێ خەون نەدەکرا مرۆڤ پاساو بۆ دابەشکردنی جیهان بدۆزێتەوە. جوداکردنەوەی ڕۆح و جەستەیش هەر پێوەندیی بەم ڕاڤە کۆنەی خەونەوە هەیە).[١٤]

ئەو پرۆسێسی جوداکردنەوەیە دەیەوێت هەموو شتێک ئاسان بکاتەوە و بە خێرایی بە ئەنجامێک بگات، کە پێشتر

[14] Nietzsche, Friedrich, Human, All Too Human, Part I, translation of Helen Zimmern with an introduction by J. M. Kennedy, T.N. Foulis (13 & 15 Frederick Street, Edinburgh and London 1910, P.17-18

لای جەماوەر زانراوە. بۆ ئەوەی بە ڕووناکاییدا هەڵبڵێت، پێویستە هاوکات پێشانی بدات تاریکایی قێزەونە. ڕوانینی بۆ فریشتە و ڕەنگی سپی هەمان ئەو ڕوانینە میللییەیە، کە لەگەڵ شیری دایکانمان پێی ئاشنا بووین. هەر لە ڕێی حیکایەتەکانەوە فێری ئەوە کراوین فریشتە پاک و ئیبلیس چەپەڵە، سپی جوان و ڕەش ناشیرینە. پێشتر لەوە دواوم و دواتریش بۆی دەگەڕێمەوە. لە نامیلکەی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا نووسیومە: (من دژی تاریکاییی دەستکرد و ڕووناکاییی دەستکردم، کاتێ نیازی دەستکرد هەڵیاندەسووڕێنێت، دەنا هەم تاریکاییی سروشتی و هەم ڕووناکاییی سروشتیم لا جوانە. بێنە بەر چاوت ئێمە لەناو تاریکاییی سروشتیی دەشتێکدا خۆمان لە سوپایەک شاردووەتەوە و ئەو سوپایە بە هۆی چراوە دەیەوێت بماندۆزێتەوە. ئایا کامیان جوانە و بەهای ژیانە؟ ڕووناکاییە دەستکردەکە، یان تاریکاییە سروشتییەکە؟ لە نیوەڕۆیەکدا لە هەمان دەشتدا پیاسە دەکەین و لە ناکاو هەمان سوپا بە دووکەڵ ئاسمان دادەپۆشێت. ئایا ئەو تاریکاییە دەستکردە هەمان تاریکاییە سروشتییەکەی پێشووە؟ ئایا سەیر نییە تا ئەمڕۆیش ڕۆماننووسە دیارەکانت خەریکی دابەشکاری بن و هێرش بکەنە سەر تاریکاییی سروشتی، یان ڕەنگی ڕەشی سروشتی؟ ئایا ئەوەی لەم نێوەدا زەقی دەکەنەوە، ڕووناکاییی دەستکرد و

ڕەنگی سپیی دەستکرد نییە؟ کاتێ لە پشت ئامێری دەستکردا نیازی تاکدەنگ هەیە، بەهای مەرگ بەسەر بەهای ژیاندا زاڵە. بەگشتی لە ڕۆمانی جەماوەریدا تەنیا یەک دەنگ بەرز دەبێتەوە، کە دەنگی نووسەرە و ئەوەی هەڵیدەسووڕێنێت، دوالیزمە)[١٥].

دەکرێت دەیان لایەنی دیکەی ترس بدۆزینەوە. ڕاستییەکەیشی لە بەرهەمەکانمدا هەر وام کردووە. ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)م نموونەیەکی دیارە.

لە ئاستی میللیدا هەردوو چەمکی (ترس: fear) و (دڵەڕاوکێ: anxiety) وەک یەک سەیر دەکرێن و هاوواتان، بەڵام لە فەلسەفە، بە تایبەتی لە ئێکزیستێنشەلیزمدا ئەوانە جیاوازن، کە یەکەمیان بابەتێکی دیاریکراو پێکی هێناوە، لە کاتێکدا دووەمیان بۆ هیچ بابەتێک ئاڕاستە نییە، بەڵکوو ڕووی لە نەزانراوە. کاتێ بابەتە دیاریکراوەکە نامێنێت، یان دوور دەخرێتەوە، ترسەکەیش دەڕەوێتەوە. لە (سۆرێن کیەرکەگۆرد)ـەوە تا (هایدیگەر) و لەوێوە تا (سیمۆن دی بۆڤار)، (سارتەر) و ئەوانەی دیکە بە لێکدانەوەی ئەو بابەتەوە خەریکن، لە کاتێکدا نووسەری میللی و خوێنەری میللی یادەوەریی خۆیان دەخەنە گەڕ و بە ئاسانی یەکلای

[١٥] ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆ لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، سازدانی: شاخەوان سدیق، چاپی یەکەم، سلێمانی،٢٠٢١

دەکەنەوە. (هایدیگەر) پێی وایە تۆقین (dread) نابێتە هۆی دڵەڕاوکێیەکی ڕێکخراو، کە سەرچاوەکەی ترس (fearfulness)ە و بە ئاسانی تێماندا دەردەکەوێت. ترس هەر لە بنەڕەتەوە لە دڵەڕاوکێ جیاوازە. ئێمە لەم شت و لەو جۆرە بوونەوەرە دەترسین، کە سنووریێکیان هەیە، بەڵام دڵەڕاوکێ بێسنوورە. ئەوەی پێکی هێناوە، (بوون)ی ئەو تاکەیە لە گەردووندا.[١٦] ڕاستییەکەی ئێمە لە ڕێی دڵەڕاوکێوە ڕووبەڕووی مەرگ دەبینەوە.[١٧] لەم ڕووەوە (مۆریس بلانشۆ: Maurice Blanchot) پێی وایە دەکرێت بوون و کات وا بخوێنینەوە بریتین لە ئارەزووی گۆڕینی ترس لە مەرگەوە بۆ خولیا.[١٨]

کرداری خۆشاردنەوە وەک کرداری شکاندن لەلایەن فیلەکەی دووکانی شووشەوات، پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە. ئایا مەرجە خۆشاردنەوە هەمیشە مانای ترسنۆکی بێت؟ ئایا ئەوەی لە خۆپێشانداندا گوللەی بەر دەکەوێت، مەرجە ئازا بێت؟ ناکرێت لەو کاتەدا ویستبێتی هەڵبێت و لێیان دابێت؟ مەبەستم لە (بەختیار عەلی) نییە و ئەو هەڵوێستەی بەرز دەنرخێنم، بەڵام دەمەوێت لەبارەی

---

[16] Heidegger What Is Metaphysics Translation GROTH (wagner.edu)

[17] Alweiss, Lilian – Heidegger On Time.pdf (naturalthinker.net)

[١٨] هەمان سەرچاوە.

بابەتەکەوە بپرسم. خۆپێشاندان لە زانکۆدا کرا و من لە چواری ئامادەیی بووم. چۆن بەشداریی تێدا بکەم؟ ئایا لە ڕۆماننووسێکی وەک (بەختیار عەلی) فێری ئەوە نەبوویت پێوەندیی کارەکتەر بە ڕەگەزەکانی کات و شوێنەوە چۆنە؟ لێرەدا ئەو خوێنەرە هەڵەیەکی دیکەی لۆژیکیی کردووە، کە بە (جەختکردنەوەی لایەنگرانە: confirmation bias) ناسراوە. واتە ئەو هەر لە بنەڕەتەوە، بەبێ هیچ لێکدانەوەیەک (بەختیار عەلی)ی بە ئازا و منی بە ترسنۆک زانیوە، لە کاتێکدا وەک گوتم دەکرێت ترس بێژمار مانای هەبن. هاوکاتی سڕینەوەی هەر دەنگێک، حەقیقەتێک زەق دەکرێتەوە و دەستی پێوە دەگیرێت، بگرە خودی دەنگەکە بەو حەقیقەتە دەسڕێتەوە، کە لەبەر ئەوەیە نووسینی داهێنەرانە پێوەر و قاڵبەکان تێک دەشکێنێت. بە مانایەکی تر، حەقیقەت سەرچاوەی پێوەر و قاڵبەکانە، بۆیە پێوەر لە پێناوی هێشتنەوەی ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی سنووردار و سڕینەوەی سەرجەم ئاڕاستەکانی دیکەدا بە کار دەهێنرێت. لە نووسینی داهێنەرانەدا هیچ دەنگێک ناسڕێتەوە، بەڵام هەر دەنگێک بە حەقیقەتێکی دیاریکراوەوە بلکێت و لە پێناو ئەو حەقیقەتەدا دروست بووبێت، لەگەڵ نەمانی حەقیقەتەکەدا، خۆی خۆی دەسڕێتەوە. ئەو نووسینانەی بۆ حەقیقەت نووسراون، واتە ئەوانەی لە ڕێی دوالیزمەکانەوە

هاتوون، فاکتەر دروستی کردوون. هەر هێندە فاکتەرەکان نەمان، ئەوانیش دەسڕێنەوە.
وەک گوترا چەمکەکان کاتێ لە ئاستی شتەوە بۆ ئاستی ئاماژە، یان بە مانایەکی دیکە لە ئاستی میللییەوە بۆ ئاستی فەلسەفە دەگۆڕێن، مانای دیکە بە خۆیانەوە دەگرن. بۆ نموونە (خەم) لای (شۆپێنهاوەر) و (نیتشە) ئەو مانایەی نامێنێت، کە پێشتر هەیبووە. نووسەری شەیدای وەسف هەمیشە لای (چاکە)یە، چونکە زۆرینە (چاکە)ی پەسەند کردووە و ماناکانی دەرکەوتوون، پێچەوانەی (خراپە)، کە بە لاوە نراوە و ماناکانی شاراوەن. ئەوەتە (جۆرج باتای)ی فیلۆسۆفی فرانسی لە کتێبی (ئەدەب و خراپە)، یان (ئەدەب و شەڕ)دا بۆ ئەو نووسەرانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگەی (خراپە)وە داهێنانیان کردووە. (ئیمیلی برۆنتێ)، (بۆدلێر)، (ولیام بلێک)، (کافکا)، (پرۆست)، (جین جینێ: Jean Genet) و هیی دیکەی بە نموونە هێناونەتەوە و لە بەرهەمەکانیاندا بە دوای ئەو چەمکەدا گەڕاوە. واتە (خراپە) لە ئەدەبدا ئەو مانایەی لە دەست دەدات، کە جەماوەر ناسیویەتی. (باتای) پێی وایە ئەدەب بێوەی نییە، بەڵکوو هاوڕێی (خراپە)یە، وەک چۆن لێیشی جیاوازە، بەو مانایەی (خراپە: evil) بە پیرۆزییەوە پێوەستە، کە ئەو کردارانەی قەدەغە کراون، لە شێوەی پیرۆزیدا ڕەوایەتی وەردەگرن، وەک ئەوەی لە جەژنەکاندا کرداری قوربانی لە (خراپە)وە بۆ (چاکە)

دەگۆڕێت، کە ئەو قوربانییە قەرەبووکردنەوەی تێکشکاندنی قەدەغەکراو، یان حەرامکراو(forbidden)ـە. هەر لێرەدا کاتی ئاسایی و کاتی سەروەری دەردەکەون، بەوەی لە یەکەمیاندا یاسا لە بەرچاو دەگرێت و لە دووەمیاندا ئەو یاسایانە بە لاوە دەنرێن. واتە سەروەریی تەواو کاتێ پێک دێت، کە بۆ (خراپە) بگەڕێینەوە و قەدەغەکراو تێک بشکێنین. دەکرێت بگوترێت (خراپە) بەزاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتییە، بۆیە لە ئەدەبدا دەگاتە ئاستی ترازانەوە، بەو مانایەی زمان ڕۆ دەچێتە ناو (پیرۆزی) و (نەزانراو)ـەوە. لەو بەشەی لەژێر ناونیشانی (ئیمیلی برۆنتێ و بەزاندن: EMILY BRONTË AND TRANSGRESSION)دا نووسیویەتی، دەڵێت بواری قەدەغەکراو بواری تراجیدیایە، یان بە مانایەکی چاکتر، بواری پیرۆزیی ( sacred domain)ـە.[19]

بەشێکی زۆری نووسەری ئێمە ئەدەبیان کردووەتە ڕێگەی لاواندنەوەی ئەو جەماوەرە. بەوەدا تێگەیشتنی نووسەر لە ئاستی میللییەوە هاتووە و هەمان ئەوەیە، کە جەماوەری پێک هێناوە، ڕووی لەوەیە وا خۆی پێشان بدات لەگەڵ

[19] *Bataille, Georges, Literature* and *Evil, Translated* by *Alastair Hamilton, PENGUIN BOOKS.*
Georges Bataille, Alastair Hamilton-Literature and Evil - Free Download PDF (kupdf.net)

(چاکە)دایە، بۆیە هەر ئەوە بەرهەم دێنێتەوە، کە پێشتر ناسراوە. بە گشتی ڕەخنەدۆزان لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێی پرسیارەوە مانای تر لە هەر شتێکدا بدۆزنەوە، چونکە ئەو مانایە بووەتە دەستەڵات، تەنانەت دەستەڵاتی سیاسی لە مانەوەی ئەو مانایەدا ڕەوایەتی وەردەگرێت و لەوێوە هەر مانایەکی تر سەرکوت دەکات، کە جیاوازە. دیکتاتۆرەکان ڕۆڵەی ڕاستینەی تاکمانان و پارێزگاریی لێ دەکەن. نووسەرانی وەک (دۆیستۆیەڤسکی)، (نیتشە)، (فرۆید) و زۆری تر نەخۆشییە دەروونییەکانی خۆیان کردووەتە سەرچاوەی داهێنانی گەورە، کەچی ئەمڕۆ ڕەخنەگر هێرش دەکاتە سەر نووسەرانی خۆمان، گۆیە نەخۆشن و بە دەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەتلێنەوە. هەر بەو زمانە وەسفییەیشی ناوی دەیان لەو داهێنەرە نەخۆشانەی هێناون و پێیدا هەڵگوتوون.[٢٠] دیارە لەوە ئاسانتر نییە بە شتێکدا هەڵبڵێیت و هاوکات یەکێکی دیکە بشکێنێت، کە لەو ڕێیەوە ساڵانە کتێبخانەی کوردی دەیان کتێب لە خۆی دەگرێت.

ئەگەر لە دیدی (دێریدا)وە بڕوانینە دوالیزمی (ئازایەتی/ ترسنۆکی)، ئەوە بەپێی پرینسیپی

---

[20] لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە) – ژنەفتن (jineftin.krd)

ئامادەگی(Present)یەوە، یەکەمیان زاڵ دەکرێت و دووەمیان دەشاردرێتەوە. واتە مێتافیزیکا لەو ڕێیەوە مانای پێشوەختی خۆی دەسەپێنێت، مانایەک، وا خۆی دەردەخات قەوارەیەکی یەکگرتوو، یان چەسپاو (coherent) و هاوتوخم(homogeneous)ی هەیە و بووەتە سێنترالی عەقڵ، دواجار لە شێوەی حەقیقەتێکی نەگۆڕدا دەردەکەوێت. بە بڕوای ئەو (هیچ تێکستێک هاوتوخم نییە، تەنانەت لە تێکستە مێتافیزیکییە زۆر ستانداردەکانیشدا هاوکات لەگەڵ هێزێکی کاردا، هێزێکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێکستەیش هەیە)[21]. پێی وایە کەلتووری خۆرئاوا لە (پلاتۆ)وە دژەکان(oppositions)ی وەک (واقیع/ نواندن: reality/representation)، (ناوەوە/ دەرەوە)، (عەقڵ/ جەستە) هەڵدەسوورێنن. بەم شێوەیە دەستکەوتە زانستی، هونەری، فەلسەفی و ئەدەبییەکانی خۆرئاوا تەنیا لایەکی ئەو دژانەی گرتووەتەوە و لایەکەی دیکەی فەرامۆش کردووە. لایەکی بە حەقیقەت داناوە و ئەوەی دیکەی بە پووچ زانیوە.[22] بە مانایەکی دی، مێتافیزیکا لە نەریتی

---

[21] دریدا، جاک، الكتابة والاختلاف، ترجمة كاظم جهاد، تقديم محمد علال سيناصر، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠، ص ٤٩

[22] Ellen Lupton and J. Abbott Miller, Deconstruction and Graphic Design:
Deconstruction and Graphic Design – ellenlupton

فەلسەفەی خۆرئاوادا چەسپاو (monolithic) و هاوتوخم(homogeneous)ـە، وەک ئەوەی پلاتۆنیزم پێی وایە بوون لەسەر دژەکان دامەزراوە (مەتێریەلە پچڕپچڕ و فۆرمەکان). ئەو دژانەیش هەرەمی(hierarchical)ن، کە لایەکی ئەو دژانە لە لایەکی دیکەیان زیاتر بەهای بۆ دانراوە.[23]

دوالیزمەکان بەم شێوەیەن: هەر کاتێ یەکەممان هەیە، ئەوە دووەمیشمان وە بیر دێتەوە، بەڵام بە هێزێکی کەمتر، یان بە پلەیەکی نزمتر، کە وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا (نیتشە) ئەمە بە بەرهەمی خراپتێگەیشتنی خەون دەزانێت لای مرۆڤی سەرەتاییدا. وەک دەبینین ئەوەی جەماوەری ئێمە پێی سەرسامن و وا دەزانن نووسەری دڵخوازی خۆیان دۆزیوەتەوە، کە پێیان بڵێت چی چاکە و چی خراپ، چی جوانە و چی ناشیرین، ئەوەتە لە ئاستی فەلسەفیدا ڕەخنەی گەورەی لێ گیراوە، بگرە تێپەڕێنراوە. ئەوەی ئەوان پێی شاگەشکەن، تەنیا سادەکردنەوەیە و هەمووان پێی لە دایک بوون. کاتێ تێگەیشتنی جەماوەر پێوەرە، ئەوە هاواری، یان

---

23 Jacques Derrida

Jacques Derrida (Stanford Encyclopedia of Philosophy)

فیکەی نووسەرێکی بەناوبانگ لە دەیان گوتاری نووسەری وەک (پێشڕەو محەمەد) و (سۆران ئازاد) گرنگترە، بگرە پژمینی نووسەرێکی بەناوبانگ دەخرێتە سەرووی هەموو ئەو سەرچاوە فەلسەفییانەی، ئەو دوو نووسەرە دایەلۆگیان لەگەڵدا کردوون.

یەکەم مەرجی داهێنان، (ئەوە ئەگەر داهێنان مەرجی هەبێت)، تێپەڕاندنی ئەو دوالیزمانەیە. ئێستا ئێمە قسەمان لە چەمکی (ترس)ـە، کە دژی ئازایەتییە. واتە لە ئاستی میللیدا ترس بە لاوە نراوە و ئازایەتی گرنگە. خەڵک لە ڕێی ئازایەتییەوە ترسیان بە بیر دێتەوە، بەڵام بە هێزێکی کەمتر. لێرەدا بە گشتی تێگەیشتنی ئەم خوێنەرانەی (بەختیار عەلی)، ناڵێم هەموویان، هەمان تێگەیشتنی خەڵکە. نووسەری داهێنەر لە ڕێی ترسەوە داهێنان دەکات، نەوەک لە ڕێی ئازایەتییەوە، لە ڕێی تاریکاییەوە، نەوەک لە ڕێی ڕووناکاییەوە، بێ ئەوەی لە دژی ئازایەتی و ڕووناکاییش بوەستێتەوە. ترس بە مانا ئۆنتۆلۆجییەکەی زۆر لە نەترسان گەورەترە، بەڵام لە ئاستی میللیدا پێچەوانەیە. وەک گوترا ترس لە فەلسەفەدا، واتە لە ئاستی تێپەڕاندندا، کە ئەدەبیش دەگرێتەوە، هەمان ئەو مانایەی نییە، وا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی. بۆ نموونە ترسی تەنیایی بە گشتی لای جەماوەر هێندەی ترسێکی کۆمەڵایەتییە، واتە

هێندەی ترسە لەوەی لە کۆمەڵ دوور بخرێتەوە، یان کەسەکانیان لێ دوور بکەونەوە، هێندە ترس نییە لە خودی بوون، کە ئەمە لە ئەدەبی ئێمەدا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە. وەک دەبینین ئەو تێکستانە خوێنەریان زۆرە، کە لەو هاوئاهەنگییە کۆمەڵایەتییە دەدوێن. ئەوانەی لە سەرەتاوە مژدە بە خوێنەر دەدەن و لە کۆتاییدا دڵخۆشی دەکەن. بە زمانێکی سادەیش دەنووسن، تاکوو سەری لێ تێک نەچێت. ئەوەتە گوتەی (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند) دەنگی داوەتەوە! ئازایەتی ڕووکەشە، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا خۆی بگونجێنێت، دەیەوێت وا خۆی پێشان بدات، ئازایە، لە کاتێکدا گیانی پڕە لە ترس. ئەوە دڵەڕاوکێیە بایەخی هەیە، کە بەرهەمی ترسە لە عەدەم.

ڕاستییەکەی هیچ پێویستم بەوە نییە بزانن ئازام، یان ترسنۆک، تەنانەت خۆم پرسیارێکی لەم شێوەیە لە خۆم ناکەم. ئایا ئەو ئەنجامە گرنگە، کە هەندێک خوێنەری (بەختیار عەلی) پێی گەیشتوون؟ ئایا ئەوە پارادۆکس نییە، خوێنەرێک لە ڕێی ئەکاونتی ساختەوە کەسانی تر بە ترسنۆک بزانێت؟ کاتێ وا دەڵێم، نامەوێت بڵێم ئازام و هاوکات ئەوان بە ترسنۆک دانانێم، چونکێ تێکڕای

چەمکەکان لەسەر دژایەتی دامەزراون، بۆیە ڕەخنەدۆزانی پۆستمۆدێرن دژی ئەوەن، کە بە بێگەرد (pure) ناسراوە، بەڵکوو پێ لەسەر فرەڕەگی (hybridization) دادەگرن. ئازایەتی و ترسنۆکی دژی یەک نین، بەڵکوو هاوڕەگن. هیچ ڕووبەرێکی تەواوی ترسنۆکی و هیچ ڕووبەڕوویێکی تەواوی ئازایەتی نییە. سەرچاوەی فیکری ڕەخنەگری میللی، جەماوەرە، بۆیە ئەوانەی لە یەک جودا کردوونەتەوە. جودای کردوونەتەوە، تا بە ئاسانی حوکمیان لەسەر بدات. وەک لای (هایدیگەر) بینیمان حوکم هەمیشە بە حەقیقەت و شوناسەوە پێوەستە. واتە بۆ سڕینەوەی هەر ڕووبەرێکە، کە لەو شوناسە جیاوازە. ئەرێ کێ زانیویەتی من ڕۆژێک لە ڕۆژان وشەیەکی ڕەقم لە ئاستی هەر کەسێکدا دەربڕیبێت، کە بۆچوونی جیاوازی هەبووە؟ ئایا پەنا بۆ ئەکاونتی ساختە دەبەن، چونکە من ڕێی توندوتیژ دەگرمە بەر، یان هۆکاری دیکە هەن؟[٢٤]

---

[٢٤] جاران هەندێک دەیانویست بزانن، ئاخۆ دەبێت لەبارەی کەسانێکەوە بنووسم، کە چەند وشەیەک فڕێ دەدەن و دەڕۆن، بەڵام دوای ئەوەی لەم ڕووەوە بەرهەمەکانمیان خوێندنەوە، تێگەیشتن، کە من لەبارەی چەمکەوە دەنووسم، ئینجا گرنگ نییە کێ ئەو چەمکەی فڕێ داوە و چەند وشەی لە فڕێدانیدا بە کار هێناوە. کاتێ ئەو چەمکە هەڵدەگرمەوە و لە ئاستی زانراوی دوور دەخەمەوە، تا بیخەمە ئاستی نەزانراوەوە، بێژمار دەرگە لە بەردەممدا ئاوالا دەبن. (ترس)، چەمکێکە و مرۆڤ بە گشتی ناسیویەتی، بۆیە دەتوانێت لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بە کاری

---

بهێنێت، وەک ئەوەی هەندێک لەم خوێنەرانەی (ڕەهەند) کردوویانە، بەڵام من دەمەوێت لە ڕێی دایەلۆگ لەگەڵ فیکری فەلسەفیدا ڕووبەرە شاراوەکانی بدۆزمەوە. ئایا ئەوانەی (بەختیار عەلی) پێی گوتوون نەخوێندەوار، گەمژە، زبڵ و شتی دیکەی لەم بابەتە، بەم زمانەی هەندێک لە خوێنەرەکانی خۆی نووسیویانە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا من ئەوانە ناخەمە ناو چوارچێوەی کۆنکریتییەوە، بەڵکوو بە بایەخەوە ئەم گفتوگۆیە دادەمەزرێنم. مەرج نییە ئەوانە تا سەر دەست بەو بۆچوونانەیانەوە بگرن، وەک چۆن دەشێ منیش سبەی بۆچوونم بگۆڕێت. دوێنێیش ئەم بۆچوونانەم نەبوون. دوو کتێبم بۆ چاپ ئامادە بوون، کە گفتوگۆکانمیان لە خۆیان دەگرت. چاپم نەکردن، چونکە ڕوانینم لە ئاستی خۆیشمدا گۆڕاوە. تەنیا دوو سێ دانەم لێ هەڵبژاردن، کە هیی ئەم چەند ساڵەی دواییمن. من وەک جاران بیر ناکەمەوە و نانووسم، بەڵام ئەوانە بۆ من لەو پرۆسێسەدا بەشدار بوون، تا قووڵتر بیر بکەمەوە. من خۆم بە ئاسانی نەگەیشتمە ئەوەی نووسەرانی (ڕەهەند)، بە تایبەتی (بەختیار عەلی) بەم شێوەیەی ئێستا ببینم، بەڵکوو ماوەیەکی زۆری برد. ئەو یەکەم نووسەرە لەبارەی بەرهەمی منەوە نووسیبێتی و لە گفتوگۆیشدا وەک نووسەری داهێنەر ئاماژەی بە ناوم کردووە. پێشەکیی بۆ کۆمەڵەچیرۆکم نووسیوە. من خۆم لە گفتوگۆدا وەک داهێنەر ناویم هێناوە. بە شایەتیی (سۆران عەزیز) چەند ساڵ لەمەوبەر، نووسەرێک لەوانەی دەیانەوێت لە ڕێی شارچێتییەوە خۆیان وەک داهێنەر بناسێنن، لە شوێنێکی گشتیدا پەلاماری دام و قسەی پێ گوتم، گۆیە هاوڕێی (بەختیار عەلی)م. بۆیە دەڵێم بە شایەتیی (سۆران عەزیز)، چونکە ئەو لە بارەیەوە شتێکی لێ پرسیم و ئەو نووسەرە تەقییەوە. من لەم دە ساڵەی دواییدا ڕوانینم لەبارەی ئەوەوە گۆڕاوە، کە دەشێ خوێنەرانی تریش بۆچوونیان لەبارەی منەوە بگۆڕێت. هەندێکمان لە شوێنی خۆمان چەق دەبەستین، هەندێکمان بە سستی گەشە دەکەین و گەشەکردنی هەندێکیشمان خێرایە. لەم پرۆسێسەدا بۆچوونەکان دەگۆڕێن. جاران کاتێ ڕۆمانێک چاپ دەکرا، بە تایبەتی ئەگەر نووسەرەکەی ناسراو بووایە، جەماوەرێکی زۆر دەیانگوت تا بڵێی مەزنە، چونکە قسەی ناو دڵی ئێمەی کردووە، بەڵام ئەمڕۆ بەشێکیان دەپرسن ئەوە بۆچی ئەو نووسەرە هەمان ئەو شتانەی گوتوون، کە خۆیشمان دەیانزانین. ئەوە گۆڕانێکە و هەندێکمان دەیبینین. لە ساڵی (٢٠٠٨) لەو گفتوگۆیەی (دانا فایەق) لەگەڵیدا کردووم و لەژێر ناونیشانی ——>

——> (منداڵێک بە دزی کتێب دەخوێنێتەوە)دا چاپ کراوە، گوتوومە: (باوەڕم وایە لە داهـاتوو ئەو بوێرییەی ئێمە لەم پرســـیارەوە دەســـت پێ دەکـات: ئەوە بەناوبانگەکان بۆچی بە زمانی ئێمە دەنووســـن؟ یان ئەوە بۆچی بەناوبانگەکان شـتێکی زیاترمان پێ ناڵێن، لەوانەی خۆیشـمان دەیانزانین؟ لای ئێمە گەیشـتن بە ناوبانگ خۆی لە کۆمەڵێک فێڵ و چەواشـــەکاریدا دەبینێتەوە، کە ڕەنگە لەمەودوا داهێنەری ڕاســـتەقینەی ئێمە خۆی لەو فێڵ و چەواشـــەکارییانە بپارێزێت). ئەمڕۆ ئەو پرسیارانە بە ڕاستی هەن و ڕووبەڕووی هەر یەکێکمان دەبنەوە، کە پێویستە پێمان خۆش بێت.

لە یەکەم تەلەفۆنم بۆ (بەختیار عەلی)، لە ســـاڵی (١٩٩٨)دا پێیم گوت داهێنەرێکی گەورەیە، بەڵام لەوەدا نائومێدی کردووم، کە بەو شـــێوازە وەڵامی نووســـەران دەداتەوە، تەنانەت پێیم گوت هیوادارم جارێکی دیکە نائومێدم نەکات. مەبەســـتمە بڵێم هەر لە ســـەرەتاوە ئەو شـێوازەیم بە دڵ نەبووە. چواردە سـاڵ دوای ئەوە، واتە لە ســـاڵی (٢٠١٣)دا، (بەختیـار عەلی) لەلایەن خوێنەرێکی بەرهەمەکـانی خۆیەوە، کە (سۆران ئازاد)ـــە، بە نامەیەک ڕووبەڕووی هەمان ڕەخنە دەبێتەوە. ئەو نامەیەی (ئازاد) لە ڕێی (دەنگەکان)ـەوە ئاڕاستەی (بەختیار عەلی)ی کردووە، وەک لە گوتاری (لە ڕەخنەگر کێیەوە بۆ ڕەخنە چییە)وە گوتوومە، خاڵێکی گرنگە لە مێژووی ڕەخنەی ئێمەدا. من نە لەم بابەتەمدا ئەوم ســـڕیوەتەوە و نە لەوانەی دیکەیشـــم، وەک چۆن هیچ دەنگێک ناســـڕمەوە، چونکە ســـڕینەوەی ئەوانەی دی، ســـڕینەوەی خۆیشـمانە، بەڵام قســـەی جیاوازی خۆم دەکەم، کە دەشـێ هەر ئەم قســـەیەم لای ئەوانەی دیکەیش قســـەی جیـاوازی تری لێ بکەوێتەوە. هەموو پرۆسـێسـێکی سـڕینەوە و لە هەموو کاتێکدا بەپێی پێوەرێک، یان شـوناسـێک بە ڕێوە دەچێت، بۆیە ئەوانەی دەسـت بۆ سـڕینەوە دەبەن، خۆیشـیان سـڕیوەتەوە، مـادام ئەوەی بـایەخی یەکەمی هەیە، پێوەرەکەیە، نەوەک خۆیـان. وەک گوترا (نیتشـە) و فیلۆسـۆفانی دواتریش شـەڕی گەورەیان لە دژی پێوەر و شـوناسـدا کردووە. کاتێ ئەو تێگەیشـــتنەمان دەگۆڕین، بە هیچ کەســـێک ناڵێین گەمژە، یان نەخوێنـدەوار. ئەمە ئەلفوبێیە و دەبووایە زووتر فێری بووبووینـایە، بەڵام هەنـدێکمـان تـا ئەمڕۆیش پێی نەگەیشـــتووین. بەهەرحـاڵ ئەمە ڕێی منە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خوێنەر. بەم شـــێوەیە ئەو ڕێی خۆی هەیە و منیش هیی خۆم. تا ئەو کاتەی نووسین و کەسایەتیی نووسەر تێکەڵ ناکەین، بۆمان ——>

ئینجا نازانم تا کەی مرۆڤ بە شوێنەوە دەناسنەوە! ئەوەیش هەڵەیەکی لۆژیکییە و بە مەبەستی فریودانی

---

—> هەیە بۆچوونی هەڵەیش دەرببڕین، کە هەڵە بەشـــێکی پرۆســـێســـی بیرکردنەوەیە و ئەویشـــە وا دەکات کەســـانی جیاواز لەبارەی هەمان بابەتەوە بدوێن. لەبەر ئەوەیشـــە هەم ئەم بابەتە و هەم ئەوانەی پێشـــووم بە ئارامی نووســـیون. ئەوە ئەگەر نەڵێم ئارامییان پێ بەخشـــیوم. هەندێک وا دەزانن هەر بابەتێک لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەدا بێت، بە زمانی زبر دەنووسرێت، کە ئەمە هەڵەیەکی لۆژیکییە و بە (هەڵەی جینی: genetic fallacy) نـاســـراوە. ئەوان دیویانە نووســـەران بە گشـــتی هەر کاتێ ڕەخنەیان لێ گیراوە، یان با بڵێین وایان زانیوە بۆچوونی هەڵەیـان لە ئـاســـتی بەرهەمەکـانیـانـدا دەربڕیوە، هەڵچوون و جوێنیان داوە، بۆیە وا دەزانن هەموو نووســـەران ئەم ڕێیە دەگرن، لە کاتێکدا وا نییە. لەم ڕووەوە چەند بەرهەمێکم هەن و تەنیا بە ئاڕاستەی دایەلۆگدا نووسراون، تەنانەت وشـــەی (دایەلۆگ) خاڵی هـاوبەشـــی هەموو ناونیشـــانەکانە. کتێبی (گەڕانەوەیەکی کـاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)م لە شـــێوەی نـامەدا بۆ ئەو نووســەرە نووسـیوە، کە پێی گوتووم موفلیسـم، هیچ نازانم و پرسـیار دەکەم، لە کاتێکدا پرسیار هیی منداڵە و تەنیا وەڵام گرنگە. ئەو نووسەرە یەکێکە لە خوێنەرە بەردەوامەکانی (بەختیار عەلی) و هۆکاری ئیفلاسیمی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، کە پرسـیار دەکەم. با بێت و دێڕێکی زبر لەو کتێبەدا بدۆزێتەوە! هەمیشـە هەوڵم داوە خۆم لە هەڵەی لۆژیکی دوور بگرم، کە لەبەر ئەوەیشـــە ڕێ بە خۆم نادەم بڵێم هەموو ئەو خوێنەرانەی لە ڕێی ئەکاونتی سـاختەوە نووسـیویانە، فلان و فیسـارن و شـێوازی نووسـینیان دەناسـمەوە. دیارە لەوە ئاسـانتر نییە وا بڵێم. نایشـارمەوە ئەو خوێنەرانە منیان جووڵاند، کە لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەمیشـــە هەوڵ دەدەم بە ئاڕاســـتەی کرانەوەدا بجووڵێم. لێرەوەیە تەنیا یەک لایەنی ئەو خوێنەرانە نابینم، بەڵکوو ئەوان لەم بەرهەمەدا بەشـــدارن، کە ئەمە لایە گەورەکەیە و بە گەشـــی دەبینم. ڕەنگە هاوڕێ نزیکەکانم بزانن بۆچی لە ئاستی ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەدا هەڵناچم، بەڵکوو دەگاتە ئەوەی پێیان بگەشـێمەوە.(لە سـەرەتادا گوتم بە شـێوەی بایۆگرافیا دەنووسم، تا بوار بۆ ئەم وشانە هەبێت).

جەماوەر بە کار دێت. هەر کاتێ ڕەخنە لە (بەختیار عەلی) بگیرێت، دەبێت بڵێن هۆکارەکەی گرێی ناوچەگەرییە. نازانم، ئاخۆ ئەو تۆمەتە ئاڕاستەی (سۆران ئازاد) کراوە، یان من. ئەگەر ئاڕاستەی ئەو کراوە، ئەوە لەبارەی (بەختیار عەلی) و زۆر نووسەری دیکەوە نووسیویەتی، کە بە پێوەری ئەوانە خەڵکی سلێمانین. هەر لەم بابەتەیدا ناوی (د. محەمەد کەمال) وەک نووسەرێکی داهێنەر هاتووە، کە بەو پێوەرەی خۆیان سلێمانییە. (شێرکۆ بێکەس) کتێبی بڵاونەکراوەی خۆیی دایە، تا بیخوێنێتەوە و سەرنجی بۆ بنووسێت. ئینجا ئەگەر تۆمەتەکە ئاڕاستەی من کراوە، ئەوە خۆم ساتێک گوێم بەوە نەداوە کێ خەڵکی کوێیە. کتێبی (هەولێر و هەولێری لە کۆنکرێتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە) هیی منە.[٢٥] هەم لە ڕۆمان و هەم لە گفتوگۆکانمدا دەتوانیت ناوی دەیان نووسەر و هونەرمەندی ئەو شارە ببینیت، کە لە بەر ئەوە ناوم نەهێناون، خەڵکی سلێمانین، بەڵکوو بەرهەمەکانیان وایان کردووە لە بارەیانەوە بنووسم. لە پێشەکیی کتێبی (ڕاگەردان)دا بە شێوازێکی دی هەوڵم داوە ڕوانینم لەبارەی سلێمانییەوە بخەمە ڕوو.[٢٦] ئەوەی چەند دێڕێکی لە فەلسەفەی جیاوازی و تێپەڕاندندا خوێندبێتەوە،

---

[٢٥] کاکەسوور، کاروان عومەر، هەولێر و هەولێری لە کۆنکرێتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە، پرۆژەی ڕێگە، ٢٠٢١

[٢٦] کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان (پاشکۆی بەرهەمەکانم)

دەست لە دابەشکاری هەڵدەگرێت، لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە لە مندا نەبووە. ئەو هەستی شارچێتییە بەرهەمی دوالیزمەکانە، کە ئەوەتە لەم بەرهەمەیشمدا ویستوومە لە ڕێی دایەلۆگ لەگەڵ فەلسەفەی جیاوازیدا تێی بپەڕێنم.[٢٧]

(کریستۆفەر هیچنز) گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە: (ئەوەی بەبێ بەڵگە بگوترێت، بەبێ بەڵگەیش دەدرێتە دواوە).[٢٨]

ڕاستییەکەی ئەو تۆمەتانە هەر خۆیان خۆیان دەسڕنەوە، بەڵام وەک گوتم من دەمەوێت لێرەدا بە گشتی ئەو خوێنەرە بناسمەوە، کە (ڕەهەند) لەم سێ دەیەی تەمەنیدا بەرهەمی هێناوە. وەک گوترا لەسەر هەڵەی لۆژیکیدا تەنیا زانستی ساختە کەڵەکە دەکرێت. ئەوەتە بەشێکی ئەم خوێنەرانە بە هەمان زمانی میللی هاتوونەتە دەنگ. لێرەدا بە پێویستی

---

[٢٧] لێرەدا بە شێوازی خۆم جەخت لەسەر پرسیاری (سۆران ئازاد) دەکەمەوە: ئایا ئەگەر (ڕەهەند) پرۆژەیەکی ڕەخنەییە و بایەخی بە فیکری ڕەخنەیی داوە، بۆچی تا ئەم ساتەیش باسێکی هێندە ڕووکەش لای هەندێک لە خوێنەرەکانی گڤەی دێت؟ لە حەڤدەی شـــوباتدا گەیشـــتە ئاســـتی نووســـەرە دیارەکانیش. خوێنەر کاتێ بیرمەندێکی داهێنەر دەناسـێت، هەر لە ڕێی ئەوەوە بە کۆمەڵێکی دیکەیش ئاشـنا دەبێت. ئەو بیرمەندانە کامانەن، کە ئەو خوێنەرانە لە ڕێی (بەختیار عەلی)یەوە ناســـیویانن؟ ســـی ســـاڵە تەنیا یەک بیرمەندی مەزن هەیە و کەســـی دیکە دەرنەکەوتووە. ئەوە هەمان کەلتووری سیاسەتمان نییە؟

[28] The long history of Hitchens' Razor • Background Probability (skepticink.com)

دەزانم ئەگەر بە کورتییش بێت لەبارەی چەمکی (خوێنەر)ـەوە چەند پەرەگرافێک بنووسم. ڕاستییەکەی پێشتریش نووسیومە.

* * * *

(خوێنەر)، ئەو چەمکەیە، کە لانی کەم لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی بە خۆیەوە خەریک کردووە، بەڵام ناکرێت ئەوە لە بیر خۆمان ببەینەوە، کە بە گشتی ڕێبازە فەلسەفییەکان لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەمەوە ڕێگەیان بۆ لەدایکبوونی چەمکەکە خۆش کرد. بۆ نموونە لە بیرۆکەی (مەرگی خواوەند)ی (فریدریک نیتشە)وە بیرۆکەی (مەرگی نووسەر) لای (ڕۆلان بارت) و (میشێل فۆکۆ) دێتە کایەوە، کە (بارت) لە (مەرگی نووسەر)دا دەڵێت پێویستە لەدایکبوونی خوێنەر لەسەر حیسابی مەرگی نووسەر بێت. لە کتێبی (چێژی تێکست)دا پێی لەسەر دادەگرێت، کە خوێنەر ئەو بوونەوەرەیە لە جیاتیی ئەوەی ببێتە بەکاربەری تێکست، دەبێتە بەشدارێکی چالاک لە بەرهەمهێنانیدا. پێوەندییەکەی بە تێکستەوە وەک پێوەندیی دڵدارە بە دڵبەرەکەیەوە. (بارت) بەم شێوەیە خۆی وەک خوێنەر پێناسە دەکات: (من عاشقی زمانم، کەواتە عیشقی خۆم بۆ نووسراو ڕادەگەیەنم). خوێنەر لە ڕێگەی

چێژەوە یاخی دەبێت و لە یاسا دەردەچێت، بەوەی خاوەنی خوێندنەوەیەکی جیاوازە. بۆیە چێژ دەبینێت، چونکە تاکە و خاوەنی جەستەی خۆیەتی. سەرەڕای ئەو بایەخە گەورەیەی (بارت) بە خوێنەری دەدات، کەچی هێشتا لای تیۆریستانی تیۆریی وەرگر (reception theory) ئەو بایەخە کەمە، بەوەی زیاتر بۆ تێکست ئاڕاستە کراوە. لێرەوە کۆمەڵێک ڕەخنەدۆزی وەک (هانز ڕۆبێرت یاوس)، (ولفگانگ ئایزەر)، (ئومبێرتۆ ئیکۆ)، (جاک ڕیفاتێر) و هیی دیکە پێوەی خەریک دەبن و لەم ڕووەوە چەند چەمکی وەک (خوێنەری ناوەکی)، (خوێنەری نموونەیی)، (خوێنەری باڵا)، (خوێنەری ڕاستی) و زۆری تر دێنە کایەوە. هەر لەم نێوەدا ناکرێت چەمکی هەڵوەشاندنەوەی (جاک دێریدا) فەرامۆش بکەین، کە ئەو فیلۆسۆفە بە شێوازی خۆی بایەخ بۆ خوێنەر دەگەڕێنێتەوە. مەبەستم نییە بە درێژی لەبارەی ئەو تیۆرییانەوە بنووسم، کە پێشتر نووسیمە، بەڵکوو تەنیا دەمەوێت وێنەیەکی چەمکی (خوێنەر) بە دەستەوە بدەم، تا جیاوازییەکەی لە ئاست چەمکی (جەماوەر)دا دەربکەوێت.[٢٩]

تۆخکردنەوەی ڕۆڵی خوێنەر بەو مانایەیە، ئەرکی ڕاڤە لە ئەستۆ بگرێت و مانا شاراوەکانی تێکست بدۆزێتەوە،

[٢٩] ڕۆمان لەنێوان جەماوەر و خوێنەردا – ژنەفتن(jineftin.krd)

بەوەی ئەو مانایانە فرەڕەهەندن. ئەمە پێچەوانەی وەسفە، کە لە دوورەوە شتە زانراوەکان دەڵێتەوە، بە ڕادەیەک ئەو شتانە دەکرێت لەبارەی هەر تێکستێکی ترەوە بگوترێن.[٣٠]

دەتوانین بە گشتی ئەو خوێنەرانەی (ڕەهەند) بە خوێنەری پاسەوان ناو ببەین، بەوەی تێکست وەک چەمکێکی فیزیکی دەبینێت، کە سنووری هەیە و بە ئەرکی خۆی دەزانێت ئەو سنوورانەی لە دوژمن بپارێزرێت. (دیسان دووبارەی دەکەمەوە، کاتێ دەڵێم بە گشتی، مەبەستم نییە هەموویان وەک یەک ببینم و نایشیانخەمە ناو چوارچێوەوە، بەڵکوو دەکرێت ئەوانە لەم دۆخەدا نەمێننەوە). ئەگەر تیۆریستانی تیۆریی خوێنەر پێ لەسەر بوونی سێ ڕەهەندی (نووسەر، تێکست و خوێنەر) دادەگرن، ئەوە بە گشتی لای (ڕەهەند) و لایەنگرانی تەنیا دوو ڕەهەند هەن، نووسەری خاوەنشکۆ و خوێنەری پاسەوان.[٣١] هەر هێندە ئەو نووسەرە بۆ نموونە

[٣٠] لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە) – ژنەفتن(jineftin.krd)

[٣١] ئاماژەیە بۆ درامای (فیلەکەی خاوەنشــکۆ)، کە لە (١٩٧٥)دا کۆمەڵێک ئەکتەری داهێنەر ڕۆڵیان تێدا بینیوە. لە بنەڕەتدا تێکستێکی شانۆیە و نووسەری سووری (سەعدوڵلا ونوس) لەژێر ناونیشانی (الفیل یا ملک الزمان)دا نووسیویەتی، بەڵام مۆرکێکی کوردانەیان پێ داوە. ئەم بەرهەمە یەکێکە لە ئاماژە دیارەکانی سەردەمی کرانەوەیی. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئەو کرانەوەییە وردەوردە پاشەکشێی پێ دەکرێت. بە خوێندنەوەی خۆم ئەم سێ دەیەی تەمەنی ڕەهەند داخراوترین سەردەمە لە مێژووی یەک سەدەی ڕابردوودا. سەردەمی ئاشتبوونەوەی فیکری ڕەخنەییە لەگەڵ هێزە داخراوەکانی کۆمەڵگەدا، بگرە ملکەچکردنی فیکری

ڕۆمانێک لەبارەی چەوسانەوەی نەتەوەیییەوە دەنووسێت، ئەوە تیمی میوزیکی پاسەوانان دەنگ هەڵدەبڕن: (لە دوای ئەو ڕۆمانەوە دوژمن دەبێت بزانێت ئێمە گەلێکین، لە ناو ناچین و خاوەنی زمانی خۆمانین. کەلتوورمان شیرینە و ناسڕێتەوە). وەک بڵێی ئێمە گوێچکەمان بەو وشانە نەکرابێتەوە و پێشتر نەمانبیستبن. لای پاسەوان ئەوەی

---

ڕەخنەیییە بۆ کارەکتەرە داخراوەکانی سیاسەت و ئایین. نووسەر دەبێتە بانگدەر، مجێور، پاشکۆی سیاستەمەدار و شتی لەم بابەتە. ئەگەرچی کەلتووری نووسینی ئێمە بەوەدا فەلسەفەی تێدا ونە، یان لاوازە، ئەوە بەردەوام داخراویی بەرهەم هێناوە، بەڵام سەردەمێک لە سەردەمێکی دیکە جیاوازە. دیسان مەبەستم لە فەلسەفە ئاستی تێپەڕاندنی شتە بۆ ئاماژە. لەم چوارچێوەیەدا ئەدەبی ڕوانگە، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا دەردەکەوێت، بۆ من نیشانەیەکی گەشی کرانەوەیییە. هەم نووسەرانی ئەو گرووپە و هەم ڕەخنەدۆزانی ڕۆڵیان لەو کرانەوەیییەدا هەبووە. هەوڵەکانیان بۆ ئەو سەردەمە لای من گرنگن. ئەوان بە گشتی نەک لەگەڵ فیکری باودا سازشیان نەکردووە، بەڵکوو دوای ئەوەی کەوتوونەتە بەر پەلاماریش، هێشتا دەستیان لە ڕەخنە هەڵنەگرتووە. ئەمە ئەو خاڵەیە، وام لێ دەکات بڵێم هەوڵیان بۆ کرانەوەیی داوە. واتە ویستوویانە سەربەخۆیی دەنگی خۆیان بپارێزن. ئەمە تایبەت نییە بە گرووپی (ڕوانگە)، بەڵکوو بە گشتی گرووپەکانی تر و دەنگی دەرەوەی گرووپەکانیش بەو خەسڵەتە دەناسرانەوە. (ئیبراهیم ئەحمەد)، (حسێن عارف)، (لەتیف حامید)، (شێرکۆ بێکەس)، (ڕەووف بێگەرد)، (فوئاد مەجید میسری)، (حیلمی عەلی شەریف) و کۆمەڵێکی دیکە نموونەی ئەو نووسەرانەن، کە ملکەچی باوەڕی زاڵی جەماوەر نەبوون. (دەشێ ڕوانینم لە هیی هەموویان جیاواز بێت، بەڵام ئەوە خەسڵەتی ئەوانە). ئەگەر ئەمڕۆ ئاراستەی کرانەوەیی لای ئەو گەنجە یاخییانە دەستی پێ کردووەتەوە، وەک لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایییەدا دیومانە، ئەوە نەک لەژێر کاریگەریی (ڕەهەند)دا نییە، بەڵکوو تێپەڕاندنی تێگەیشتی (ڕەهەند)یشە. بەپێی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ هەندێکیاندا هەمە، لای ئەوانە (عەلی) و ئەوانەی دیکەیش مایەی سەرسامی نین.

بایەخی هەیە، بابەتە، چونکێ بۆی گرنگە دڵنیا ببێت ئەو پاسەوانی شتێکە، لای جەماوەر ناسراوە، کە دەکرێت هێرشی بکرێتە سەر، وەک چۆن دەشێ بە پیرۆز بزانرێت. بەرزیی کۆشک، نەخشی سەر دیوارەکانی ئاغانشین، هەیبەتی ئاغا، ڕێشمەی ئەسپەکەی، جلوبەرگی گرانبەهای و شتەکانی دیکە لای پاسەوانی ئاغا مایەی تێڕامانن. لێرەیشەوە هەست دەکات ڕەنجی بە فیرۆ نەچووە، کە هێندە دڵسۆزیەتی و بەرگریی لێ دەکات. پێشتر ئاماژە بە (دێریدا) کرا چۆن ڕووبەڕووی دژەکان دەبێتەوە، کە مێتافیزیکای خۆرئاوا سەپاندوونی، بەو مانایەی لایەکیان دەردەخرێت و لایەکیان دەشاردرێتەوە. یەکێ لەو دوالیزمانە، (ناوەوە/ دەرەوە)یە، کە لای ئەو، بگرە بە گشتی لای فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی تێپەڕاندن، ئەوانە دژی یەک نین و لە پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوەدا سنووری نێوانیان دەسڕێتەوە. خوێنەری پاسەوان ناوەوە بە هیی نووسەر دەزانێت و نایەوێت لە ڕێی پرسیارەوە لێ نزیک ببێتەوە، بەڵکوو لە دەرەوە دەوەستێت و دەیەوێت لە هەر هێزێکی ڕەخنەیی بیپارێزێت. بەم شێوەیە خوێنەری پاسەوان ئەرکێکی خستووەتە سەر شانی، کە بەرگرییە لە بابەت، بۆیە خودی نووسەرەکەیش وەک بابەت دەبینێت. ئەوەتە هەر ڕەخنەیەک لە (ڕەهەند)، بە تایبەتی لە (بەختیار عەلی) بگیرێت، ئەوان وای لێک دەدەنەوە، کە هێرشە بۆ سەر

کەسایەتییان، لە کاتێکدا لەم نووسینەی (سۆران ئازاد)دا کەسایەتییان لە نووسین جودا کراوەتەوە. لە هیچ شوێنێکدا بەر چاوت ناکەوێت، گوترابێت ئێوە مەعریفەتان نییە، ئێوە زبڵنووسن، نەخوێندەوارن، نەزانن و وشەگەلی دیکەی لەم بابەتە، کە خوێنەر دەکرێت لە بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی)دا بە ئاسانی بیاندۆزێتەوە. هەر ئەوەی نووسەرانی (ڕەهەند) کراونەتە بابەت، بابەتێک بۆ بەرگریکردن، کەمکردنەوەیە لە بەهایان. ئایا (ئازاد) وەک ئەم خوێنەرانە ئەوانی وەک بابەت بینیوە، یان تەنیا و بە گشتی لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە بۆچوونی دەربڕیوە؟ دواجار ئەو پەلامارانە لە بەردەم ڕەخنەدا خۆیان ناگرن.[٣٢] هەڵچوونی ئەم خوێنەرانەی (ڕەهەند) پێوەندیی بەو مێتۆدەوە هەیە، کە (ئازاد) گرتوویەتیە بەر، مێتۆدی ڕووبەڕووبوونەوە، یان بە زمانی خۆی مێتۆدی تێگەیشتن لە وەهم.

ڕاستییەکەی (ڕەهەند) بۆ ئەو جەماوەرە وەک ئازاری وەهمی(phantom pain)ی لێ هاتووە. ئازاری وەهمی، چەمکێکە و زیاتر لە بواری پزیشکی و سایکۆلۆجیدا بە کار

[٣٢] وەک پێشـــتر گوترا مەبەســـتم نییە ئەوانە بخەمە ناو چوارچێوەوە و وا لەو چەمکەیش نـــاڕوانم کۆنکریتبەنـــدە، بەڵکوو وەک دۆخ دەیبینم، کە مەرج نییە خوێنەری پاســـەوان تـا ســـەر لەنـاو ئەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە. خۆم بەو پرۆسێسەدا تێپەڕیوم.

دێت. واتە کاتێ مرۆڤ ئەندامێکی جەستەی، بۆ نموونە قاچێکی دەبڕێتەوە، هێشتا جاروبار هەست بە ئازاری، یان بە خورانی دەکات. دەیەوێت دەستی بۆ ببات، تا بیشێلێت، یان بیخورێنێت، بەڵام ئەندامەکە نەماوە. ئایا (ڕەهەند) تاکە ئەندامە، جەماوەر لە دەستی دابێت، بێ ئەوەی ئازارەکەی لە بیر چووبێتەوە؟ ئایا (ڕەهەند) هەر بە ڕاستی ماوە؟ گۆڤارەکە دەردەچێت؟ ئایا تەنانەت نووسەرەکان پێوەندییان پێکەوە ماوە؟ مەبەستم پێوەندیی کارکردنە. ئەوەتە هەندێکیان لەلایەن خوێنەرانی (عەلی)یەوە پەلامار دراون. ئەو خوێنەرانە، دروستتر ئەو لایەنگرانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەی گوتارەکەی (ئازاد)دا شیوەنیان گێڕاوە. کار بەوە گەیشتووە سەردولکە بۆ (بەختیار عەلی) بگوترێت و هەوڵی لاواندنەوەی بدرێت، کە ئەمە زیاتر بۆ شەهید دەکرێت. ئایا ئەوەی ئەوانە هەڵدەسووڕێنێت، لایەنی سۆزە، کە بە گوتەی بریقەداری وەک هیی فیلەکەی دووکانی شووشەوات مەست بوون، یان خەمخۆرییانە بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە؟ ئایا ئەگەر سبەی هەمان (ئازاد) ڕەخنەی لە (ئومبێرتۆ ئیکۆ) گرت، کە هەم فیلۆسۆف، هەم تیۆریستی ئەدەبی و هەم ڕۆماننووسیشە، ئەوان ئەو کارەی بۆ دەکەن؟ ئایا ئەو جەماوەرە، لە کاتێکدا گوتەکانی (بەختیار عەلی)ی لە بەرن، چەند گوتەی لە کتێبەکانی (ئیکۆ) وەرگرتوون و قسەی لێوە کردوون؟ لێرەدا تەنیا مەبەستم

ئەوەیە پێ لەسەر ئەوە دابگرم، کە لایەنی سۆز بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەیاندا زاڵە، دەنا وەرگرتنی گوتەی نووسەران بە بابەت نازانم. سۆز بەوە دەناسرێتەوە، کاتییە و نامێنێت. ڕۆژانە نووسەر و هونەرمەندانمان پەلامار دەدرێن، ئایا ئەو خوێنەرانە هەمان سۆزیان بۆ ئەوانیش هەیە؟ ئەوانە بۆچی کاتێ (بەختیار عەلی) بە نووسەرانی دی دەڵێت گەمژە، نەخوێندەوار و هیی دیکەی لەم بابەتە، نەک هەر هەڵناچن، بەڵکوو بە داهێنانی دەزانن، کەچی ئەگەر (ئازاد) بۆچوونی خۆی دەرببڕێت، بێ ئەوەی یەک وشەی زبر بە کار بهێنێت، پێی تێک دەچن و هێرشی دەکەنە سەر؟ ئایا هەر ئەوانەن، کاتێ گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرێت، دەڵێن یەکێ لە فاکتەرەکانی لاوازیی ڕەخنەی کوردی، هەبوونی هەستی خێڵەکییانەیە؟ من خۆم تا ئەم ساتەیش نەمدیوە کەسێ پەلاماری (نیتشە) بدات و پێی بڵێت تۆ (شۆپێنهاوەر)ت بە مامۆستای خۆت دەزانی، چۆن ئێستا هاتوویت ڕەخنەی لێ دەگریت؟ یان بۆچی لە (ڤاگنەر) هەڵگەڕایتەوە؟ ئەوانە تێگەیشتنی خۆیان بە شێوەی هەرەمی (hierarchical) هەڵچنیوە و لەوێوە خودی نووسەرانی (ڕەهەند)یش لە شێوەی هەرەمدا دەبینن، کە دیسان ئەوەی زاڵە، سۆزە. ئەوەتە (بەختیار عەلی) لە سەرووی هەمووان دانراوە، تەنانەت وەک گوترا ئەوانەی دیکە پەلاماریش

دراون. واتە ئەوانە (ڕەهەند) بە پلەی یەکەم بە هیی (عەلی) دەزانن.

ئینجا ئەوەی دەڵێن، گۆیە پێمان خۆش بێت، یان نا، نووسەرانی (ڕەهەند) چوونەتە مێژووەوە، بە تایبەتی (عەلی)، دیوی سایکۆلۆجیی ئەوان دەردەبڕێت، کە ترسیان هەیە ئەو ئایدلانەیان لە بەردەم هێزی ڕەخنەدا تێک بشکێن. ڕوانینێکی ئێسکەتۆلۆجییانەیە بۆ مێژوو ( An Eschatological View of History). ئەوانە مێژوو لە شێوەی قیامەتدا دەبینن، کە ئەگەر مردووەکەیان بۆ ئەوێ نارد، دەستی مرۆڤی چەپەڵ و شەڕانگێزی پێ ناگات. بە مانایەکی دی، لە هەوڵی ئەوەدان ئاییندەیەکی ئارامبەخش بۆ مردووە ئازیزەکەیان مسۆگەر بکەن. ئەو ڕستەیە لەناو بیرکردنەوەی ئێمەدا ڕەگێکی درێژی هەیە و زیاتر بۆ حیزب و سەرکردەکان گوتراوە. (مردووەکانی من شەهیدن و هیی تۆ جێگەیان دۆزەخە)، خاوەنی مێژوویەکە، خەریکە نەتوانین دەستپێکەکەی بدۆزینەوە. لە بواری سیاسەتی کوردیدا لانی کەم بۆ ناوەڕاستی شەستەکان دەگەڕێتەوە.[٣٣]

---

[٣٣] لە شەشەمی ئەدەبیدا (مامۆستا ئەفرام) مێژووی پێ دەگوتین و ناوەناوە ئەم ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە: (مێژوو نەخۆشییە)، کە دواتر زانیم بۆچوونی (نیتشە)یە و بە تایبەتی لە کتێبی (سوود و زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان)دا پێی وایە

---

مێژوو ئەنجام نییە، بەڵکوو ڕێگەیە و لە خزمەتی ژیاندایە، بگرە لە خزمەتی مۆدێرنیتیدایە. مرۆڤ بە قەدەر ئەوەی مێژووییە، پێویستە نامێژوویی بێت و بتوانێت بە شێوەی نامێژوویی(*unhistorically* )یش بژی. بە مانایەکی دیکە توانای لەبیرچوونەوەی هەبێت، چونکە ئەوەی نەتوانێت لە بیر بکات، ئاسوودەیی ناناسێت. ئینجا ئەو توانای لەبیرکردنە (This ability to forget) لەلایەن هێزی پلاستیکیی مرۆڤەوە دیاری دەکرێت، کە دەتوانێت دەست بەسەر ڕەگەزەکانی ڕابردوودا بگرێت و ڕەگەزە ناپێویستەکان لە بیر بکات، چونکە ئەو شتە زیادانە زیان بە ژیان دەگەیەنن. لەو کتێبەدا (نیتشە) مێژوو بە نەخۆشی دەزانێت، بەوەی مرۆڤە تەمبەڵەکان سەری خۆیانی تێدا نقوم دەکەن. بەها زیندووەکانی ئەمڕۆ بۆ ڕابردوو دەگەڕێننەوە. واتە زانینەکان بۆ ئەوێ دەبەن و دەیانپووکێننەوە، بۆیە مێژوو وەک گۆڕستان وایە و مرۆڤی مردوو لە خۆی دەگرێت، کە هەر مێژوو خۆی دەیانکوژێت. مێژوو بکوژە و مرۆڤ دەکوژێت. ئەو پێی وایە ئێمە پێویستمان بە مێژوویەکی دیکەی جیاوازە، کە کار و ژیان لە خۆی بگرێت. نەخۆشیی مێژوو وا دەکات ژیان بەرەو هەژاری مل بنێت. ئەو گوتە باوەی (نیتشە): (فیلۆسۆف پزیشکی شارستانیەتە)، لێرەوە هاتووە، کە ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ تووشی نەخۆشیی مێژوو بووە و هێزی لێ براوە. پێویستی بە چارەسەری دروستە، تەنانەت دەبێت چارەسەرە باوەکانیش بە لاوە بنرێن، چونکە ئەوانە هەر خۆیشیان نەخۆشین. ئەوەتە هەندێک لە خوێنەرانی (ڕەهەند) بیرمەندانی خۆیان، بە تایبەتی (بەختیار عەلی) بۆ مێژوو دەبەن، ئەو مێژووەی بە بۆچوونی (نیتشە) نەخۆشە، تا لەم ڕووبەڕووبوونەوانەیان دوور بخەنەوە و لەو بەهەشتەدا بە ئارامی شاد بین. ئەرێ ئازیزان، دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو بەرهەمەی (بەختیار عەلی)، هێشتا ئەو گوتەیەتان تێنەپەڕاندووە، کە وەک (زاوا لە بووکێ مەدە)ی لێ هاتووە و بەردەوام لە کۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگوترێتەوە؟ مێژوو واتە پارێزەری مێتافیزیکا. واتە پاراستنی سەرجەم بەها ساختەکان. ئایا ئێوە لە ڕێی خوێندنەوەی بەرهەمی بیرمەندەکانتانەوە چەمکی (جینالۆجیا)تان نەناسیوە؟ (مێتۆدی بایۆگرافیایی بۆ شوێنێکی ئاوا باشە).

ئایا ئەو تێگەیشتنە لەناو بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی)دا نییە؟ ئەرێ ئەو فیلەی دووکانی شووشەوات، ئەگەر هیی ئەوە، هەمان ئەو مانایە لە خۆی ناگرێت؟ کوا کاریگەریی تێگەیشتنی ئەو فیلۆسۆفانەی شەڕیان لە دژی ئەو تێگەیشتنەدا کردووە؟ کاتێ وشەی (کاریگەری) بە کار دەهێنم، مەبەستم دایەلۆگی فیکری نووسەرە لەگەڵ فیکرەکانی دیکەدا. ئایا ئەو نووسەرە تا ئەو ڕادەیە لای جەماوەر پیرۆزە؟ تا ئەم ئاستە جەماوەر هەست دەکات

---

بڕوانە:

Miller, Alexandria, ON THE ADVANTAGE AND DISADVANTAGE OF HISTORY FOR LIFE. Available at:On the Advantage and Disadvantage of History for Life – Modernism Lab (yale.edu)

هەر (نیتشـــە) لە ئەفۆریســـمی یەک لە بەشـــی (عەقڵ لە فەلســـەفەدا)ی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)دا دەنووســـێت: (مێژوو شـــتێک نییە، جگە لە باوەڕهێنان بە هەســـت، باوەڕهێنان بە درۆ). ئەو مێژووە جێگەی گومانی هەر ڕەخنەدۆزێکە، لە کاتێکدا ئەوانە بە مایەی دڵنیاییی دەزانن و بیرمەندەکانیان لەوێ دەپارێزن. بڕوانە:

Nietzsche, Friedrich, Afgudernes ragnarok, eller Hvordan man filosoferer med hammeren, Jens Erik Kristensen og Lars-Henrik Schmidt, Gyldendal, 2014, S.36

(بەختیار عەلی) پارێزەری باوەڕەکانیەتی؟ کوا خوێندنەوە؟ کوا ڕاڤە؟ کوا تێکست، تا بخوێنرێتەوە و ڕاڤە بکرێت؟

خوێنەری ڕەخنەدۆز فۆکەسی لەسەر تێکستە و ژیاننامەی نووسەری لا گرنگ نییە، چونکە وەک گوترا تێکستی داهێنەرانە لە ئاماژە پێک دێت و جیاوازە لە دنیای دەرەوە، کە بریتییە لە شت. خوێنەر لە ڕێی خوێندنەوەوە دنیای شتومەک جێ دەهێڵێت و بەرەو دنیای ئاماژە دەپەڕێتەوە، کە لەمەوە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەگەڵ نووسەر دەپچڕێت و پێوەندییەکی دیکە دەست پێ دەکات، کە تێیدا تێکست شوێنی نووسەر دەگرێتەوە. بە مانایەکی دی، لە تێکستەوە دەڕوانێتە نووسەر، نەوەک بە پێچەوانەوە لە نووسەرەوە بڕوانێتە تێکست، کە ڕاستییەکەیشی ئەوەی دواییان ڕوانین نییە، بەڵکوو پیرۆزکردنە، بەوەی سۆزی نووسەر بەرچاوی تاریک داهێناوە و تەنیا باخێکی ڕازاوە دەبینێت، کە خۆی بە پاسەوانی دەزانێت. خوێنەری ڕەخنەدۆز، یان خوێنەری ڕاڤەکەر خۆی نە بە لایەنەگر و نە بە دژی نووسەر دەزانێت. هەموو ئەوانە دەمانگەیەننە ئەوەی بڵێین دەستەڵاتی خوێنەر لێرەوە دێتە کایەوە، کە ئەو تێکستە ئاستی زانراوی تێپەڕاندووە و مانای جیاوازی لە خۆی گرتووە. بە دەربڕینێکی دی، خوێنەر کاتێ ڕووبەڕووی تێکست دەبێتەوە، پەنا بۆ تواناکانی خۆی

دەبات، تا مانا شاراوەکان لێک بداتەوە. بەم شێوەیە مەبەستی گەیەنەر و وەرگر بە ناچاری لە یەک دەترازێن، مادام مانا شاراوەکان هەم زیاتر لە خوێنەرێک دەهێننە گۆڕێ و هەم کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاوازیشیان لێ دەبێتەوە. شێوازی دەستەڵاتەکەیش دەگۆڕێت، کە ئەگەر پێشتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوو، واتە لە نووسەرەوە بۆ خوێنەر دادەبەزی، ئێستا ئەو هەرەمە تێک شکاوە. هیچ سێنترالیتییەک نەماوە، بەڵکوو کۆمەڵێک ئاڕاستەی بێسنوور هەن. بەرزی و نزمی سڕاونەتەوە و ڕاڤەکان ئازادانە دەجووڵێنەوە. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم تێکستی کراوە توانای هەیە خوێنەر و نووسەر پێکەوە کۆ بکاتەوە، تا هەم جیاوازی و هەم ڕێککەوتنەکانیان بخەنە ڕوو. زۆریی خوێنەر ناهێڵێت تێکست چەسپاو بێت، بەڵکوو دەیخاتە ئاستی بەردەوامی و دینامیکییەوە، کە ئەوە پێدانی ژیانە بە تێکست. وەک ڕەخنەدۆزی کەنەدی (نۆترۆپ فرای: Northrop Frye) پێی وایە ئەدەب دوو جۆر هێز دەخوازێت، یەکەمیان، خولقاندنی لەلایەن نووسەر و دووەمیان، تێگەیشتنی لەلایەن خوێنەرەوە. هەر (فرای) پێ لەسەر چەمکی (ترازان: Displacemen) دادەگرێت، کە تەکنیکێکە و بۆ ئەوەیە دڵنیامان بکاتەوە خوێنەری ئەفسانە و فەنتاسیا پەیامی دروستی چیرۆکی پێ گەیشتووە. بە مانایەکی دی، ترازاندن بە ڕاستی دێتە کایەوە، کاتێ خوێنەر

لە جیاتیی بەشێکی ئایدیۆلۆجی (partial ideology)، کۆخەیاڵ (complete fiction)ی بە دەست هێناوە.[٣٤]

لێرەدا من پێم خۆشە چەمکی ترازان، یان تێپەڕاندن (Displacement) لە ڕوانگەی خۆمەوە لێک بدەمەوە. دەکرێت بگوترێت ترازان بریتییە لە دۆزینەوەی ئاڕاستەی نوێ لەو بابەتەی، مەبەستمانە لە ڕێی زمانەوە لێی نزیک ببینەوە و شتە دژبەیەکەکانی ناوی دەربخەین، تا لە فۆرمی تردا دایبرێژینەوە، بێ ئەوەی ئەو فۆرمە بە کۆتا بزانین، بەڵکوو پێویستە فۆرمەکە توانای هەبێت زۆری تری لێ ببنەوە. لە تێپەڕاندندا زمانی ڕۆژانە، کە هەڵگری دوالیزمەکانە، تێک دەشکێت و مانای جیاواز پێک دێن، کە لێرەدا ئەو ڕێککەوتنە سەپێنراوە هەڵدەوەشێتەوە، تا ئێستا هەبووە، بەو مەبەستەی پارچەکانی بۆ ئاماژە بگۆڕێن. تێپەڕاندن لە ڕێی نیگەرانییەوە بەڕێوە دەچێت، بۆیە خودی ئەو مانایانەی دێنە دی، بەو خەسڵەتە دەناسرێنەوە، کە ناکرێت چوارچێوەیان بۆ دابنرێت، بەڵکوو لە جووڵە و بەردەوامیدان، پێچەوانەی زمانی باو، کە پشتی بە حەقیقەتەکان قایمە و جێگیرە. دایەلۆگیش کاتێ دێتە دی، کە حەقیقەت تێک دەشکێت. بە بڕوای (ڕیفاتێر) پرۆسێسی

34 ENGLISH_LITERATURE_NOTES_ODD_SEMESTER..pdf (niu.edu.in)

گەیاندن، کە لەنێوان تێکست و خوێنەردا دەردەکەوێت، هەمان ئەوەیان نییە، کە لە پرۆسێسی گەیاندنی ئاساییدا هەیە. گەیشتنی خوێنەر بە تێکستی ئەدەبی هەر خۆی ئەزموونی شتێکی تاقانەیە، کە ئەمە ئەنجامە سەرەکییەکەی شێوازە. شێواز بۆ خوێنەر لە ڕێی نارێزمان(ungrammaticalities)ەوە دەردەکەوێت.[35] واتە تێکست لە شێوەی کۆد و ئاماژەدایە و خوێنەر خۆی دەیاندۆزێتەوە، کە ئەوە ڕێگەی لەدایکبوونی شێوازە. ئەوە یاساکانی ڕێزمان نین شێواز دێننە کایەوە، بەڵکوو ئەو بیرۆکانەن بە ناڕاستەوخۆیی لەو تێکستەدا شوێنیان هەیە. واتە وەک گوتەی (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند) بە شێوەی ڕاستەوخۆ مانا زانراوەکانی لە دەمی خەڵکەوە نەگوێزاوەتەوە.

لە تێکستی داهێنەرانەدا مانا بە ئامادەکراوی نییە، بەڵکوو ئەوە خوێنەری داهێنەرە لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە پێکی دەهێنێت، کە خوێنەری پاسەوان بەوەدا ئەرکێکی ئامادەکراوی هەیە، پێشوەخت بڕیاری داوە بە دوای چیدا دەگەڕێت. واتە دەیەوێت لە زانراوەوە بگاتەوە زانراو، لە

[35] Michael Riffaterre : Literariness and Signifiance / Signo - Applied Semiotics Theories (signosemio.com)

کاتێکدا ئاڕاستەی خوێنەری ڕەخنەدۆز لە زانراوەوە بەرەو نەزانراوەکانە. خوێنەری پاسەوان تێگەیشتنی خۆی کردووەتە پێوەر و لەوێوە ڕووبەڕووی تێکست دەبێتەوە. ئەگەر ئەو وێنانەی دێنە بەردەمی، هەمان وێنە زانراوەکانی خۆی بن، شاگەشە دەبێت، دەنا هەر وێنەیەک لەگەڵ پێوەرەکەیدا نەیەتەوە، بە لاوەی دەنێت و هەوڵی سڕینەوەی دەدات. زانراو بە شێوەی ڕاستەوخۆ مانای ناسراوی شت دەگوازێتەوە، بۆیە زمانەکەی ڕوونە، بە ڕادەیەک یەکسانە بە هەر زمانێکی تری دەرەوەی، کە هەمان شت دەردەبڕێت، بەڵام نەزانراو بە سروشتی خۆی زمانێکی ناڕاستەوخۆ دەسەپێنێت، کە ئەوەی دەریدەبڕێت، خودی شتەکە نییە، بەڵکوو ئاماژەیەتی، کە بێژمار لێکدانەوەی دیکەی جیاواز هەڵدەگرێت. ئەگەر زانراو بەپێی یاسای کاتی دەرەوە خۆی دەردەخات و یەک خوێندنەوە دەسەپێنێت، بەوەی سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی هەن، ئەوە نەزانراو ئەو لۆژیکە تێک دەشکێنێت و کاتی ناوەوەی خۆی دادەمەزرێنێت. لێرەوەیە خوێندنەوە جیاوازەکان دەردەکەون. زانراو ڕووی لە جەماوەرە و بۆ لەبەرکردنە، لە کاتێکدا نەزانراو ڕووی لە خوێنەرە، کە هەر خوێنەرێک بەپێی جیاوازییەکانی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات، بەو مانایەی دایەلۆگ ئەو پێوەندییە دادەمەزرێنێت. واتە پێوەندیی تێکست و خوێندنەوە. خوێنەری پاسەوان بە دوای شت و خوێنەری ڕەخنەدۆز بە

دوای ئاماژەدا دەگەڕێت، تا ڕاڤەیان بکات، کە هەر خۆیشیان ڕاڤەن. واتە ڕاڤەی ڕاڤە دەگرێتە ئەستۆ. نووسەر بۆ ئەوەی خوێنەری پاسەوان دروست بکات، پێویستە لە ئاستی شتدا بمێنێتەوە و زمانەکەی ڕوون بێت، بە ڕادەیەک لێی تێبگەن و بە ئاسانی لەسەر شتەکانی خۆیاندا کەڵەکەی بکەن، تا لە کاتی شەڕەکاندا لە بیریان بێت و خێرا لە دژی نەیارەکانیاندا پەنای بۆ ببەن. وەک ئەوەی ئێستا لەم (فیلەی دووکانی شووشەوات)دا دەیبینین. لێرەدا ئێمە دەبێت جیاوازی لەنێوان شت و ئاماژەدا بکەین، کە ڕاستییەکەی لە بەرهەمەکانمدا کردوومە. ئەو باسە بۆ چەمکی (حەقیقەت)مان دەبات، چونکێ ئاماژە بەرهەمی پرۆسێسی تێکشکاندنی حەقیقەتە.[٣٦]

* * * *

کێ گوتاری (تێگەیشتن لە وەهمی ڕەهەند و ڕەهەندییەکان)ی نووسیوە؟ (سۆران ئازاد)، یان من؟

---

[٣٦] دەکرێت هەر بۆ نموونە ئەم گوتارەم بخوێنرێتەوە:

<u>لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە) – ژنەفتن(jineftin.krd)</u>

ئایا ئەو پرسیارە گرنگە؟ ئایا گرنگە بزانین کێ نووسیویەتی؟

ڕاستە ئەوەی بانگەشەی شتێک بکات، پێویستە خۆی بەڵگە بهێنێتەوە، بەڵام من گوێی نادەمێ و ئەو ئەرکەیش لە ئەستۆ دەگرم. بەوەدا شتەکە لای ئەم خوێنەرانەی (ڕەهەند) گرنگە، ئەوە وەک پێشتر گوتم دەتوانم بە بەڵگەوە بیسەلمێنم ئەو گوتارە (ئازاد) نووسیویەتی، کە نووسەرێکی دیارە. یەکەم کتێبی بە ناونیشانی (گوزارشتی خود) لەساڵی ٢٠١٢دا چاپ کردووە، کە ئەو کات تەمەنی هەژدە ساڵ بووە. کۆمەڵێک گوتاری گرنگی نووسیون. لە دوای خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوبات، لە مانگی نۆی ساڵی ٢٠١١، لە سلێمانیدا سیمیناری لەژێر ناونیشانی (زمانی ڕۆشنبیران لە دوای حەڤدەی شوبات)ـەوە پێشکەش کردووە، کە ئێستایش بینەران دەتوانن لە یوتۆب سەیری ڤیدیۆکە بکەن. هەموو ئەوانەی چ لە سلێمانی و چ لە (هەولێر) ئامادەی ئەو کۆڕانە بوون، بە زمان و مێتۆدی ئەو ئاشنان. ئینجا کتێبی (کایەکانی هێز)ی پار چاپ کراوە.

من بۆچی بە ناوی ئەوەوە دەنووسم؟ هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لە نووسینەکانمدا ڕەخنەم لە بۆچوونی (بەختیار عەلی) گرتووە. بۆ نموونە لە گوتاری

(لە ڕەخنەگر کێیەوە بۆ ڕەخنە چییە)، لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)، لە هەرسێ گوتاری (ڕۆمان لەنێوان جەماوەر و خوێنەردا)، (پەیامی ڕۆمان و ڕۆمانی پەیام) و (سەرچاوەکانی خوێندنەوەی ڕۆماننووس). گوتاری (هەولێر و هەولێری لە کۆنکریتبەندییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە)م لە گەرمەی حەڤدەی شوباتدا نووسراوە و پار پڕۆژەی (ڕێگە) وەک نامیلکە چاپی کرد. لە پەراوێزدا دیسان ناوی (بەختیار عەلی) هاتووە و ڕەخنەی لێ گیراوە. گوتاری (زۆرایەتی و جاگلەر)م بڵاو کرایەوە، کە لە (٢٠١٥)دا نووسراوە و تێیدا ڕەخنە لە (عەلی) و ئەوانەی دیکە گیراوە. دیسان لە پەراوێزدا ڕەخنەی ترم لێ گرتوون. ئەوانەی من دەناسن، دەزانن ڕۆژێک لەوە نەترساوم ڕەخنە بگرم. جگە لە کتێبەکانم، گوتار و گفتوگۆکانیشم ماون. بۆچی لەوە دەترسم بە ئاشکرا ڕەخنە بگرم، لە کاتێکدا بە ئاڕاستەی کرانەوە دەنووسم و تەنیا لەبارەی چەمکەکانەوە دەدوێم؟ ئەوانە ڕەخنە بە شەڕی فیزیکی تێگەیشتوون، لە کاتێکدا من ڕەخنە بە هاوواتای ڕاڤە دەزانم. هەندێک لە نووسەرانی (ڕەهەند) هاوڕێمن. یەکەم گوتاری (فارووق ڕەفیق)م لە زستانی (١٩٨٥) لە گۆڤاری (کاروان)، لەژێر ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ میتۆلۆژیا)دا خوێندەوە. ئەودەم لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم. تا ئەم ساتەیش لە بیرم ماوە. من و هاوڕێکانم پێی سەرسام بووین. ئەو نووسینە

لەو سەردەمەدا تێپەڕاندنێکە لە مێتۆدی نووسین بە مانا فرەوانەکەی.

شێوازی (ئازاد) و هیی من زۆر جیاوازن، بەڵام لەبارەی ڕێنووس، خاڵبەندی و نژوەوە تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕاین.[٣٧] ئەمڕۆ ئەم سێ ڕەگەزە لای ئەوانە وەک ستانداردیان لێ هاتووە، کە پێیان وایە زمان بایەخی هەیە و دەبێت وشە بە دروستی بنووسرێت، بۆیە دەشێ لەم ڕووەوە شێوازی نووسینی هەندێکمان لە یەک بچن. نایشارمەوە بەر لە بڵاوکردنەوە، بەرهەمەکانم بۆ هاوڕێیانم دەنێرم، وەک چۆن ئەوان هیی خۆیان بۆ من دەنێرن، تا سەرنج بۆ یەکتر بنووسین، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە بایەخی گەورەمان بۆ

[٣٧] بەر لە بڵاوکردنەوەی کتێبی (کایەکانی هێز)، (سۆران ئازاد) درافتەکەی بۆ ناردم. ڕاستییەکەی من هەستم بە زمانێکی جیاواز کرد، لە کاتێکدا دەگمەنن ئەو نووسەرانەی خاوەنی زمانی جیاوازن. وەک هەمیشە سەرنج و تێبینیی خۆمم سەبارەت بە ڕێنووس، خاڵبەندی و نژوەوە بۆ نووسی. دوای چاپکردنی کتێبەکە، بۆم دەرکەوت هەندێکیانی ڕەچاو کردوون و هەندێکیانی بە لاوە ناون. ماوەیەک دوای ئەوە، پێی ڕاگەیاندم، کە لە ڕەچاونەکردنی تەواوی سەرنجەکاندا هەڵەی کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەمیشە گوتوومە، کە (سۆران ئازاد) یەکێکە لەوانەی بە شارەزاییەکی زۆرەوە دەنووسن.

زمان هەیە. پێشتریش وام گوتووە. بۆ نموونە لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا.[٣٨]

من کەی (ئازاد)م ناسی؟ دوای ئەوەی ڕۆمانی (مامزێر)م چاپ کرا، نامەیەکی بۆ ناردم، کە تێیدا بۆچوونی خۆیی لەو بارەیەوە نووسیوە. نامەکەم هێشتا ماوە. جێگەی سەرسامیم بوو، لە کاتێکدا نەمدەزانی تەمەنی تەنیا پانزدە ساڵە. لە هاوینی (٢٠١٧)، دوای ئەوەی بڕیارم دا دوور بکەومەوە، پێوەندیم بە زۆر هاوڕێی ئازیزمەوە پچڕا، کە (ئازاد) یەکێکیان بوو. پار لە ڕێی (ئارام محەمەد)ی هاوڕێمانەوە ژمارەی تەلەفۆنمی وەرگرت و کتێبی (کایەکانی هێز)ی بۆ ناردم و خوێندمەوە، وەک چۆن من دوو ڕۆمانی نوێی خۆمم بۆ ئەو نارد. لەو کتێبە و لەم نووسینەیشیدا ناوی (ڕۆی باسکار) هاتووە، کە ڕێک نەکەوتووە هێشتا هیچ بەرهەمێکی بخوێنمەوە، لە کاتێکدا ئەو بە زمانی ئینگلیزی گوتاری لە بارەیەوە نووسیوە. (ئازاد) داوای لەو خوێنەرانەی (ڕەهەند)، بگرە داوای لە نووسەرانی (ڕەهەند) کردووە بێن و بە لایڤ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. کەسێک دەتوانێت لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکات،

---

[٣٨] کاکەســـــوور، کاروان عومەر، گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، ٢٠١٩

ئەگەر خۆی بابەتەکەی نەنووسیبێت؟ ئەوەی یەکەم نامەی ئەو بخوێنێتەوە، کە لە تەمەنی پانزدەساڵیدا بۆی ناردووم، لە کاتێکدا پێشتر هەر ناویم نەبیستووە، دەزانێت پێویستی بە کەس نییە بۆی بنووسێت. ئایا ئەمانە گرنگن، یان ئەو چەمکانەی (ئازاد) کاری پێ کردوون؟ ئایا نەدەکرا و ناکرێت لەبارەی ئەوانەوە بۆچوونی خۆیان بنووسن و بپرسن، ئاخۆ ئەو سەرچاوانەی نووسیونی، بە ڕاستی لێی وەرگرتوون؟ ئایا بە دروستی لە فیکری ئەو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانە گەیشتووە؟ ئێوە لە کاتێکدا هێندە مەبەستتانە خوێنەر بزانێت (ئازاد) نەینووسیوە، بۆچی نایەن بە نووسین، یان بە زارەکی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن؟ بێگومان لەمەوە دەردەکەوێت، ئاخۆ خۆی نووسیویەتی، یان بۆیان نووسیوە!

هەندێک نووسەری (ڕەهەند) لە دوای ڕاپەڕینەوە، بگرە کەمێک پێشتریش بانگەشەی ئەوەیان کردووە، گۆیە بە وردی فیکری فیلۆسۆف و بیرمەندانیان خوێندووەتەوە، بە تایبەتی فیلۆسۆف و بیرمەندانی سترەکچرەلیزم بە گشتی و (فۆکۆ) و (بارت) بە تایبەتی. من لە ڕۆژگاری زانکۆدا ڕێک نەکەوت یەک کتێبی ئەوانە بخوێنمەوە، بەڵکوو تەنیا لە ڕێی نووسەرە ئەمازیگەکانەوە، کە ئەو ڕۆژگارە هەندێک بابەتیان دەگەیشتنە لامان، زانیم ئەوان چۆن لە چەمکی

زمان، دەستەڵات، مەعریفە، جەستە و ئەوانەی دی دەڕوانن. ئەو چەند گوتارە وێنەیەکی گشتیی بنیادگەری (سترەکچرەلیزم)یان خستە بەر چاوم، کە زمان تێیدا خاڵی گەوهەرییە و بە هەوڵە زمانەوانییەکانی زمانناسی سویسرایی (فریدیناند دی سۆسێر) گەشەی کردووە. ئەوان وا لە دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان ناڕوانن، کە تەنیا خاوەنی ڕەهەندی مەتێریەلین، بەڵکوو پێیان وایە هەر ئەوانە ئاماژەیشن و دەکرێت مانای دیکەیان تێدا بدۆزرێتەوە، بەوەی پێوەندیی ناوەکییان پێکەوە هەیە. بەم شێوەیە ئەوان بە گشتی فۆکەسیان لەسەر تێکستە و پێیان وایە تێکست دنیایەکی تەواوە، کە هەموو ئەو ئاڕاستە جیاوازانە لە خۆی دەگرێت، بۆیە فاکتەرەکانی وەک کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی، سایکۆلۆجی و ئەوانەی دیکە لە بەر چاو ناگرن. تا ڕاپەڕین ئەمە ئەو چوارچێوە گشتییە بوو، کە من لێیەوە دەمڕوانییە سترەکچرەلیزم. نکووڵی ناکرێت نووسەرانی (ڕەهەند) پێشەنگ بوون لەوەی بە زمانی کوردی ناوی ئەو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانە بهێنن، بەڵام ئایا لێیان تێگەیشتن؟ ئایا توانییان خوێنەرێکی ڕەخنەدۆز لە ماوەی ئەو سێ دەیەیەدا پێ بگەیەنن؟ بەهەرحاڵ من خۆم دوای ڕاپەڕین هەوڵم دا ڕاستەوخۆ لەو بارەیەوە بخوێنمەوە، کە دەکرێت خوێنەری ڕەخنەدۆز بۆ بەرهەمەکانم بگەڕێتەوە، تا بزانێت چۆنم خوێندوونەتەوە. نزیکەی پانزدە ساڵە گفتوگۆیەکی

(بەختیار عەلی) و من لەبارەی زمانەوە بڵاو کراوەتەوە، کە خۆزگە خوێنەر هەردوو وەڵامەکە دەخوێنێتەوە، تا بزانێت هەر یەکەمان چۆن ڕووبەڕووی چەمکی زمان بووینەتەوە، لە کاتێکدا ئەوانەی بەرهەمی نووسەرانی سترەکچرەلیزم دەخوێننەوە، بەر لە هەرچی ڕووبەڕووی چەمکی زمان دەبنەوە. ئایا لەو وەڵامەدا بۆچوونی یەکێ لەوانەی لە بیر بووە، یان لە ڕێی خوێندنەوەی ئەوانەوە ڕوانینە باوەکەی بۆ زمان گۆڕاوە؟ ئایا زانیویەتی شتێک هەیە بە ناوی زمانی ڕۆژانە و زمانی نووسین؟ ئەو پرسیارە شەڕانگێزە لانی کەم لە (سۆکرات) و (پلاتۆ)ـەوە دەتەقێتەوە و بە تێکڕای فەلسەفەدا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە (دێریدا)، کە بەشی زۆری تەمەنی بۆ تەرخان دەکات و هێشتا نەبڕاوەتەوە، بەڵکوو لای ڕەخنەدۆز و فیلۆسۆفان بەردەوامە.[39] من لە وەڵامەکەمدا بۆچوونی ئەو فیلۆسۆفانەم هێناوەتەوە و لێیانەوە دواوم، بەڵام ئایا ئەو بە لای هیچ یەکێکیاندا چووە؟ لەو ڕۆژەوە دەستم دایە خوێندنەوەوە، پرسیاری زمان ڕێی لێ گرتم، بگرە هەر ئەو پرسیارە بەردەوام ئاڕاستەی کردووم. ئایا زمان لە ناوەوەمدایە، یان من لە ناوەوەیدام؟ ئەگەر زمان (بوون)ـە، یان گیانلەبەرە، چۆن گەشە دەکات

---

[39] وەڵامی بەختیار عەلی و کاروان کاکەســــوور لەبارەی زمانی ڕۆژانە و زمانی نووسینەوە، ئامادەکردنی جەلال ئەنوەر.
http://www.dengekan.com/doc/2010/3/karwan_bakhtyar.htm

و چۆن گەورە دەبێت؟ بۆچی زمانێک لە زمانێکی تر جیاوازە؟ ئەو پرسیارانە گەورەترین دڵەڕاوکێیان بۆ هێنام، کە ئەوە وای کرد چەمکی مێتافۆر و ڕیتۆریک بناسم، بەو مانایەی تەنیا لە ڕێی ئاماژەوە دەتوانم خۆم دەرببڕم، بۆیە ناکرێت چوارچێوە بۆ هیچ مانایەک دابنێم. بە مانایەکی تر، مادام ئەوەی نووسیومە، ڕێک ئەوە نییە، دەمویست بینووسم، پرۆسێسەکە درێژەی هەیە و بەردەوامە، بەڵام بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی زیاتر. هەر لێرەیشدا شێواز دەردەکەوێت، بەوەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە هەر بوونەوەرێکی دیکەت جودا دەکەنەوە. لەمەوە بە شێوازی خۆتو لە ڕێی ئاماژەکانەوە ناوەوەت دەردەبڕیت. شێواز واتە تێپەڕاندنی ئەوەی هەیە بە ئاڕاستەی نەزانراودا. شێواز لای من خودی زمانە و هاوواتای ئازاریشە، بۆیە (بوون) دەردەبڕێت، نەوەک شتێکی دیکە. ئەوەی دەبێت دەریببڕم، خودی زمانە، نەوەک بیرۆکە. شێواز هەم ناوەوەیە و هەم دەرەوەیش.

ئایا هەر بە گشتی ڕوانینی (عەلی) بۆ زمان، هەمان ڕوانینی خەڵکی ئاسایی نییە؟ وەک گوتمان فۆکەسی سترەکچرەلیزم لەسەر تێکست و پێکهاتەکانی تێکستە، بۆیە نووسەر شتێکە لە دەرەوەی تێکست و ئەو حیسابە گەورەیەی بۆ ناکرێت، بگرە هەر بۆی ناکرێت، بە مەرجێ ئەو خوێنەرانەی

(ڕەهەند) هێندە لایان گرنگە بزانن ئەوە (ئازاد) نییە ئەو گوتارەی نووسیوە، بەڵکوو منم، لە کاتێکدا ئەوەی بە لایدا ناچن، تێکستە.

(ڕۆلان بارت) لە لێکچەی (مەرگی نووسەر)دا دەنووسێت: ئێمە ئێستا دەزانین تێکست ڕستەیەک وشە نییە، یەک مانای تیۆلۆجی(theological meaning)ی لێ دەرچووبێت (پەیامی نووسەر - خوداوەند)، بەڵکوو گۆڕەپانێکی فرەڕەهەند(a multi-dimensional)ـە و تێیدا نووسراوە جۆراوجۆرەکان بەر یەک دەکەن و ئاوێتەی یەک دەبن، کە هیچ یەکێکیان ڕەسەن نین. تێکست بریتییە لە ڕایەڵی گوتەگەلی (a tissue of quotations) وەرگیراو لە بێژمار بنکەی کەلتووری.[٤٠] هەر کتێب خۆی تەنیا ڕایەڵی کۆمەڵێک ئاماژەیە.[٤١] هەروەها دەنووسێت: (تێکست لێرە بە دواوە و لەسەر هەموو ئاستەکانیدا، هەر لە دروستبوونیەوە تا خوێندنەوەی، بە شێوەیەکە، کە نووسەری بە تەواوی تێدا ونە).[٤٢] بەردەوام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە مەرگی نووسەر، واتە لەدایکبوونی خوێنەر. مەبەستی ئەوەیە کاتێ

40 ROLAND BARTHES, Image Music Text, Essays selected and translated by Stephen Heath, Published by Fontana Press, London, 1977, p146
41 ibid. p147
42 ibid. p145

نووسین بە هیی نووسەر دەزانین، ئەوە سنووری بۆ دادەنێین و مانای کۆتاییی پێ دەدەین.[43] لێرەدا بایەخ بە کرانەوەییی تێکست دەدات، بەو مانایەی ئەو تێکستە نەکرێتە ڕووبەرێک بۆ حوکمی ڕەها و ئاڕاستەکان لە خاڵێکدا کۆتاییان نەیەت، بۆ ئەوەی خوێندنەوە ببێتە کارێکی داهێنەرانە و بەشداریی خوێنەر لەو پرۆسێسەدا دەربکەوێت. (هیچ حەقیقەتێکی بابەتی و خودی بۆ خوێندنەوە نین، بەڵکوو تەنیا حەقیقەتێکی یاریکەر هەیە).[٤٤] ئەو حەقیقەتە یاریکەرە چەسپاو نییە و لە جووڵەدایە، کە دەکرێت هەر خوێنەرێک بە شێوازی خۆی لێکی بداتەوە. ئەو حەقیقەتە یاریکەرە یارمەتیمان دەدات دوالیزمەکان تێبپەڕێنین و ڕێگرە لەوەی گوتەی وەک (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند) دەرببڕین، یان ئەگەر هاتە بەردەممان، نەهێڵێت فریومان بدات.

(دێریدا) لە کتێبی (نووسین و جیاوازی)دا بە شێوازی خۆی جەخت لەوە دەکاتەوە و ئەویش نووسین بە یاری دەزانێت،

---

[43] ibid. p147

[٤٤] بارت، رولان، هسهسة الـــلغة، ترجمة: منذر عياشي، الطبعة الاولى، مركز الإنماء الحضاري، حلب، ١٩٩٩، ص٤٢

بەو مانایەی یاری بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە[٤٥]، کە یاریی بەردەوامی ماناکان سڕینەوەی سنووری نێوان چەمکەکان و دەرکەوتنی ڕاڤەکانە، تا لەوێوە هەر ڕاڤەیەک بتوانێت تێکستەکە بە شێوەی خۆی پێک بهێنێتەوە (reshaping). پێی وایە (هیچ شتێک لە دەرەوەی تێکستدا نییە)، بەو مانایەی تێکست لە هەموو سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی دابڕاوە. پڕە لە دژایەتی، دوورە لەوەی چەسپاو بێت و هیچ چەق (سێنترال)ێکیشی تێدا نییە. بەم شێوەیە کراوەیە و بە خاڵی کۆتایی ناگات، کە هەر خوێنەرێک بە ڕێگەی خۆی دەیخوێنێتەوە. واتە ئەوە خوێنەرە مانا بە تێکست دەبەخشێت و هەر ئەویشە مانای جیاواز بەرهەم دەهێنێت. لە ڕێی یاریی بێکۆتایی(infinite play)یەوە ڕاڤە بێکۆتایی(infinite interpretations)یەکان دێنە دی و نادیار (absence) دەردەکەوێتەوە، بەوەی ئەو پرۆسێسە کارلێکی نێوان دیار و نادیار پێک دەهێنێت.[٤٦]

---

[٤٥] دریدا، جاک، الکتابة والاختلاف، ترجمة کاظم جهاد، تقدیم محمد علال سیناصر، دار توبقال للنشر، الدار البیضاء، الطبعة الثانیة، ٢٠٠٠، ص١٠٤

[٤٦] لێرەدا مەبەستمان نییە (دێریدا) لەگەڵ ئاڕاستەی سترەکچرەلیزم تێکەڵ بکەین، کە ئەو ئاڕاســتەی پۆســتســترەکچرەلیزم (Post-structuralism)ی گرتووە و ڕەخنە لە مێتافیزیکای (ســـۆســـێر)یش دەگرێت، لەوەی پێوەندیی بە دال و

خوێنەری پاسەوان بە دوای یەک مانادا دەگەڕێت و ئەو مانایەیش چەسپاوە، بۆیە ئاڕاستەی ئەو خوێنەرە هەم لەگەڵ هیی نووسەری دوالیزمگەر و هەم لەگەڵ هیی خوێنەرە پاسەوانەکانی دی یەک دەگرێتەوە. ئەوە هەمان زمانی سیاسەتە و لانی کەم لە سەرەتای شەستەکانەوە ئەو زمانە کەوتووەتە گەڕ، کە دواتر بۆ نووسەران گوێزراوەتەوە. بەشێکی نووسەرانی (ڕەهەند) ماوەیەکی زۆرە پێوەی خەریکن.

جەماوەر، دروستتر خوێنەری پاسەوان، بە گشتی لە بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی)دا گوتەی ڕەونەقداری وەرگرتوون، کە ئەوانە داخراون، بەوەی هەمان مانای زانراویان پاراستووە، بۆیە ئەو خوێنەرە بە گرنگیان دەزانێت و لە بەریان دەکات. لە کتێبی (ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ)دا هەوڵم داوە بە وردی باس لەو داخراوی و کرانەوەییە بکەم. وەک گوترا هەر کام لەو گوتانە دەگریت، کە جەماوەر وەریگرتوون، بەپێی کاتی دەرەکی دامەزراون. واتە بە پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی)

---

مەدلوولەوە هەیە، بەڵکوو تەنیا لەوە ڕوانگەیەوە هێناومانە، کە پێ لەسەر بایەخی تێکست دادەگرێت و نووسین بە یاری دەزانێت. پێشتر لەوە دواوم. بڕوانە:

http://www.dengekan.com/doc/2010/3/karwan_bakhtyar.htm

نووسراون، کە ئەو پرینسیپە لەلایەن ڕەخنەدۆزانەوە، بە تایبەتی لای فیلۆسۆفانی جیاوازییەوە کەوتووەتە بەر ڕەخنەی توند و لەو گفتوگۆیەدا نموونەم لێ هێناونەتەوە. (دێریدا)، کە لە ڕێی (نووسین)ـەوە ڕووبەڕووی مێتافیزیکا دەبێتەوە و دەیەوێت تێی بپەڕێنێت، وا لە تێکستی نووسراو دەڕوانێت، پابەندی سەرەتا و کۆتاییی دیاریکراو نییە، بەڵکوو کراوەیە. لەبەر ئەوەیشە نووسین بەرەیەکی جۆشدراوە لە دژی مەرگ[٤٧]، بەو مانایەی ئەگەر مەرگ خاڵی کۆتاییە، ئەوە نووسین توانای هەیە ئەو کۆتاییە تێک بشکێنێت.

ئەو گوتەیەی لێرەیشدا هاتووەتەوە، گوتەی فیلی دووکانی شووشەوات، هەمان داخراوی لە خۆی دەگرێت. واتە ڕووی لە کۆتاییەکی دیاریکراوە، وەک چۆن بە سەرەتایەکی دیاریکراویش دەستی پێ کردووە. بە مانایەکی دی، ڕووی لە مەرگێکی زانراوە، کە دواتر بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەم.

(فۆکۆ) لە (نووسەر چییە؟)دا پێی وایە ئەوە نووسەر نییە گرنگە، بەڵکوو ئەوەی بایەخی هەیە، چەمکە. هەر لەبەر

---

[٤٧] دریدا، جاک، المهماز (اسـاليب نيتشـه)، ترجمة: عزيز توما وابراهيم محمود، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، سورية، ٢٠١٠، ص٢٠

ئەوەیشە ناپرسێت نووسەر کێیە. ئەو پرسیارە لە (ساموێل بیکیت) وەردەگرێت: (ئاخۆ گرنگە کێ قسە دەکات؟)، کە بە گوێپێنەدان(indifference)ـەوە دەیڵێت، بەو مانایەی گوتە گرنگە، نەوەک خاوەنی گوتە. (فۆکۆ) لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵی نووسەر لە بەرانبەر نووسیندا، یاخود لە ئاست گوتراودا کەم دەکاتەوە.[٤٨]

واتە ئێمە کاتێ لە بەردەمی تێکستداین، ئەوە باس لە ئاڕاستە بێسنوورەکانی دەکەین و فاکتەرەکانی دەرەوە لە بەر چاو ناگرین. دیسان دەڵێم ئەوە وانەیەکی زۆر سادەیە، چۆن لە میانەی خوێندنەوەی ئەو هەموو بەرهەمەی (ڕەهەند)دا، بەر چاوتان نەکەوتووە؟ نەبووە، یان نەتاندیوە؟

ئەو خوێنەرانە بەرهەمی چین؟ ئایا بەرهەمی سنووردارکردن و ئاسانکردنەوەی فیکر نین، کە نووسەرانی (ڕەهەند) بە گشتی و (بەختیار عەلی) بە تایبەتی خەریکیانە؟ ئایا ئەوە (عەلی) نییە هەر کەسێ ڕەخنەی لێ گرتبێت، کۆمەڵێک ئاوەڵناوی وەک نەخوێندەوار، گەمژە،

[48] Michel Foucault, What Is An Author?Available at: http://seas3.elte.hu/coursematerial/HarasztosAgnes/Foucault_WhatIsAnAuthor.pdf

زبڵ و هیی دیکەی خستووەتە پاڵی؟ دوو لەو جوێنانە هەڵدەبژێرم، کە (نەخوێندەوار) و (گەمژە)ن، تا لە خوارەوە پێشانی بدەم بەکارهێنانیان تەنیا نیشانەی سنووردارکردن و کورتکردنەوەی فیکرە.

❊ ❊ ❊ ❊

لە پێشەوە باس لە چەمکی ترازان کرا، کە بریتییە لە تێپەڕاندنی ئاستی شت و پەڕینەوە بۆ ئاستی ئاماژە. بە مانایەکی دی، دەرچوون لە زانراو بە ئاڕاستەی نەزانراودا. ئەو تێپەڕاندنە هەموو شتێک دەگرێتەوە، نەوەک تەنیا لایەک، یان چەند لایەکی دیاریکراو. ئەوانەی لێرەدا ون دەبن، پێوەر و شوناسن. ئەو پرۆسێسە بریتییە لە تێکشکاندنی حەقیقەت، بەوەی پێوەرەکان بەپێی حەقیقەت دەجووڵێنەوە. کاتێ حەقیقەتەکان تێک دەشکێن، دنیایەکی تر دەکرێتەوە، کە دنیای ئاماژەیە. لێرەدا شتەکان مانای جارانیان نامێنێت، کە هەر لە بنەڕەتدا ئەو مانایانە هیی خۆیان نین، بەڵکوو هیی دەستەڵاتەکانن. وەک گوترا (نیتشە) پێی وایە هەموو ئەو بەهایانە ساختەن و دەبێت جینالۆجیایان بۆ بکرێت. بەم شێوەیە ئەوەی لە دنیای شتومەکدا مانای خراپی هەیە، لە دنیای ئاماژەدا لە دەستی دەدات و مانای دیکە، بگرە بێژمار مانای دیکە شوێنی

دەگرنەوە، کە ئەمە هێزی ڕاڤەیە وەک پرۆسێسێکی بێکۆتایی. ئەوانەی لە بەردەمی حەقیقەتدا دەبنە تەگەرە، پرسیار و گومانن، کە توانایان هەیە نەک هەر خودی حەقیقەت تێک بشکێنن، بەڵکوو بە شێوەیەکی وەهایش پارچەپارچەی بکەن، جارێکی دیکە نەتوانێت خۆی بگرێتەوە و پارچەکانی پێکەوە بلکێنێتەوە. حەقیقەت ئەگەر دەنگێکی هەبێت، هەر ئەوەیە، کە لە کاتی تێکشکاندا، واتە لە گیانەڵادا لێی بەرز دەبێتەوە: (من حەقیقەت نەبووم). کەواتە لێدان دەنگی حەقیقەت دەکاتەوە، دەنا بەبێ لێدان ئەو دەنگەی نابیستین و بە کپی دەیان مانا دادەپۆشێت. کاتێ حەقیقەت دەمرێت، ژیان لە دایک دەبێت و زمان دەگرێت، کە بۆ ئەوەی ئەویش وەک حەقیقەت نەمرێت، پێویستە بێژمار دەنگی هەبن. پێشتریش گوترا لە ئەدەبی داهێنەرانەدا مانای پێشوەخت نییە، بەڵکوو ئەو مانایە کاتێک پێک دێت، کە خوێنەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بەپێی ڕوانینی خۆی دەخوێنێتەوە. واتە هەر خوێنەرێک بەپێی بینینی خۆی مانا دەدۆزێتەوە. ئەدەبی ڕووکەش پێشتر بڕیاری داوە چی باشە و چی خراپ، کە ئەو پێوەرە هیی جەماوەرە. فریشتە جوان و ئیبلیس ناشیرینە. سپی گرنگە و ڕەش بێنرخە، تەنانەت هەر بەپێی ئەو پێوەرەی جەماوەر کارەکتەرەکان ناویان لێ دەنرێت. لەمەوە شوناسێک هەیە و نووسەری جەماوەری پشتی پێ دەبەستێت. ئەو شوناسە بریتییە لە

یەکێتیی دەستەڵاتەکان، کە هەر ئاڕاستەیەک لەگەڵ ئەو شوناسەدا نەیەتەوە، دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەو دەستەڵاتە و هەوڵی سڕینەوەی دەدرێت.
ئەگەرچی لە ئەدەبی ڕوانگەوە ڕەخنەی میللی هەوڵی داوە دەنگێک زاڵ بکات و ئەوانەی تری پێ بسڕێتەوە، بەڵام هاوکاتی ڕاپەڕین ئەو هەوڵە چڕتر دەکرێتەوە. سەیر نییە وشەی (زبڵ)، کە داهێنانی دوای ڕاپەڕینە، بە هەر دەنگێک بگوترێت، دژی ئەو شوناسەیە، بگرە داخراوی و تاکدەنگی گەیشتوونەتە ئاستێک، هەندێک ڕۆماننووس ئاوەڵناوی (گەمژە) و (نەخوێندەوار) بدەنە پاڵ هەر دەنگێکی جیاواز. واتە دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر بەرەی چاکە و خراپەدا، کە ئەمە لانی کەم لە (نیتشە)وە فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کە هەیانە هەموو تەمەنی بۆ تەرخان کردووە، (فۆکۆ) بە نموونە. لە کاتێکدا ڕۆماننووسی ئێمە هێندە بە شێوەی قێزەون لە نەخوێندەوار دەڕوانێت و بە گەمژەی دەزانێت، ئەوەتە (ماگنوس ئینزێنسبێرگەر: Magnus Enzensberger)ی شاعیر و بیرمەندی ئەڵمان گوتارێکی لەژێر ناونیشانی (پێهەڵدانی نەخوێندەواری: In praise of illiteracy)دا نووسیوە، کە باس لەوە دەکات چۆن کەمایەتی لە پەنا خوێندەوارییەوە دەیەوێت بەشێکی زۆری دانیشتووانی گێتی بە بیانووی نەخوێندەواری بسڕێتەوە، لە کاتێکدا ئەوە

نەخوێندەوارەکانن یادەوەریی گەورەیان هەیە و وردبینن. ئەوە ئەوانیشن ئەدەبیان داهێناوە، بگرە دەگاتە ئەوەی بڵێت ئێرەیی بە نەخوێندەوار دەبات، کە خاوەنی ئەو یادەوەرییە مەزنەیە.[٤٩] دیارە ئەو نووسەرە دژی خوێندەواری نییە، بە قەدەر ئەوەی دەیەوێت لاکەی دیکەی سیستەمی خوێندن ببینێت، کە مەرجدارە. لە ڕێگەی خوێندنەوە دامودەستگەکان دەیانەوێت توانامان داگیر بکەن و بە ئارەزووی خۆیان هەڵمانبسووڕێنن. پابەندبوون بە سیستەمی خوێندن و لەبەرکردنی وانەکان پێوەرە بۆ زیرەکی و تەمبەڵیی قوتابی، بە مەرجێ وەک (بێرگسۆن) دەڵێت ئەوە یادەوەریی عادەتی(habits memory)یە، بە شێوەی میکانیکی ئەو شتانە لە بەر دەکات و قووتیان دەدات. لەبەرکردن قوتابی لەسەر ئەوە ڕادەهێنێت گوتەی دەستەڵاتداران بە پیرۆز بزانێت و لە بەریان بکات، بگرە هەموو فەرمانێکیان بە جێ بهێنێت. فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزان دژی هەموو دابەشکردنێک وەستاونەتەوە، بەوەی لە هەر دابەشکردنێکدا کۆمەڵێک مانا لە پێناوی دەستەڵاتدا دەکوژرێت، تا حەقیقەتی چەسپاوی ئەو دەستەڵاتە بمێنێتەوە، کەچی هەندێک ڕۆماننووس هەن، ناتوانن بەبێ دوالیزم بیر بکەنەوە، کە لە

---

49 IN PRAISE OF ILLITERACY. - Free Online Library (thefreelibrary.com)

پەنا ئەو شوناسەوە پەلاماری هەموو دەنگێکی جیاواز دەدەن. ئەو شوناسە پێی وایە خاوەنی تایبەتییەکی بێوێنەیە و ئەو تایبەتییە لە دەنگەکانی دەرەوەی خۆیدا نییە. وەک گوترا ئەو تاکمانایەی ناو سیاسەت هاتووەتە ناو ئەدەبیش، کە یەک نووسەر بەرز دەکرێتەوە و هەموو ئەوانەی تر دەخرێنە پەراوێزەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی جەماوەر پێی وایە ئەو نووسەرە گەورە و داهێنەرە. واتە لە جوێندناندا هێزی ڕازاندنەوەی هەیە و دەتوانێت بە پاڵپشتی کەلتووری میللی ئاوەڵناوی قێزەون بداتە پاڵ دەنگی جیاوازەوە.[٥٠]

---

[٥٠] ئێستا وا لە کاتێکدا دەمەوێت ئەم بەرهەمەم بۆ بڵاوکردنەوە بنێرم، هاوڕێیەکم سکرینشوتی پۆستی خوێنەرێکی (بەختیار عەلی)ی بۆ ناردووم. لە فەیسبوکدا کردوویەتی و بۆچوونی پیاوێکی هێناوەتەوە، کە ناوی (مام فەرخە)یە و لە ڕۆژگاری ڕاپەڕیندا گوتوویەتی: {بە حەموو حەمووان ڕێبکەوین، دایەی (طوووط) بکەین و مەحفی کەینەوە}. واتە پێویستە هەموو کۆ ببنەوە، تا دایکی ئەو حوکوومەتە بگێن و لە ناوی ببەن. مەبەستی بەعسە. ئەوەی لەگەڵ گوتەیەکی (عەلی)دا بەراورد کردووە، کە دەڵێت: (نە تەنیا سەرۆک،بەڵکوو خودی یاساکانیش دەبێ بڕۆن.نە تەنیا سەرۆک،بەڵکوو قۆناغێک لە مێژووی سیاسی ئێمە و بەشێکی گەورە لە عەقڵی سیاسی ئێمە بەسەرچووە). وەک خۆی نووسراوەتەوە. ئەو خوێنەرە، کە ناوی (ڕێبوار مەحموود: Rebwar Mahmood)ـە، زۆر جوانی نووسیوە: (مەبەستی مام فەرخە و بەختیار عەلی یەک شتە، تەنها دەستەواژە و یارییە زمانییەکان جیای کردوونەتەوە. هەردووکیان دەیانەوێ یەک قسە بکەن. یەک شاڕێی چارەسەر پێشنیاز دەکەن. ئەوەی ڕستەکانی بەختیاری جوان کردووە،وشەئاراییە کە مام فەرخە نایزانێ). ئەرێ لەو گوتەیەدا بۆچوونی بۆ نموونە فیلۆسۆفانی وەک (فۆکۆ) و (دولووز) بۆچی دیار نین؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا خوێندنەوەی هەر یەکێ لەو فیلۆسۆفانە لە شێوازی بیرکردنەوەماندا ڕەنگ نەداتەوە، تا ئەم گوتەیەی پێ تێ بپەڕێنین؟ ئایا ئەوە ڕوانینی بیرمەندێکە—>

ڕەخنەگرە میللییەکان نووسەرێک گەورە دەکەن، کە هەمان تێگەیشتنی خۆیانی هەیە، چونکە ئەو نووسەرە کاتێ دەبێتە سیمبۆل، دڵنیایی بەو ڕەخنەگرانە دەبەخشێت، گۆیە لە ئاستێکی باشدان و پێویستیان بە گۆڕان نییە. بە مانایەکی تر، دەگاتە ئەوەی بە خۆیان بڵێن هیچ ڕەخنەیەک ناتوانێت ئەو پایەیەتان لەق بکات. لێرەوەیە ڕەخنەگرە میللییەکان بەرگری لە تاکدەنگ دەکەن و دژی هەموو دەنگێکی جیاواز دەوەستنەوە، بەوەی ترسیان لە لەقبوونی ئەو پێگەیەیان

---

—> بۆ چەمکی مێژوو؟ ئایا لە پشت ئەو ڕوانینەدا، جگە لەو تێگەیشتنە میللییەی، (مام فەرخە)، (ڕێبوار مەحموود)، من و ئەوانەی دیکەیش پێی لە دایک بووین، هیچی دیکە هەیە؟ ئایا ئەو گوتەیە، ئەگەر بە ڕاستی هیی (عەلی)یە و بە هەڵە وەرنەگیراوە، سەختە هەر کەسێک بیڵێت؟ ئایا مەرجە بە ڕێنووس، خاڵبەندی و نژوەی دروستەوە بینووسێتەوە؟ ئەوە نییە (مام فەرخە) سی ساڵ زیاترە هەمان شتی گوتووە؟ ئەرێ لە پەنجاکانەوە تا ئەمڕۆ، هەر جارێ جەماوەر ڕژابنە سەر شەقامەکان، ئەو هوتافانەیان نەکێشاون، کە لێرەدا وەک خۆیان نووسراونەتەوە؟ ئایا کتێبی بۆ نموونە (سیستەمی چەمکەکان)ی (فۆکۆ) ڕێی خوێنەرێکی لەم شێوەیە دەدات، گوتەیەکی لێ وەربگرێت و هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکات؟ کەواتە بۆ ئەوەی بیرمەندە گەورەکان دەنگیان بگاتە جەماوەر و بە ئاسانی گوتەکانیان لێ وەربگرن، پێویستە هەمان بۆچوونی ئەوانیان هەبن. (ڕێبوار مەحموود) زۆر بە دروستی دەریبڕیوە، کاتێ دەڵێت (مام فەرخە یارییە زمانییەکان نازانێت). لەم نووسینەمدا باسی چەمکی (یاری) لای فیلۆسۆفانی وەک (بارت)، (دێریدا)، (لیوتار) و ئەوانەی دیکە کراوە و هیوادارم خوێنەری ڕەخنەدۆز سەرنجیان لێ بدات. یارییە زمانییەکان، واتە ڕازاندنەوەی گوتەی جەماوەر، کە ئەوە بە ڕازاندنەوە (flowery) ناسراوە و لانی کەم لە سەدەی هەژدەمەوە فیکریی ڕەخنەیی تێی پەڕاندووە. ئەمڕۆ ئەو ڕازاندنەوەیە لە نووسینی هەندێک نووسەری دیاردا وەک داهێنان لێک دەدرێتەوە.

هەیە. ئەمە هەمان ئەو تێگەیشتنەی جەماوەرە، کە تاکسەرکردە دروست دەکات. خودی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پەنا بۆ ئەو سێنترالیتییە دەبەن و لەبەر هەمان هۆکار بایەخ بەو نووسەرە دەدەن. مامۆستایانی زانکۆیش بە گشتی قوتابییەکانیان ناچار دەکەن لەبارەی ئەو نووسەرانەوە بنووسن، مادام ئاسانن و زمانیان هەمان زمانی جەماوەرە. ئینجا وەرگێڕەکانیش بە گشتی بەرهەمی ئەو نووسەرانە وەردەگێڕنە سەر زمانەکانی تر، کە ئاسانن و جەماوەر پەسەندی کردوون. بەوەدا ئەو ڕۆماننووسانە لە ڕێی سەرچاوە و چەمکی گشتییەوە بیر دەکەنەوە و دەنووسن، هەمان داخراوی بەرهەم دەهێننەوە. خەمی یەکەمیان بەدەستهێنانی دەنگی جەماوەرە. ڕەخنەگری میللی جۆرێکی دیاریکراوی ڕۆمان زەق دەکاتەوە و دژایەتیی خۆی بۆ هەموو جۆرە شێوازێکی تر ڕادەگەیەنێت، چونکە خۆی تەنیا سەری لەو جۆرە باوە دەردەچێت، تا بەو زمانە میللییە وەسفاوییەی پێیدا هەڵبڵێت. هەندێک ڕۆماننووسی کورد لە پێناوی یەک بیرۆکەدا ڕۆمان دەنووسن، کە خودی بیرۆکەکە زانراوە و لە کۆیادەوەریی جەماوەردا زیندووە. بەم شێوەیە هەموو شتێک لە خزمەتی ئەو بیرۆکەیەدا بە کار دەهێنن. ئەو ڕۆماننووسانە هەمان ئەو شۆڕشگێڕانەن لە شەستەکان، حەفتاکان و هەشتاکاندا چەکیان بۆ

بیرۆکەیەک هەڵدەگرت، بۆیە هەمان لۆژیکی شۆڕش لەناو ڕۆمانیاندا دووبارە دەبێتەوە.
جەماوەری حیزبەکان لە پێش ڕاپەڕین بە هەندێک شتی ئەو شۆڕشگێڕانە سەرسام بوون، کە ئەمڕۆ ئەوە بۆ ناو خوێندنەوەوە گواستراوەتەوە. ئەوەتە جەماوەر بە هەندێک گوتەی بریقەداری ڕۆماننووس سەرسامە، کە ئەگەر خوێنەری وریا لەسەر هەر یەکێکیاندا بوەستێت، تەنیا ڕووکەشی دەبینێت. هاوڕێیەکم لە ڕێگەی ڤایبەرەوە ئەم گوتەیەی بۆ ناردووم، کە لە ڕۆمانێکی بەناوبانگ وەرگیراوە و لە فەیسبوکدا بڵاو کراوەتەوە: (ئەوەگەمژەکانن کە وا دەزانن کتێب خوێندنەوە مرۆڤەکان، هەموو مرۆڤەکان وەک یەک دەکات بە رۆشنبیر. بەشی هەرەزۆری خەلک کە کتێب دەخوێننەوە ، دواتر دەبن بە درۆزنێکی باش).[51]
بۆچی جەماوەر بە گوتەیەکی لەم شێوەیە سەرسامە؟ چونکە هەمان تێگەیشتنی خۆی تێدا دەبینێتەوە. لە منداڵییەوە بیستوویەتی، گۆیە مەرج نییە خوێندنەوەی کتێب مرۆڤ بکاتە ڕۆشنبیر، بەڵکوو دەشێ خوێندنەوە ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک فێری ساختەچێتی ببن. واتە خوێندنەوە دوو ئاڕاستەی هەن، یەکێکیان پیرۆزی و ئەوەی دیکەیان گڵاوییە. منێکی خوێنەر کاتێ ئەم گوتەیە دەخوێنمەوە، نەک

[51] گوتەکە لەژێر ناوی (بەختیار عەلی)دا بڵاو کراوەتەوە.

سەرسام نابم، بەڵکوو بە خۆم دەڵێم بزانە تا چ ئەندازەیەک بۆچوونی باوی جەماوەر لە بیرکردنەوەی ئەم ڕۆماننووسەدا ئامادەییی هەیە! سەرەتا دەپرسم ئایا نووسەرێک نەیتوانیوە بە زمانەکەی خۆی گوتەیەکی هێندە سواوی کۆمەڵگەکەی بنووسێتەوە؟ نامەوێت هەڵەی دەربڕینی سەرجەم گوتەکە دەستنیشان بکەم، بەڵام (بەشی هەرەزۆری خەلک) کۆیە، کەچی نووسیویەتی: (دواتر دەبن بە درۆزنێکی باش). (درۆزنێک) تاکە. نەدەکرا بنووسێت: (درۆزنی باش)؟ باز بەسەر (درۆزنێکی باش)یشدا هەڵدەدەم، کە بە ڕاستی ئاوەڵناوی (باش) ئەم گوتەیەی هێندەی تر سواو دەرخستووە، گۆیە بە مەبەستی ڕازاندنەوە پەنای بۆ بردووە. ئەوەی بە پلەی یەکەم لای من جێگەی پرسیارە، چەمکی (ڕۆشنبیر)ـە، کە وەک پێچەوانەی (درۆزن) بە کار هاتووە. واتە چۆن فریشتە و ئیبلیس، سپی و ڕەش دژی یەکن، ئاوایش (ڕۆشنبیر) و (درۆزن) پێچەوانەن. وەک گوترا ئەو ڕۆماننووسە گوتەی جەماوەری نووسیوەتەوە و دەڵێت مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، یان دەبێتە کەسێکی باش، کە ڕۆشنبیرە، یان بۆ بوونەوەرێکی خراپ دەگۆڕێت، کە (درۆزن)ـە. (ڕۆشنبیر) لەم کۆنتێکستەدا پیرۆز کراوە. واتە کۆتاییی پێ هاتووە و یەک خوێندنەوەی تر هەڵناگرێت، چونکە لە بەرانبەر (درۆزن)دایە، کە ئەویش جێگیرە و ناگۆڕێت، مادام هەر لە بنەڕەتەوە تێگەیشتنی

چەسپاوی خەڵک دابەشی کردووون. لای ئەو ڕۆماننووسە مرۆڤ بە پرۆسێسی (کات)ی سروشتی، یان (کات)ی دەرەکیدا تێدەپەڕێت، ئەو (کات)ـەی فەلسەفە لە سەردەمی یۆنانەوە، بە تێپەڕبوون بە (ئۆگستین) و تا دەگاتە (نیتشە)، (بێرگسۆن)، (هایدیگەر) و دواتریش ڕووبەڕووی بووەتەوە و ویستوویەتی لە بەرانبەریدا کاتی ناوەوە دابمەزرێنێت.[٥٢] ئەو ڕۆماننووسە دەیەوێت بە هەمان تێگەیشتنی میللی و بە پرینسیپی کاتی دەرەکی بڵێت مرۆڤی جوان ئەگەر کتێب بخوێنێتەوە، گەشە دەکات و دەبێتە ڕۆشنبیر. واتە وەک مرۆڤی ناشیرین لە ڕێگەی هەمان پرۆسێسەوە نابێتە درۆزن. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم هەموو ئەو فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانەی ئێمە لەم گفتوگۆیەدا ناومان هێناون، لە دژی ئەم تێگەیشتنە ڕووکەشە وەستاونەتەوە. لە پێشەوە بینیمان چۆن ڕەخنەدۆزان لانی کەم لە (نیتشە)وە ڕووبەڕووی ئەو دژانە بوونەتەوە و ویستوویانە تێکیان بشکێنن، کە ئەو ڕۆماننووسە دەستی پێوە گرتوون. (پێویستە بڵێم گوتەکەم وەک خۆی داناوەتەوە، کە دەشێ ئەوەی لە کتێبەکەی وەرگرتووە، کەموزۆر ڕێنووس و خاڵبەندیی گۆڕیبن). ئەگەر ڕۆماننووس مەبەستی بووبێت لەسەر زمانی

---

[٥٢] کاکەســـوور، کاروان عومەر، کات وەک ئەزموونێکی شـــەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، ژمارە یەکی (گۆڤاری گێڕانەوە).

کارەکتەرێکەوە ئەوە دەرببڕێت، تا پێشانی بدات ئەو کارەکتەرە چەند ڕووکەشە، واتە وەک شێوازی پارۆدی ئەمەی کردبێت، جیاوازە، بەڵام شێوازی ئەو نووسەرە وایە، دەنگی خۆی بەسەر تێکڕای کارەکتەرەکانیدا زاڵ دەکات، کە ئەمە ناوەرۆکی ڕۆمانی تاکدەنگە و سواوە. نووسینی ڕۆمان لە پێناوی تاکبیرۆکە و کۆمەککردنی بەو گوتانەی، کە جەماوەر دەیانزانێت و پێی خۆشە لە دەمی ڕۆماننووسێکی دیارەوە بیانبیستێتەوە. ئەمە تاکە گوتەیەک نییە لەم ڕۆمانەدا، کە بەم شێوەیەیە، بەڵکوو هەر خۆی لەسەر گوتەگەلی لەم شێوەیە دامەزراوە. (وریا ساڵەیی) هاوڕێیەکی منداڵیمە، کە لە قۆناغی ئامادەییدا ئەو گوتەیەی لەسەر بەرگی دەفتەرەکانیدا دەنووسی: (بەیانییان ئەگەر چاوت کردەوە و دایکتت بینی، بەختەوەریت). ئەمڕۆ ئەم گوتەیە هاتووەتە ناو ڕۆمان و لای جەماوەر بووەتە ئایکۆن، کە ئەگەر لەسەری بوەستیت، دەزانی چەند ڕووکەشە.

ئەو نووسەرە ناسراوە بە پێوەری (چاکە و خراپە) چەمکی مەعریفەی هەڵسەنگاندووە. بەوەدا لە ئاستی میللیدا (مەعریفە) دژی (نەزانی)یە و شتێکی باشە، لای بووەتە حەقیقەت و بەبێ هیچ دوودڵییەک بە کاری هێناوە، بگرە وەک جەنگاوەرێک شەڕی لە پێناودا کردووە. ئەوە زمانی

بەشێکی زۆری نووسەرە دیارەکانمانە، کە هەمیشە لە نووسیندا پەنایان بۆ کەلتووری میللی بردووە. سەیر نییە وشەی (زبڵ) و هاوشێوەکانی، کە لە زمانی خەڵکەوە بیستوومانن؛ ڕووبەری فرەوانیان لە نووسینی ئەوانە داگیر کردبێت. ئەو وەسفە بۆ هەموو شتێک بە کار دەهێنن. ئایا (زبڵ) تەنیا ئەو مانایەی هەیە، کە جەماوەر وەک شتی خراپ دیویانە و لە شێوەی جوێندا بە کاریان هێناوە؟ ئەرێ ئەو چەمکە داخراوە و هیچ مانایەکی تری تێدا نادۆزرێتەوە؟ ئایا (خراپ) تاکە خەسڵەتی زبڵە؟ ئایا حەقیقەت بنەمای هەیە، یان وەک (نیتشە) پێی وایە بێبنەمایە؟ ئەو گوتانەی، کە لە دەمی ئەو نووسەرانەوە دەرچوون و سەرنجی جەماوەریان ڕاکێشاوە، کاتێ لەسەریان دەوەستیت، لایەکی تری تەواو جیاوازیان دەبینیت.ئەو بیرۆکانەن، بەوەدا لە ئاستی زانراودا ماونەتەوە، خرۆشانیان هێناوە.

ئەو زمانەی لە دوای تێکشکانی حەقیقەتەوە دێتە دی، مێتافۆرییە، بەو مانایەی زمانی ناوەوەیە و دایەلۆگییە، ژیان بە فرەوانییەکەی دەردەبڕێت، کە هەر خۆی هاوکاتی ژیان لە دایک بووە. بەم شێوەیە ئەگەر حەقیقەت تەنیا بە یەک زمان دەدوێت و ئەو زمانەیشی بە هۆی تێکشکانەوە لە دەست دەدات، ئەوە ژیان فرەزمان، فرەدەنگ، فرەئاڕاستە و فرەلۆژیکە، کە لە ڕێی جووڵەوە ئاڕاستەکانی قووڵتر و

گەورەتر دەبن. ئینجا بایەخی نووسین دەردەکەوێت، کە توانای ئەوەی هەیە ئاڕاستە جیاوازەکان لە خۆی بگرێت. لێرەدا وەک (دێریدا) جەختی لەسەر دەکاتەوە، مەبەست نووسینی (زیندوو)، یان (سروشتی)یە، نەوەک شێوازی گرافیکی، کە ئەوەی یەکەمیان ئاماژەیەکە (بوون)ی شتێک دەردەخات، بۆیە توانای هەیە شتێکی جیاوازتر لەوەی هەیە، دەرببڕێت. هەر لەبەر ئەوەیە بۆ بەگژداچوونەی سێنترالیزمی دەنگ (Phonocentrism)، پەنای بۆ دەبات، بەو مانایەی قسەکەر لە دۆخی قسەدا قسەی خۆی و خودی خۆی دەبیستێت، کە ئەوە وای لێ دەکات خۆی لە ناوەوەی خۆی دابخات. نووسین دەیهێنێتە دەرەوە، تا دەنگی ئەوەی دیکەیش ببیستێت. واتە تێکشکاندنی سێنترالیتییەکە، تێکشکاندنی سەرجەم ئەو مانایانەیشە، کە لۆگۆس سەرچاوەیانە.[٥٣] لۆگۆس هاوواتای دەنگ و عەقڵە، کە ئەوانە دوو سێنترالن و لەژێر ناوی ئەودا، بەو مانایەی لەژێر ناوی لۆگۆسدا جێگر بوون. واتە لای مێتافیزیکای خۆرئاوا دەنگ هەر تەنیا فیزیک نییە، بەڵکوو دەربڕینە لە (ئامادەگی)یش، بەوەی کاتێ یەکێ دەدوێت، هەم (ئامادەگی)ی خۆی دەردەخات، هەم دەبێتە نوێنەری هۆشیاریی خۆی، هەم

---

[٥٣] دریدا، جاک، الكتابة والاختلاف، ترجمة كاظم جهاد، تقديم محمد علال سيناصر، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠، ص ١١٢

حەقیقەتیش دەردەبڕێت، بۆیە (دێریدا) پێی وایە سێنترالیزمی دەنگ و سێنترالیزمی عەقڵ هاوتان، کە ئەمیان ئەویان تەواو دەکات. بە مانایەکی دی، قسە و هۆشیاری دەبنە یەک. نووسین پرۆسێسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم داخراوییەیە، کە دەیخاتە ئاستی ڕاڤەوە. ئەوە لەبارەی نووسینی سروشتییەوە، بەڵام کاتێ خودی نووسین دەبێتە کۆیلەی دەنگ، بە مانایەکی دی، دەکرێتە کۆیلەی قاڵب و کلێشە، ئیدی لەوە دەردەچێت پرۆسێسی جیاوازی بێت، بەڵکوو تەنیا مانای دیاریکراو و زانراوی شت دەڵێتەوە. بە واتایەکی دیکە، پێ لەسەر حەقیقەتەکەی دادەگرێتەوە. مێتافیزیکا لە کاتێکدا دەنگ، یان قسە زاڵ دەکات، خودی نووسین دەخاتە ژێر ڕکێفی سێنترالیزمی عەقڵ (logocentrism)ـەوە. بە مانایەکی دیکە دەیەوێت نووسین پابەندی سیستەمی عەقڵ ببێت و بە چەمکە داخراوەکانەوە بلکێت، تا دەست لە ڕاڤە هەڵبگرێت، کە (دێریدا) ددانی پێدا دەنێت (نیتشە) هەر زوو لەوە بە ئاگا هاتووە، بەوەی نووسین، بە پلەی یەکەمیش نووسینی خۆی ملکەچی لۆگۆس و حەقیقەت نەکردووە.[٥٤]

لە پشت (ئەوەی دیارە)، هەمیشە شت شاراوەیە، بەو مانایەی مانای شاراوەی شت هەیە، مانای نادیار، کە ئەمە

---

[٥٤] هەمان سەرچاوە، ل١٢١

یاریی (بوون) و (نادیار)ـە. ئەو مانایەی بە ئێمە دەگات، هەر مانا نییە، بەڵکوو ماناکان لە قووڵاییدان. ئەرکی ئەو مانا دیارە، ئەوەیە، پێمان بڵێت (لە ژێرمدا مانای شاراوە هەن). مانای مانامان مەبەستە، نەوەک خودی مانا، کە شتەکان لە گەوهەردا خاوەنی مانای ڕیشەیی نین، چونکە کۆمەڵێک هۆکار پێکی هێناون، نەوەک تاکە هۆکارێک. ئەمەیش پێمان دەڵێت وەک چۆن ئاڕاستەکان فرەن، خوێندنەوەکانیش فرەن. بەم شێوەیە تێکستەکان لە ڕاڤەیەک زیاتر هەڵدەگرن، کە هەڵوەشاندنەوە لێرەدا دەردەکەوێت. مانا و حەقیقەتەکان ناکرێت ڕەها بن، مادام لای خوێنەر مانای جیاوازیان هەیە. سەیر نییە، ئەگەر پۆستمۆدێرنیزم بە هەموو ئاڕاستەکانی سنووری نێوان ژانرەکانی ئەدەب و هیی بوارەکان دەسڕێتەوە. قاڵب و کلێشەکان خۆیان ناگرن، کاتێ گومان کرۆکی پۆستمۆدێرنیزمە، بەوەی گومان لە هەموو ئایدیۆلۆجیاکان دەکرێت، یان وەک (ژان فرانسوا لیوتار) بە (گێڕانەوە زەبەلاحەکان: Master Narrative) ناوی دەبات، کە سەردەمەکە سەردەمی مردنی پێناسە لۆژیکییەکانە. تیۆرییەکانی بواری سیاسەت و کۆمەڵناسی ناتوانن گشتگیر بن و تیۆریی ڕەهای بەها و ڕەوشتیش بەسەر چووە، بەڵکوو گومانکردنی ڕەوشت ( Moral Skepticism) خۆی سەپاندووە، کە هیچ ئایدیۆلۆجیا و تیۆرییەک ناتوانێت ببێتە پێوەر، مادام گێتی قەوارەیەکی

گشتگیر (Totality)ی نییە و خوێندنەوەکان جیاوازن. ئەوانە ناتوانن جیاوازییەکان بسڕنەوە و یەک ناسنامە بۆ شتەکان بکەن. ئەو تێگەیشتنە زاڵەی وای دەردەخست مێژوو هێڵێکی ڕاستە، گۆڕانی بە سەردا هات و خودی هێڵەکە بۆ بازنەیی گۆڕا. کاتێ تێکست یەکەیەکی یەکگرتوو، یان چەسپاو (Coherent) و هاوتوخم (Homogeneous) نییە، ئەوە لە کۆمەڵێک ئاڕاستەی دژبەیەک دروست بووە، کە ئەمە خوێندنەوەی جیاواز دەسەپێنێت، بێ ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەک خوێندنەوەی کۆتایی بێت، بەڵکوو تێکست دەبێتە مەڵبەندی یاریی ئازاد، بەو مانایەی لە ڕێی یاریی ئازادەوە، نەوەک لە ڕێی قاڵب و کلێشەکانەوە، مانا نادیارەکان دەدۆزرێنەوە. دۆزینەوەی مانای نادیار، نەوەک دۆزینەوەی حەقیقەت. ئەوەی لێرەدا دەتوانێت یاری بکات، زمانە، کە بۆ ئاماژە گۆڕاوە. لە ئاماژەدا ڕەها ون دەبێت و ڕێژەیی دەردەکەوێت، مادام دال (Signifier) لەژێر دەستەڵاتی مەدلوول(Signified)دا نەماوە. بە مانایەکی دی، ئەو دالە هیچی دیکە پێبەندی مانایەکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو وەک سەرجەم دالەکانی دی ئازاد بووە و بە دەوری چەقدا ناخولێتەوە. بەم شێوەیە دال و مەدلوول بە شێوەی ڕووالایی (arbitrary) یەک

دەگرن، تا مانای جیاواز پێک بهێنن.[55] کاتێ ئەو تێگەیشتنەی پێی وایە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی هەیە، کە سەرجەم حەقیقەتەکانی لێوە هەڵدەقوڵێن، بە لاوە دەنرێت، هەموو پێوەر و قاڵبەکان لە کار دەکەون و هاوکات پرۆسێسی خوێندنەوە جیاوازەکان دێتە کایەوە، کە وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت دۆخێکی خۆگونجانی ئازادانە بۆ نووسەر فەراهەم دەبێت، کە مانا هەرگیز ناکەوێتە پێش نووسینەوە، بەڵکوو مانا لەگەڵ نووسیندا دەردەکەوێت، بێ ئەوەی ئەو مانایە وەک گوترا لە سەرووی خۆیەوە سەرچاوەیەکی هەبێت، لە کاتێکدا نووسین لەژێر دەستەڵاتی حەقیقەتی باڵا(transcendentalism)دا نەماوە. زمان هەم سەرەتایە و هەم کۆتایی، بۆیە ئاماژە بە هیچ حەقیقەتێکی دەرەوەی خۆی ناکات. بە زمان بیر دەکرێتەوە و بە زمانیش بیرۆکە پێک دەهێنرێت. زبڵ ئەو مانایەی نییە، کە لە واقیعی سنووردا‌ردا هەیەتی، وەک چۆن گەوهەریش لە ڕێی هەر جووڵەیەکیەوە لەو ئاسمانە کراوەیەدا مانای نوێ بە خۆیەوە دەگرێت.

زبڵدان ئەو ڕووبەرەیە، بەپێی پێوەری چاکە و خراپە بە لاوە نراوە، بگرە شاردراوەتەوە. زانستیش لە ڕێی لۆژیکی

55 Lyotard, Jean-Francois. The Postmodern Condition: A Report on Knowledge , University ofMinnesota Press, 1984, P.98.

خۆیەوە ئاگادارمان دەکاتەوە لێی نزیک نەبینەوە، بەوەی مەڵبەندی نەخۆشییە، بەڵام ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی توانای هەیە بچێتە قووڵاییی زبڵدانەوە، بەوەی خاوەنی زمانی مێتافۆرییە، کە نەک مانای شتەکان دەگۆڕێت، بەڵکوو مانا شاراوەکانیش دەدۆزێتەوە. لە زبڵداندا سیستێمی ڕێکخستن ونە و نارێکی هەیە، کە لە پشت هەر پاککردنەوەیەکدا دەستەڵات ئامادەیە، بەوەی لە پێناوی ئامانجدا سیستێمی پاککردنەوە دەکەوێتە گەڕ. مەرج نییە ئەو دەستەڵاتە تەنیا سیاسی بێت، بەڵکوو دەشێ کۆمەڵایەتی، کەلتووری، سیمبۆلی و هیی دیکەیش بێت. کۆشکی سەرۆک و دەوروبەری پێویستە پاک بکرێنەوە، هیی پەرستگە، کارگە، قوتابخانە و ئەوانەی تریش، کە هەموویان بەپێی فەرمانی دەستەڵات بە ڕێوە دەچن، تەنانەت ئەو دڵدارەی هەوڵ دەدات بەر لەوەی بچێتە ژوانی دڵخوازەکەی، خۆی پاک بکاتەوە، لەژێر ڕکێفی دەستەڵاتی کەلتووری و سیمبۆڵیدایە، بەوەی پێوەری (چی پاکە و چی پاک نییە)، لە بەر چاو دەگرێت. ئایا لە ماڵەوە، کاتێ تەنیایە، کار بە هەمان پێوەر دەکات؟ پاککردنەوە، زۆرترین دەنگی کۆمەڵگە بە دەست دەهێنێت، لە کاتێکدا زبڵدان دەنگی پێ نادرێت. لە هەر دابەشکردنێکدا کۆمەڵێک مانا دەکوژرێن، یان دەشاردرێنەوە، بێ ئەوەی هیچی نوێ لە مانا پەسەندکراوەکاندا بدۆزرێتەوە. کاتێ ڕۆمان دەیەوێت لەناو

زانراودا کار بکات، تەنیا ئەو مانا دیارە دەردەبڕێتەوە، کە دەستەڵات پەسەندی کردووە. کاری ڕۆماننووس ئاسانە و ئەرکی بەکارهێنانی ئەو زمانە ڕۆژانەیییەیە، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا ناسراوە. هەر لێرەدا بێژمار چیرۆک و بەسەرهاتی بیستراو گەمارۆی دەدەن. بۆ نموونە ئەگەر ئەو نووسەرە لەبارەی بابەتی وەک پاکوخاوێنی، میهرەبانیی دایک، دڵسۆزی بۆ نیشتمان، ڕاستگۆیی و هیی دیکەوە بنووسێت، تەنیا یادەوەریی کۆ (Collective memory)، واتە بواری فۆلکلۆر بەسە، تا دەیان گوتە و چیرۆکی تێدا بدۆزێتەوە و بیاننووسێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتدا دەیان لاپەڕە بنووسێت. واتە ئەرکی ڕۆماننووس جەختکردنەوەیە لەسەر حەقیقەتی شتەکان، کە پێشتر بڕیاری داوە لای دەستەڵات بگرێت، بۆیە ڕۆمان ناکاتە پرۆسێسی دۆزینەوەی مانای نوێ، بەڵکوو تەنیا لە ئاستی مانای زانراودا دەیهێڵێتەوە، کە ئەمە لە بنەڕەتدا پێوەندیی بەو تێگەیشتنەوە هەیە، کە ڕۆماننووس لەبارەی چەمکی زمانەوە هەیەتی، بەوەی پێی وایە زمان دابەش دەکرێت، بەشێکی شتی باش و بەشێکی شتی خراپی پێ دەنووسرێت. بە مانایەکی دی، ئەو ڕۆماننووسە خودی زمانی بۆ پاک و پیس دابەش کردووە، کە ئەمە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەیە فەلسەفە لە یۆنانەوە تا ئەمڕۆ لەو بوارەدا داونیەتی، بە تایبەتی لە (نیتشە)وە، کە حەقیقەت بە کوتەک

لێی دەدرێت، زمان دەچێتە ئاستێکی دیکەوە. (پێشتر لەم بوارەوە دواوم و ئێستا لەوە زیاتر بە پێویست نازانم). ئێستا دەڵێم ئەوەیش سەیر نییە ئەگەر ئەو ڕۆماننووسانە لەبارەی زمانەوە شتی زۆر سادەیان لە گفتوگۆ و گوتارەکانیاندا نووسیبێت. کاتێ ڕۆماننووس تێگەیشتنێکی جیاواز لە هیی جەماوەری هەیە ( Contrary to popular belief) و دەیەوێت لەبارەی ئەو چەمکانەوە بنووسێت، کە بە لاوە نراون، زبڵ بە نموونە، ئەوە خۆی تەنیا دەبینێتەوە و لەناو ئەو تەنیاییيەیدا ڕووبەڕووی حەقیقەتەکان دەبێتەوە، بەو مەبەستەی تێکیان بشکێنێت و لەژێریاندا مانای تر دەربخات. (زبڵ) سەر بە دنیای نەزانراو و (پاکی) سەر بە دنیای زانراوە. مەبەست ئەوەیە کاتێ ڕۆماننووس لەو دوالیزمە دەربچێت و بەو تێگەیشتنە ڕازی نەبێت، کە بۆ زبڵ کراوە، جیاواز دەنووسێت، دەنا کاتێ ئەو ڕۆماننووسە وەک ئەوەی لە ئاستی میللیدا لە زبڵ دەڕوانرێت، بڕوانێت، دیسان هەمان بەسەرهات و چیرۆک گەمارۆی دەدەنەوە، تا بە خێرایی ئەوە بنووسێت، کە جەماوەر چاوەڕێیین. زبڵ پیسە، زبڵ خراپە، زبڵ نەخۆشییە، زبڵ دوور بخەنەوە! فلان وەک زبڵ وایە، فیسار دەڵێی زبڵە، مێشکی ئەو زبڵی تێدایە و شتی لەم بابەتە. ڕۆماننووسی چیکی (ئیڤان کلیما) ڕۆمانێکی ناو ناوە (خۆشەویستی و زبڵ)، کە لە خوێندنەوەیدا دەگەیتە ئەوەی بڵێیت زبڵ

ڕووبەرێکی بێسنووورە. زبڵ ئەو شتە نییە، دەتوانین فڕێی بدەینە دەرەوەی خۆمان، بەڵکوو هیی ناوەوەمانە، بۆیە بوون و زمانی هەن. لە ڕێی ئەو ڕۆمانەوە مێژوویەکی نەزانراوی چیک دەگێڕێتەوە، کە دەوڵەتی کۆمۆنیستی شاردوویەتیەوە. ڕۆمانەکە لە (١٩٨٦)دا نووسراوە و لە (١٩٩٠)دا کراوەتە ئینگلیزی، هاوکاتی دەرکەوتنی وشەی (زبڵ)ـە لە مێژووی نووسینی کوردیدا، کە وەک خەسڵەتێکی نەگەتیڤ لە بەرانبەر (پاکی)دا بە کار دەهێنرێت. بە مانایەکی دی، ئەوانەی بە کاری دەهێنن، بەو مانا دیارەی ڕازین و وەک حەقیقەتی ئەبەدی دەیبینن، کە فەنتاسیای جەماوەر، یان کۆفەنتاسیا (Popular imagination) بەرهەمی هێناوە و پارێزگاریی لێ دەکات.

نووسین لای ڕۆماننووسی داهێنەر پرۆسێسی بەگژداچوونەوەیە، بەو واتایەی ئەو مانایەی لە یەکەم بینیندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، هیی حەقیقەتە و ڕووکەشە، حەقیقەتی دەستەڵاتە، بۆیە تێکی دەشکێنێت، تا مانا شاراوەکان بدۆزێتەوە. ئەو پرۆسێسە وا دەکات ببێتە تاک، تا زمانی خۆی، نەوەک (زمانی کۆمەڵ، کە بارگاوییە بە حەقیقەت)، بە کار بهێنێت. لێرەدا نەک هەر دەبێتە خاوەنی زمانێکی تر، بەڵکوو پێویستە هەر خۆیشی چیرۆک و بەسەرهاتی دیکە هەڵببەستێت، بۆیە سەمەرەیی

(ئیکزۆتیسیزم) یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پۆستمۆدێرن بە گشتی و هیی ڕۆمانی فرەدەنگ بە تایبەتی.
زمانی مێتافۆر دەتوانێت ڕۆ بچێتە ناوەوەی شت، ناوەوەی ئەو شتانەی لە واقیعدا پێی ناگەین. نووسین دەتوانێت بە جارێ هەموو ڕەهەندەکانی شت دەربخات، چونکە نە شتەکان هەمان شتی واقیعن و نە زمانی نووسین هەمان زمانی شتەکانە، بەڵکوو وەک گوترا زمان لە ئاماژە، ئاڕاستەی بێسنوور و بێکۆتا پێک هاتووە، کە دیسان دەیلێینەوە ناوەوە و دەرەوە دژی یەک نین. هەر ئەمەیشە وا دەکات ڕۆمانی نوێ، یان ڕۆمانی فرەدەنگ سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتاییی نەبێت.
ئایا سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی هەن؟ ئەوانە لە ئاستی فیزیکدا ئەگەر بەو شێوەیە دەربکەون، ئەوە لە ئاستی مێتافیزیکدا جیاوازن. تێکست پێکهاتەیەکی مێتافیزیکییە و لەسەر کۆمەڵێک شتی دژبەیەک وەستاوە، بۆیە شوێنێک نییە پێی بگوترێت سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی.هەر تێکستێک ئەگەر لە ڕووی فیزیکییەوە سەرەتای هەبێت، ئەوا لە ڕووی مێتافیزیکییەوە سەرەتا خاڵێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بێژمار سەرەتامان هەن، مادام هەر وشەیەک وەک (سۆسێر) پێی لەسەر دادەگرێت بە گوێرەی کۆنتێکستەکان مانا وەردەگرێت. واتە ئەگەر تێکست بە بازنەیەک بچووێنین، ئەوە لە هەر خاڵێکی ئەو بازنەیەدا کۆمەڵێک

ڕایەڵ هەن و دەکرێت جارێکی دی لەوێوە سەرەتای دیکە دەست پێ بکەنەوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین کۆمەڵێک دەستپێکردنەوەی دیکەمان هەن، بێ ئەوەی هیچ یەکێ لەوانە بگەنە خاڵی کۆتایی.

ئێمە کاتێ لەبارەی پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی)یەوە دەدوێین، خۆمان لە بەردەم چەمکی (کات)دا دەبینینەوە. ئایا (کات) لە ڕۆماندا، (ڕۆمانی فرەدەنگمان مەبەستە، نەوەک ڕۆمانی باو)، هەمان (کاتی سروشتی)، یان (کاتی بابەتی)یە، کە (نیوتن) بە سەعات، ڕۆژ و ساڵ ناوی دەبات؟ (کاتی سروشتی) یەک ڕێتمی هەیە و هەمیشە مل دەنێت، گەڕانەوەی نییە و لادان ناناسێت. ئەوەی لای فیلۆسۆف و سایکۆلۆجیستان بابەتی لێکۆڵینەوەیە، (کاتی سایکۆلۆجی)یە، کە هەر ئەوەیشە هاتووەتە ناو دنیای ئەدەب و هونەرەوە. (کاتی سروشتی) پێوەندیی بە خەیاڵەوە نییە. کاروباری ڕۆژانەمان بەپێی ئەو شێوازەی (کات) ڕێک دەخەین، بەڵام (کات)ی ناوەوەمان شتێکی دیکەی جیاوازە، کە بە ئەزموون، بیرکردنەوە، سۆز و شتەکانی ترمانەوە پێوەستە. لانی کەم لە (پلاتۆ) و (ئەریستۆ)وە کاتی ناوەوە دەبێتە پرسیاری گەوهەری لە فەلسەفەدا و بە فیلۆسۆفانی وەک (ئۆگستین)، (ئیمانوێل کانت)، (هێنری بێرگسۆن)، (نیتشە)، (هایدیگەر)، (گاستۆن باشولار: Gaston Bachelard) و زۆری دیکەدا تێدەپەڕێت. لە گوتاری (کات

وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا)دا بۆچوونی هەموویانم هێناوەتەوە و بە ئەزموونی خۆمەوە پێوەستم کردوون، کە دەکرێت بڵێم خاڵی هاوبەشی هەموویان، ئەوەیە، کاتی ناوەوە هەمان کاتی دەرەوە نییە. بە مانایەکی دی، ڕابردوو، ئێستا و ئاییندە ئاڕاستەی جیاوازیان هەیە. (مێشال بیوتۆر) لە کتێبی (توێژینەوە لە ڕۆمانی نوێدا)دا دەڵێت گرێچنی (پلۆت) لە ڕۆمانی نوێدا لەسەر پرینسیپی هۆکار دانەمەزراوە و هێڵی سروشتیی (کات) بەسەر کۆمەڵێک (کات)ی تردا کراوەیە، بەوەی نووسەر ئازادە و کۆیلە نییە، تا بەو شێوە بنووسێت، کە باوە.[٥٦]

پێوەرەکان لە بارودۆخێکی دیاریکراودا هاتوونەتە بوون، کە دەستەڵاتیان لە پشتەوەیە و دەیانەوێت بۆ هەتاهەتایە بمێننەوە. با وای بێنینە بەر چاو لە مەملەکەتێکدا پاشایەک دەیەوێت قاڵبێک بۆ فرۆشتنی گەنم دابڕێژێت، کە بێگومان بەپێی بەرژەوەندیی خۆی دایدەڕێژێت و دەیشتوانێت بیسەپێنێت، بەوەی دەستەڵاتی هەیە. دوای نەمانی مەملەکەتەکە و لە بیرچوونەوەیشی، هێشتا قاڵبەکە دەمێنێت. بایەخی ڕۆمان لەوەدایە ئەم قاڵبەی تێدا بە کار نایەت، بەوەی زمانەکەی مێتافۆرییە و لەگەڵ ئاماژەدا

[٥٦] کاکەسوور، کاروان عومەر،کات وەک ئەزموونێکی شەڕانگێز لە ئەزموونی مندا، ژمارە یەکی (گۆڤاری گێڕانەوە).

هەڵسوکەوت دەکات. کاتێ هەمان ئەو پێوەرانە لە ئەدەبدا بە کار دەهێنینەوە و بەسەر خوێنەریاندا دەسەپێنین، خۆمان لەناو پێوەندییەکی هەرەمیدا دەبییننەوە، کە بەوە ڕازی بووین قاڵب و کلێشەکان بەسەر خۆیشماندا بسەپێنن، چونکە ئەوەی ئێمە لە بەرچاوی دەگرین و بە موو لێی لا نادەین، هیی ئەوانەی ترە. ئەگەر نووسین بەپێی قاڵب و کلێشە بنووسرێت، هەر ئەو شتانە دەڵێتەوە، کە هەن و دیاری کراون. لە گوتاری (سەرچاوەکانی خوێندنەوەی ڕۆماننووس)دا نووسیومە: (پرۆسێسی خوێندنەوە هەم لای نووسەر و هەم لای خوێنەر ئازادانەیە، مەبەستدار نییە و بە هەموو ئاڕاستەیەکدا دەجووڵێت، تا بەو مانایانە نەگاتەوە، کە ناسراون و پێشتر هەبوون، بەڵکوو لەو گەڕانەدا مانای نوێ و چاوەڕواننەکراو دەردەکەون، بێ ئەوەی وا لێیان بڕوانرێت کۆتایین و چوارچێوەیان هەیە. ئەو چەمکانە لە ناوەوە پاڵ بە ڕۆماننووسەوە دەنێن لە بواری جۆراوجۆردا بۆیان بگەڕێت، کە ئەمە لە شێوازی گێڕانەوەیشدا دەردەکەوێت، بەوەی دەتوانێت زانیارییەکانی ڕەنگاوڕەنگ بکات و بۆ هەر دەنگێک سەربەخۆیی بێنێتە دی).[٥٧]

[57] سەرچاوەکانی خوێندنەوەی ڕۆماننووس – ژنەفتن (jineftin.krd)

لە قالّب و کلّێشەدا ئارەزوو دەکوژرێت و تەنیا فەرمانی دەستەڵات دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بەپێی قالّب و پێوەرەکان بنووسین، پێویستە ناوەرۆکی ئەو قالّب و کلّێشانە لە بەر بکەین، تا بتوانین بە کاریان بهێنین، لە کاتێکدا نووسین پراکتیزەی ئارەزووی تاکە. ئەوە زمانی ناوەوەمە پالّی پێوە ناوم بنووسم، کە نووسین یەکێکە لە کەنالّە گرنگەکانی زمان. بەم شێوەیە قالّب و کلّێشەکان خودی من دەکوژن، یان لانی کەم لە پێناوی دەستەڵاتەکاندا دەمخەنە گەڕ.

ڕۆمانی فرەدەنگ ڕێگرە لەوەی پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ بکەین، بەوەی مەڵبەندی دەنگە جیاوازەکانە، کازینۆی ئەو دەنگە پەراوێزخراوانەن، کە دەستەڵات بە هەموو فۆرمەکانیەوە بە لاوەیان دەنێت، یانەی دەنگە قەدەغەکراوەکانە، بەوەی وێنەی زبڵدان دەکەوێتە دەرەوەی سیستەمی ڕێکخستنەوە، کە وشەکان، دروستتر ماناکان ئازادانە تێیدا هەڵدەسووڕێن. وەک گوترا زبڵدان هەمان ئەو مانایەی نییە، کە لە ئاستی میللیدا بۆی کراوە، بەڵکوو هەر مانایەکی دیاریکراوی نییە، مادام لە جووڵەدایە و بەردەوام مانای نوێ بەرهەم دەهێنێت. ئەوە زبڵدانە توانای هەیە مانا شاراوەکانی (پاکی) بدۆزێتەوە، نەوەک بە پێچەوانەوە، بەوەی (پاکی) لەلایەن دەستەڵاتەکانەوە داگیر کراوە، بەڵام زبڵدان ئازادە. نووسەری داهێنەر لە ڕێی (زبڵدان)ـەوە، کە ماناکانی شاراوەن، بۆ پاکی دەگەڕێتەوە، نەوەک بە

پێچەوانەوە. ئەمە مانای بەلاوەنانی پاکیەتی نییە، بەڵکوو مانای دۆزینەوەی مانای دیکەیە تێیدا.

کاتێ ئەو تێگەیشتنە لە خۆمان دوور دەخەینەوە، کە پێشتر بڕیاری داوە چی چاکە و چی خراپ، ئەودەم گوتەی: (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند)، ناتوانێت بەسەرماندا تێبپەڕێت، بەڵکوو لە ڕێی ڕاڤەوە ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئەوەتە من لە خوارەوە دەیکەم:

* * * *

نووسین، وەک (دێریدا) پێی وایە (تارماییەکە، خاوەنی خەسڵەتی مێتافۆری و خەیاڵییە)[٥٨]، بەو مانایەی توانای هەیە جیاوازی بهێنێت و نائامادە ئامادە بکات، کە (ئەرکی زانستی نووسین هەژاندنی هەر شتێکە یاسا، یان مانایەک بە لاهووتی ئۆنتۆلۆجی، سێنترالیەتی عەقڵ و دەنگ دەخولقێنێت)[٥٩]. نووسین لە توانایدایە ئاستی بابەتی ئێستا تێ بپەڕێنێت و هاوکات ئەوەیش بپارێزێت، کە تێپەڕێنراوە. واتە هەم ئەوەی تێپەڕێنراوە، ئامادەیی هەبێت و هەم

[٥٨] دریدا، جاک، ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحدث، التفکیک، الخطاب،اشـــراف محمد شوقي الزین، دار الفارابي، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولی، ٢٠١١، ص ١٣٣

[٥٩] دریدا، جاک، مواقع: (حوارات) ، ترجمة: فرید الزاهي، دار توبقال للنشر، المغرب، الدار البیضاء، الطبعة الأولی، ١٩٩٢، ص٦٣.

ئەوەی لەو تێپەڕاندنەیشدا، هاتووەتە دی. وەک پێشتر گوترا لە ڕێی یاریی بێکۆتایی (infinite play)یەوە ڕاڤە بێکۆتاییinfinite interpretations)یەکان دێنە دی و نادیار (absence) دەردەکەوێتەوە، بەوەی ئەو پرۆسێسە کارلێکی نێوان دیار و نادیار پێک دەهێنێت. نموونە لە گفتوگۆیەکی خۆم دەهێنمەوە، کە (ئیدریس عەلی) نزیکەی چواردە ساڵ لەمەوبەر لەبارەی کۆمەڵەچیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)یەوە لەگەڵیدا کردووم. یەکێ لە پرسیارەکانی پێوەندیی بە فەنتاسیاوە هەیە. لە شوێنێکدا ئەم نموونەیەم هێناوەتەوە: (ئێمە ئەگەر ئێستا بچینە ئەو بازاڕەی کەلوپەلی ئەنتیکی تێدا دەفرۆشرێت، بۆقێکی گەورەی بەقەدەر فیلێک و فیلێکی بچووکی بەقەدەر بۆقێک بۆ ماڵەکەمان دەکڕین. خۆ ئەگەر لە واقیعدا بۆق هێندەی فیل و فیل هێندەی بۆق بووایە، ئەودەم ئێمە بۆقێکی بچووکی بەقەدەر فیلێک و فیلێکی گەورەی بەقەدەر بۆقێکمان دەکڕی)[٦٠].

ئێمە دوو ئاستمان هەن: ئاستی واقیع و ئاستی فەنتاسیا، کە ئەوەی دووەمیان لە ڕێی تێپەڕاندنەوە بەرهەم هاتووە، بێ ئەوەی یەکەمیان ون بووبێت. واتە (نادیار) لەو ڕێیەوە

---

[٦٠] سەرچاوەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە، بۆیە لە فایلەکەی لای خۆم وەرمگرتووە و دواتریش هەر لێی وەردەگرمەوە.

دەرکەوتووە و هێندەی (دیار) شوێنی هەیە. لە فەنتاسیادا بۆق گەورەیە و فیل بچووک، بەڵام هێشتا گەورەییی فیل و بچووکیی بۆق لە واقیعدا ئامادەن. ئەوە هێزی نووسینە، کە یەکێکە لە کەناڵە گرنگەکانی زمان، کارێکی وای لە دەست دێت. فەنتاسیا لە ڕێی زمانەوە توانای هەیە ئاستی دیکە لەناو نووسین دابمەزرێنێت. بەم شێوەیە منی خوێنەری ڕەخنەدۆز، کە هیچ لایەنگرییەکی پێشوەختەم بۆ نووسەر نییە، کاتێ لە بەرانبەر هەر تێکستێکدام، بە دوای ئەو تێپەڕاندنەدا دەگەڕێم. ئەوەتە ئەم تێکستەم هاتووەتە بەر چاو، کە دەڵێن هیی (بەختیار عەلی)یە: (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجووڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند).

ئایا نووسین توانیویەتی ئاستێکی دیکەی نەزانراو لەم تێکستەدا پێشان بدات، یان تەنیا جەختی لەسەر مانا و یاسا زانراوەکانی کردووەتەوە؟ من لێرەدا بکەرێکم هەیە، فیلە. شوێنێکم هەیە، دووکانی شووشەواتە و کردارێکیشم هەیە، شکاندنە. ئایا ئەو سێ ڕەگەزە ئەرکی دیکەی جیاوازیان لە ئەستۆ گرتووە؟ هیچ نادیارێکیان دەرخستووە؟ فیلێک هەرچۆنێ بجووڵێتەوە، شتێک دەشکێنێت. واتە وەک چۆن لە واقیعدا ئەو گیاندارە لە چاو ئەوانەی دیکە زلە، بە هەمان شێوە لە فەنتاسیایشدا قەبارەکەی پاراستووە. شووشە لە واقیعدا ناسکە و زوو دەشکێت. ئەوەتە لێرەیش

خەسڵەتەکەی وەک خۆی ماوە، بۆیە شووشە بێت و بکەوێتە بەر شاڵاوی فیل، زوو هاڕە دەکات. واتە (دیار)ـەکان بە تەنیا هەن و (نادیار)یش هەر نادیارە. پرسیار: ئایا سەختە مرۆڤ ئەم گوتەیە لە دەمی خەڵکەوە وەربگرێت و بینووسێتەوە؟ ئایا مەرجە بتوانێت بە ڕێنووس، خاڵبەندی و نژوەی دروست بینووسێتەوە؟ کامەمان لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ماڵ، قوتابخانە و گەڕەکدا پێمان نەگوتراوە دەڵێی ورچیت، یان فیلیت، هەر بجووڵێیتەوە، شتێک دەشکێنیت؟ بۆچی ئەم گوتەیە لای ئەو خوێنەرانە پارێزراوە؟ بۆچی دەتوانن بۆ دەمکوتکردنی دەنگی ئەوانەی تر بە کاری بهێنن؟

لە پێشەوە گوترا کاتێ ئەو تێگەیشتنەی پێی وایە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی هەیە، کە سەرجەم حەقیقەتەکانی لێوە هەڵدەقوڵێن، بە لاوە دەنرێت، هەموو پێوەر و قاڵبەکان لە کار دەکەون و هاوکات پرۆسێسی خوێندنەوە جیاوازەکان دێتە کایەوە، کە وەک (دێریدا) پێی لەسەر دادەگرێت دۆخێکی خۆگونجانی ئازادانە بۆ نووسەر فەراهەم دەبێت، کە مانا هەرگیز ناکەوێتە پێش نووسینەوە، بەڵکوو مانا لەگەڵ نووسیندا دەردەکەوێت، بێ ئەوەی ئەو مانایە وەک گوترا لە سەرووی خۆیەوە سەرچاوەیەکی هەبێت. زمان هەم سەرەتایە و هەم کۆتایی، بۆیە ئاماژە بە هیچ حەقیقەتێکی دەرەوەی خۆی ناکات.

ئەو گوتەیە بەوەدا لە ئاستی شتومەکدا ماوەتەوە و بۆ ئاماژە نەگۆڕاوە، ڕووی لە جەماوەرە. ڕاستییەکەی هەر لە بنەڕەتیشەوە هیی ئەو جەماوەرەیە. وەک هەر ئامێریکی جەنگ دەناسرێتەوە و بۆ بەکارهێنان ئامادەیە. ئایا سەیرە ئەو ڕۆمانانەی لەم گوتانە پێک هاتوون، لای جەماوەر بە ئاسانی وەربگیرێن و لە بەریان بکەن؟ ئەرێ سەختە سالانە دوو سێ ڕۆمان و کۆمەڵێک کتێب هەر بەم زمانە بنووسین؟ ئایا ئەوەیش سەیرە ڕەخنەگری میللی پێیان شاگەشکە ببێت و بە زمانی میللی پێیاندا هەڵبڵێت؟ دیسان دەیڵێینەوە لێرەدا مانای زانراوی شت ئامادە و ڕاڤە نائامادەیە، بۆیە ئەو جەماوەرەی بە دوای مانای زانراودا دەگەڕێت، خێرا گوتەیەکی وا دەدۆزێتەوە و دەتوانێت بەردەوام بە کاری بهێنێتەوە.

(فۆکۆ) لەو پێشەکییەی لەژێر ناونیشانی (نیتشە، فرۆید و مارکس)دا بۆ کتێبی (فەلسەفە لە سەردەمی تراجیدیای ئەگریکیدا)ی (نیتشە)ی نووسیوە؛ دەڵێت وشەکان هەر خۆیان بەر لەوەی مانا بن، ڕاڤەن، بۆیە پێی وایە (نیتشە)یش وەک (فرۆید) و (مارکس) ڕۆڵی لەوەدا بینیوە ڕاڤەی جیاواز دابهێنێت. لای (نیتشە) مانای ڕەسەن بوونی نییە، بەڵکوو ڕاڤەی گەوهەری هەیە. بەم شێوەیە (نیتشە) کاتێ دەڵێت چینە باڵاکان وشەیان دادەهێنا، ئەوە ئاماژە نییە بۆ مانا،

بەڵکوو ئاماژەیە بۆ سەپاندنی ڕاڤە.[٦١] ئێمە پێشتریش گوتمان ماناکان بە ئامادەکراوی نین، بەڵکوو ئەوە هەر چاوێکە بە شێوازی خۆی مانای پێ دەدات، کە ئەمە پرۆسێسی ڕاڤەیە.

کاتێ دەگوترێت فیلێک لە دووکانی شووشەواتدا، واتە ئێمە بە ناچاری دەبێت ئاستی شت جێ بهێڵین و بەرەو ئاستی ئاماژە بچین، تا لەوێدا بە دوای مانای تریدا بگەڕێین، بەڵام ئایا خاوەنی ئەو گوتەیە وامان لێ دەکات کارێکی وا بکەین؟ ئەوەتە لەوێیش فیل هەر فیل و شووشە هەر شووشەیە.

نووسەری ئەم گوتەیە پێشتر بڕیاری داوە دژی فیلە بلّحەکە بێت و هاوکات بەرگری لە دووکانی شووشەوات بکات، چونکێ ئەو فیلە شووشەی نازدار دەشکێنێت. ئەو تێگەیشتنە بەر لەوەی هیی نووسەر بێت، هیی جەماوەرە و لە نەنە و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە. دووکانی شووشەوات لە دیدی (نیتشە)، (هایدیگەر)، (دێریدا) و ئەو فیلۆسۆفانەی دیکەیشەوە، کە بە ڕەخنەدۆزی مێتافیزیکا ناسراون،

---

[٦١] نیتشــه، فریدریک، الفلســفة في زمن المأســاوی الاغریقي، تقدیم میشــال فوکو، تعریب: الدکتور سـهیل القش، المؤسسـة الجامعیة لـــــلدراسـات والنشـر والتوزیع، الطبعة الثانیة، بیروت، ١٩٨٣، ص١٣

مێتافیزیکە و پێویستە تێ بپەڕێنرێت، بەوەی شتەکان لە گەوهەردا خاوەنی مانای ڕیشەیی نین، چونکە کۆمەڵێک هۆکار پێکیان هێناون، نەوەک تاکە هۆکارێک. بەم شێوەیە (نیتشە) بە کوتەک لەو شووشەواتە دەدات و (دێریدا) لە ڕێی دیکۆنسترەکشنەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، تا لەتوکوتی بکات. لای خاوەنی گوتەکە ئەو دووکانەی شووشەوات لەسەر هیچ دژایەتییەک دانەمەزراوە، بەڵکوو چەسپاو و هاوتوخمە، بەڵام (دێریدا) وەک هەر مێتافیزیکایەکی دیکە پێی وایە پڕە لە دژایەتی و لە بەردەم پرسیاردا خۆی ناگرێت. لەم سۆنگەیەوە دەنووسێت: (ئەوەی هایدیگەر لە مێتافیزیکای دەکات، پرسیاری بوونە لەگەڵ پرسیاری حەقیقەت، مانا و لۆگۆسدا).[٦٢] هەر لەو ڕووەوە خۆی بە قەرزداری ئەو دەزانێت، بە ڕادەیەک ناتوانێت قەرزێکی وەها بە وشە وەسف بکات، بەوەی ئەو زەنگی کۆتاییی مێتافیزیکای لێ داوە. دەڵێت ئەو فێری کردین لەگەڵ مێتافیزیکادا بڕۆین و پرسیاری ئاڕاستە بکەین، ئەو پرسیارانەی خۆڕسکانە لە بەردەمیدا

---

[٦٢] دریدا، جاک، الكتابة والاختلاف، ترجمة كاظم جهاد، تقديم محمد علال سيناصر، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠، ص١٢٣

دەردەکەون، کە ئەو، واتە مێتافیزیکا، لە وەڵامدانەوەیاندا دۆژ دادەمێنێت و دژایەتییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات.[٦٣]

دووکانی شووشەوات دەیەوێت یەک حەقیقەت دەربخات، کە دووکانی شووشەواتە و سوودی هەیە. واتە دەیەوێت ڕێمان لێ بگرێت وەک مێتافیزیک ببینین و بیشکێنین، کە بە شکاندنی، بێژمار حەقیقەتی دیکە دەردەکەون. ئەو فیلەی نووسەری گوتەکە هەر لە سەرەتاوە لە دژی وەستاوەتەوە، ڕێک ئەم ڕۆڵە دەبینێت. واتە نووسەر لەگەڵ نەشکاندن و دژی شکاندنە. لەگەڵ ئەوەدایە پارێزگاری لە حەقیقەتی ئەو دووکانە بکرێت. لێرەدا خاوەنی گوتەکە ڕۆڵی پاسەوان دەبینێت و ناهێڵێت فیلەکە شووشەوات بشکێنێت. دواتر بۆ لای دەگەڕێینەوە. با زۆر بە سادەیی دووکانێکی شووشەوات بێنینە بەر چاومان! کەلوپەلەکانی لە شووشە، بەڵام لە فۆرمی ئەو شتانە دروست کراون، کە دەیانناسین. بۆ نموونە ئەسپێکی شووشە هەڵدەگرین. ئایا بەر لەوەی ئەو شێوەیە وەربگرێت، شووشەکە لە چ دۆخێکدا بوو؟ شووشە خۆی لە سروشتدا بە شێوەی نائۆرگانیک (inorganic) هەیە. لە مەتێریەلی وەک سیلیکۆن، چەو، سۆدا و هیی لەم بابەتە دروست دەکرێت. واتە ئەو ئەسپەی

[٦٣] هەمان سەرچاوە، ل٤٧

وا بە دەستمانەوەیە، لە یەکێ لەم مەتێریەلانە دروست کراوە. بە مانایەکی دی، ئەوە مرۆڤە فۆرمی پێ داوە و لەسەر ئەو وێنەیەی خەیاڵی خۆی، کە لە واقیعی وەرگرتووە، دایڕشتووە. واتە قاڵبێکی دیاریکراو هەیە و دەکرێت بێژمار ئەسپی شووشەی پێ دابڕێژیت. لێرەدا بەرژەوەندییەک لە بەرچاو گیراوە و دەستەڵات لە پشتیەوە ئامادەیە. دەستەڵاتی ئابووری بۆ نموونە. نووسەری گوتەکە بەرگری لە قاڵب دەکات و لە دژی فیلی سروشتی دەوەستێتەوە، بگرە ئەو گیاندارە ئازادە بە بلّح دەزانێت و پێی وایە بە هۆی بلّحییەوە لە ناو چووە. بەوەندە ناوەستێت و دەیکاتە پێوەر بۆ هەر مرۆڤێک، کە دەست بۆ کاری شکاندن دەبات. شتومەکی هێشتووەتەوە و بوونەوەری سروشتیی قڕ کردووە، پێچەوانەی ئەوەی فیلۆسۆفانی جیاوازی کردوویانە. ئەوە عەقڵی ئامێرگەرا (instrumental mind)یە، کە عەقڵێکی داخراوە و بە دەوری خۆیدا چەقی بەستووە، لە ڕێی زانینی زانستی(scientific knowledge)یەوە دەستی بەسەر سروشتی بوونەوەردا گرتووە و دەیەوێت بیخاتە ژێر دەستەڵاتی شتەوە، کە ئەو پرۆسێسە بەر لە هەرچی خۆی لە جوداکردنەوەی خود و بابەتدا دەبینێتەوە. فیلۆسۆفانی وەک (هایدیگەر) و ئەندامە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت زوو لەو مەترسییە بە ئاگا هاتنەوە. (ماکس

هۆرکهایمەر) و (تیۆدۆر ئادۆرنۆ) کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری)یان لە (١٩٤٤)دا چاپ کردووە و پێیان وایە ڕۆشنگەری مەتێریەلی خۆی لە ئەفسانە وەرگرتووە، کە لە جیاتیی بەسەریدا زاڵ ببێت، ئەو دەستی بەسەر داگرتووە. ئەمڕۆ ناکرێت کۆیلەکردنی سروشتی مرۆڤایەتی لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی جودا بکەینەوە. زۆربوونی بەرهەمی ئابووری، گۆیە هەلومەرجی دنیایەکی دادپەروەرانەتر مسۆگەر دەکات و ئامڕازە تەکنیکییەکان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەبەنە ئاستێکی دیکەوە، بەڵام ئەوەتە تاک لە پێناوی هێزە ئابوورییەکاندا سڕاوەتەوە و دەست بەسەر سروشتدا گیراوە.[٦٤] لەم دنیایەدا بەهای بوونەوەر لە هیی شتومەک بچووکترە، یان بە زمانی (هێربێرت مارکیوزە) ئەو عەقڵە ئامێرگەرایە مەبەستیەتی سەرجەم ڕەهەندەکانی لێ دابماڵێت و تەنیا یەک ڕەهەندی بهێڵێتەوە. هەر بۆیە پێی وایە عەقڵانیەتی کۆمەڵگەی

---

64 MAX HORKHEIMER and THEODOR W. ADORNO, DIALECTIC OF ENLIGHTENMENT, Philosophical Fragments, Edited by Gunzelin Schmid Noerr, Translated by Edmund Jephcott, Stanford University Press, Stanford, california, P.xvii

هاوچەرخ، گەشەکردن و پێشکەوتنیشی لە پرینسیپدا ناعەقڵانییە.[٦٥]

ئەوەتە فیلێکی سروشتی لە پێناوی دووکانی شووشەواتدا لە ناو دەبرێت، بەڵکوو شووشەوات دەکرێتە شوناس و دەرەوەی پێ دەسڕێتەوە، وەک چۆن خۆی لە ڕێی شوناس و پێوەرەوە دروست بووە. ئایا ناتوانین ئەو ئەسپە شووشەیەی بە نموونە هێنامانەوە، بۆ دۆخی تر بگۆڕین؟ دەتوانین، بە مەرجێ بیشکێنین. دەکرێت هێندەی بە بەرد، یان بە کوتەک لێ بدەین، تا دەیکەینە هەزاران پارچە، بە ڕادەیەک هەر پارچەیەکی فۆرمێک وەربگرێت. ئێستا دوای شکاندنی، بێژمار حەقیقەتی دیکەمان بۆ دەرکەوتوون، بێ ئەوەی هیچیان بە حەقیقەتی بابەتی بزانین و پێمان وا بێت یەکێکیان لە هەموویان حەقیقەتترە. ئەو دووکانی شووشەواتە خۆی لەوە بە دەر نییە و دەکرێت وەک هەر مێتافیزیکایەکی دیکە بە پرسیار ڕووبەڕووی ببینەوە. واتە (شکاندن)، نەوەک (نەشکاندن) ئێمە لە حەقیقەتی چەسپاو دەپارێزێت. ڕاستییەکەی فیلەکە ئەگەر ڕێی بدرایە، ئەو کارەی دەکرد. واتە شووشەکانی دەشکاندن و لەژێر

[٦٥] هربارت ماركوز، الإنسان ذو البعد الواحد، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات دار الآداب، بيروت، الطبعة الثالثة، ١٩٨٨، ص٣٠

دەستەڵاتی قاڵبەکاندا ڕزگاری دەکردن، بەڵام خواستی خاوەنی گوتەکە مانەوەی قاڵبەکان و نەمانی ئەوە.

بەو مەبەستەی لە کاری هونەری بگەین و لەوێوە بڕوانینە ئەم دیمەنەی دووکانی شووشەوات، کە لە شت دروست کراوە، وای بە چاک دەزانمبۆ(هایدیگەر)بگەڕێمەوە، کەلەو بارەیەوە خاوەنی ڕوانینێکی تایبەتە و پێی وایە کاری هونەری لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بەرد لە کاری هونەریی تەلارسازیدا، درەخت لە کاری هونەریی هەڵکۆڵیندا، ڕەنگ لە تابلۆی نیگاردا، دەنگ لە کاری هونەریی زماندا، ئاواز لە کاری هونەریی میوزیکدا، (وشە لە شیعردا) هەیە. کەواتە سیمای شمەکی (الشیئي) لە هیچ کارێکی هونەری دانابڕێت، تەنانەت خەریکە بە حەتمی پێچەوانەکەی بڵێین، کە تەلار لە بەرد، هەڵکۆڵین لە درەخت، تابلۆ لە ڕەنگ، کاری زمانی لە دەنگ، کاری هونەریی میوزیک لە ئاوازدا هەیە.... بەڵام ئەو شمەکییە سروشتییە چییە لە کاری هونەریدا؟.... کاری هونەری ڕەهەندێکە، شمەکی تێ دەپەڕێنێت. ئەو شتەی تر، کە تێیدا خۆی حەشار دەدات، ئەوەیە دەبێتە کاری هونەری. کاری هونەری شتێکی دروستکراوە، بەڵام شتێکی تر

دەڵێت، کە ئەو شتە ڕووت(مجرد)ـە نییە لە خودی خۆیدا.[٦٦] لێرەدا (هایدیگەر) ناو لەوە دەنێت (مێتافۆر) و دواتر بە (سیمبۆڵ)ـەوە گرێی دەدات.[٦٧] بەڵام (شت) لای (هایدیگەر) چییە؟ لە لاپەڕەکانی دواتردا بەشێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان کردووە: (وشەی شت بە هەر شتێک دەگوترێت، کە نیهل نییە).[٦٨] واتە عەدەم (Nothingness) نییە. (هەر بەو مانایە کاری هونەرییش شتە، ئەگەر بە شێوەی ڕەها بوونی هەبوو).[٦٩]

(هایدیگەر) بەم شێوەیە پێناسەی (سەرچاوەی کاری هونەری) دەکات: (لێرەدا سەرچاوە واتە لە کوێ و بە چی ئەو شتە دێتە کایەوە، ئەوە چییە و چۆنە).[٧٠] ناوی لێ دەنێت گەوهەر (substance). بەم شێوەیە پێی وایە پرسیار لەبارەی سەرچاوەی هونەرییەوە، پرسیارە لەبارەی سەرچاوەی گەوهەریەوە. پرسیاری ئەوە دەکات: لە ڕێگەی

---

[٦٦] هایدغر، مارتن، اصـل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العيد دودو، المانيا، منشـورات الجمل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص٣٣

[٦٧] هەمان سەرچاوە، ل٦٢

[٦٨] هەمان سەرچاوە، ل٦٢

[٦٩] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٦٤

[٧٠] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٥٨

چ شتێکەوە و چۆن هونەرمەند دەبێتە ئەو هونەرمەندەی هەیە؟ لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە. کەواتە ئەوە کاری هونەرییە وا دەکات هونەرمەند ببێتە هونەرمەند. هونەرمەند سەرچاوەی کاری هونەرییە و کاری هونەرییش سەرچاوەی هونەرمەندە. ئەمیان بەبێ ئەوەی تریان نابێت.[٧١]

لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت هەر لای ئەو بگوترێت (هونەرمەند هێندەی هونەر بایەخدار نییە، نزیکەی وەک ئەو ڕاڕەوەی لە پرۆسێسێکی داهێنەرانە و لەپێناوی دەرکەوتنی کارەکەدا خۆی تێک دەشکێنێت).[٧٢]

(هانز جۆرج گادامێر) هەر لەو پێشەکییەدا، کە بۆ کتێبی (سەرچاوەی کاری هونەری)ی (هایدیگەر)ی نووسیوە، دەڵێت: {شتەکان تەنیا شتی ڕووتن، بەو مانایەی لێرەدا

---

[٧١] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[72] *Aili Bresnahan,* The Dynamic Phenomenon of Art in Heidegger's The Origin of the Work of Art.Available at: https://www.researchgate.net/publication/276219346_The_Dynamic_Phenomenon_of_Art_in_Heidegger's_The_Origin_of_the_Work_of_Art

هەن، بە چاوپۆشین لەوەی بۆ بەجێهێنانی خزمەتێک دەست دەدەن، یان نا. (هایدیگەر) ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە تێگەیشتنی وجوودی جۆرێکی وا لەسەر ئەو شێوازەی هاورێکە لەگەڵ ئەو پرۆسێسە چەسپاو و مەبەستدارەی لە زانستی نوێدا هەیە، رێگە نە بە شتبوونی شت و نە بە ئامێربوونی ئامێر دەدات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئامێربوونی ئامێر بە کارێکی هونەرییەوە پێوەستی دەکات، کە تابلۆیەکی (ڤان گوخ)ـە، بریتییە لە پێڵاوی جووتیارێک. ئەوەی لەم کارە هونەرییەدا دەردەکەوێت، خودی ئامێرەکەیە، واتە نەک تەنیا هەبوون (الموجود)ـەکە، دەشێ بۆ بەجێهێنانی خزمەتێک دەست بدات، بەڵام ئەوە شتە، وا دەکات بوونەکەی (وجودە: بە عەرەبی) خزمەت بکات، یان پێویستە لەسەری خزمەتی خاوەنی پێڵاوەکە بکات. ئەوەی لە کارە هونەرییەکەی نیگارکێشدا دەردەکەوێت و ئەوەی بە زەقی دەریدەخات، جووتە پێڵاوەکە نییە، بەڵکوو گەوهەری ڕاستینەی ئامێرە، کە ئەو لە پێیەتی. سەرجەم ژیانی لادێی لەو پێڵاوەدا بەرجەستە کردووە. کاری هونەری وایە، کە لێرەدا حەقیقەتی مەوجوود دەردەکەوێت. پێویستە لەسەرمان تێبگەین، کە دەرکەوتنی حەقیقەتێکی لەم چەشنە لە کاردا

بەرهەم دێت بەپێی ئەوەی تێیدا ڕوو دەدات، نەوەک لە ژێرخانی شتبوونی (بنيته التحتية الشيئية)}.[٧٣]

واتە کاری هونەری شێوازی تایبەت و سەربەخۆی خۆی هەیە لە دەرخستنی گەوهەر و حەقیقەتی مەوجوودەکاندا. بە مانایەکی تر لە ڕێگەیەوە هەم گەوهەری شت و هەم گەوهەری ئامێریش دەردەکەوێت، بەوەی خۆی نە دەبێتە شت و نە دەبێتە ئامێریش، لە کاتێکدا لە زانستدا، بە مانایەکی تر لە پیشەسازیدا ئەو گەوهەرە ون دەبێت. لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: (ئێمە تەنیا لە ڕێگەی گەوهەری هونەرەوە دەتوانین بزانین کاری هونەری چییە).[٧٤] واتە (بۆ ئەوەی گەوهەری هونەر بدۆزینەوە، لەسەرمان پێویستە لە کاری ڕاستینە بگەڕێین و بپرسین کاری هونەری چییە و گەوهەرەکەی چۆنە).[٧٥] ئەو جووتە پێڵاوە لە دیدی (هایدیگەر)دا ڕێک حەقیقەتی ئەو ئامێرە و ئامێربوونی ئەو ئامێرە دەردەخات. گەوهەری ئەو جووتە پێڵاوە نە لەو

---

[٧٣] هايدغر، مارتن، اصـل العمل الفني، ترجمة: د. ابو العيد دودو، المانيا، منشـورات الجمل، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣، ص٤٣

[٧٤] هەمان لاپەڕە، ل٥٩

[٧٥] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە٦٠

مەتێریەلەیە، لێی دروست کراوە و نە لەو فۆرمەی بەپێی پێویستیی بەکارهێنان وەریگرتووە، بەڵکوو لە بەکارهێنانی ڕاستینەیدایە. بە مانایەکی دی، ئەوە تەنیا لایەنی مەتێریەلی نییە لەم جووتە پێڵاوەدا، کە تابلۆکە دەریخستووە، بەڵکوو ئەوە حەقیقەتێکی گەورە دەردەخات، کە ژیانی جووتیارەکەیە. کەواتە گەوهەری شت نە چەسپاوە و نە گەیشتووەتە دۆخی تەواوبوونیش، بەڵکوو دەکەوێتە سەر ئەو ڕووداوەی لە وجووددا تێیدا ڕوو دەدات. لەبەر ئەوەیە جەخت لەسەر سەرچاوەی کاری هونەری دەکاتەوە و پێی وایە دەبێت تەنیا لەبارەی حەقیقەتی ئەو کارەوە بپرسین، کە ئەوە ڕوانینی فینۆمینۆلۆجییانەی ئەوە بۆ کاری هونەری.ئەو گەوهەرە لە دروستکردنی شووشەواتدا ونە. ئەو کارە هونەرییە چییە لەو دووکانەی شووشەواتدا کراوە، تا گەوهەری بوونمان بۆ دەربخات؟ ئایا ئەوانە، کە بە قاڵب دارێژراون، تەنیا جەخت لەسەر مانای زانراوی قاڵبەکانیان ناکەنەوە؟ ئایا چەسپاو نین و کۆتاییان بۆ دانەنراوە؟ ئایا ئەوانەی ئەو شووشەواتەیان بە قاڵب دروست کردوون، هەر لە سەرەتاوە فۆرمی کۆتاییان لە بەرچاو نەبوون و نەیاندەزانی ئەو کەرەستە خاوانەی وا

لەو قاڵبانەیان دەکەن، بە کوێ دەگەن و چییان لێ پێک دێت؟

ڕەخنەدۆزی فرانسی (مێشێل هار: Michael Haar) هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: (ئەوەی کاری هونەری لە ئامێر جیا دەکاتەوە، یان ئەوەی شیعر لە ڕێکلام جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە کاری هونەری لە پێناوی ئەرکێکی دیاریکراو، یان لە پێناوی پرۆسێسێکی بەرژەوەندیخوازانەدا، مەتێریەلێتیی ئەو ماهیەتە تێ ناپەڕێنێت، کە لێی دروست کراوە. کاری هونەری لە سەرچاوەی ڕەسەن دروست کراوە و بەرهەم هێنراوە.)[٧٦]

هەر (هار) دەنووسێت: (ئەوەی کاری هونەری لە ڕێی دەربڕینی ئەو قووڵاییە هەستپێکراوەوە سەرنجمان ڕادەکێشێت، لە ئامێردا بە هۆی ئەو بەرژوەندییەی لە پێناویدا بە کار دێت، لە بیر کراوە.)[٧٧]

[٧٦] متاهات، (نصوص وحوارات في الفلسفة والادب) ترجمة: حسونه المصباحي، مراجعة: د. قدامة الملاح، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٠، مقالة (هايدغر والشعر، الشاعر لا يأتي بالخلاص)، ص٢٦

[٧٧] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

ئایا ئەو قووڵاییيە هەستپێكراوە لەو دووكانەی شووشەواتدا هەیە؟ ئایا كەلوپەلەكانی ناوی لە پێناوی بەرژەوەندیی دیاریكراودا دروست نەكراون؟ بە قاڵب دانەڕێژراون؟ ئایا فیلە سروشتییەكە لە پێناوی ئەواندا نییە، لە ناو دەبڕرێت؟

كاری هونەری ئەو بوارەیە، كە چالاكیی هونەرمەندی تێدا دەردەكەوێت و هەر لەوێیشەوە ئێمە هونەرمەند دەناسین. ئەمە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەیە، گۆیە هونەر بە هۆی هونەرمەندەوە دێتە بوون. بە شێوەیەكی گشتی ئەگەر نە هونەرمەند بەبێ كاری هونەری و نە كاری هونەری بەبێ هونەرمەند ببێت، بەوەی هەر یەكەی سەرچاوەی ئەوەی ترە، ئەوە لەم نێوەدا ئەوەی كۆیان دەكاتەوە، (هونەر)ـە، مادام هونەر سەرچاوەی هەردووكیانە، بۆیە (هونەر: art) بە هاوواتای (كاری هونەری:art work)، یان ( work of art) نازانێت.[٧٨]

---

[78] *Aili Bresnahan,* The Dynamic Phenomenon of Art in Heidegger's The Origin of the Work of Art.Available at: https://www.researchgate.net/publication/276219346_The_Dynamic_Phenomenon_of_Art_in_Heidegger's_The_Origin_of_the_Work_of_Art

هەتا ئەو کاتەی پێوەری چاکە و خراپە هەیە، ئێمە دوورین لەوەی گەوهەری کاری هونەری ببینین و لەبارەی هونەرەوە بپرسین. تا ئەو کاتەی خاوەنی گوتە تەنیا لە ڕێی دوالیزمەکانەوە دەنووسێت، تێپەڕاندن ونە و تەنیا جەخت لەسەر قاڵب دەکرێتەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەوە ئامادەگیی شت نییە لە کاری هونەریدا، کە ئەو شتە دەکاتە هونەر و داهێنان، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەوە ئەوە ئامادەکردنی شتی نادیارە تێیدا ئەمەی لە دەست دێت، بەوەی هەڵگری مانا، ئاماژە و سیمبۆلە. {هونەر لای (هایدیگەر) نە پرۆسێسە و نە بەرهەمی چالاکیی مەبەستداری هونەرمەندێکیشە، بەڵکوو هێزێکی بزوێنەرە، واتە (دیاردەیەکی دینامیکی: a dynamic phenomenon)یە زیاتر لەوەی تەنیا شوێنێک بێت، هونەری تێدا بکرێت}.[79]

ئەمەیش وا دەکات نووسەر، یان هونەرمەند بوونەوەرێکی سەربەست بێت، کە هەر ئەو سەربەستییەیشە وای لێ کردووە کارەکەی ملکەچی یاسا و کلێشەکان نەکات، بەوەی

[79] هەمان سەرچاوە.

کاری هونەری ئەگەرچی لە مەتێریەل پێک دێت، وەک بۆ نموونە تابلۆ لە قوماش، فڵچە، ڕەنگ و شتی تر دروست دەکرێت، یان کاغەز و قەڵەم بۆ نووسین دەخرێنە کار، بەڵام بەهای ئەوانە کاتێ دەردەکەوێت، کە ئەو مانا، ئاماژە و سیمبۆلانە تێیدا بەرهەم دێن. هەر بۆیە وەک پێشتر گوترا هونەر هەم سەرچاوەی هونەرمەند و هەم هیی کاری هونەرییشە، وەک بڵێی هونەر بە خودی دازاین بزانێت، بەوەی شتەکانی تێدا ئامادە دەبن، بگرە ئەو شتانەی لە هونەردا ئامادە دەبن، لەوانە حەقیقەتترن، کە لە واقیعدا هەن، لە کاتێکدا هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە هونەر ڕێگەیەکە لەو ڕێگایانەی حەقیقەتیان تێدا دەردەکەوێت، کە پێم وایە هەر لەم شوێنەوە کاری ڕاڤەکار دەست پێ دەکات چۆن ئەمانە دەخوێنێتەوە و لەبارەیانەوە دەپرسێت. دەگەینە ئەوەی بڵێین پێداگریی (هایدیگەر) لەسەر شتێتیدا، مانای ئەوە نییە کاری هونەری تەنیا لە شت پێک دێت، بەڵکوو بایەخی شت لەوەدایە دەتوانێت سیمبۆلی تێدا دەربکەوێت، کە لێرەدا وەک ئەوە وایە باسی ئێستاتیکا بکات، چونکێ لەوتێپەڕاندنەدا شێواز دێتە کایەوە، کە ناو لەوە دەنێت ڕووناکایی. ئەوە ململانێی نێوان زەوی (The earth) و

دنیا (The world) دەردەخات، بەو مانایە نا، کە ئەمیان ئەویان دەبەزێنێت، بەڵکوو بەو مانایەی لەو پرۆسێسەدا کردنەوە و داپۆشین دێنە دی، کە ئەوانەیش جودا نین، بەڵکوو کرانەوە داپۆشین و داپۆشین کرانەوەیە.دوو چەمکن و لە شێوەی مێتافۆردا بە کاریان دەهێنێت. مەبەست لە زەوی، لایەنی مەتێریالییە، کە لە وشە، ڕەنگ، دەنگ، بەرد و شتی دیکەدا خۆی دەنوێنێت. هەرچی دنیایە بریتی نییە لەو شتە دیاریکراوانەی دەکرێت بیانژمێرین، یان نەیانژمێرین، وەک چۆن لە لایەنی هەستیش( perceptual field)دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو سەرتاپێی مێژووی بوونی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بە مانایەکی دی، (زەوی) ئەرکی داپۆشینی شتێتیی شت لە کاری هونەریدا لە ئەستۆ دەگرێت، لە کاتێکدا (دنیا) کرانەوە پێشان دەدات. واتە ڕووداوە و لە زەویدا ڕوو دەدات. (دنیا) بەو ڕووناکایییەی خۆی لە (زەوی)دا کرانەوەیی لە داپۆشراودا بە دی دێنێت. تیشک و کوژانەوە. واتە (هایدیگەر) ئەو مێتافۆرە دەخاتە گەڕ، کە واقیعی ماددی(material reality)ی شتگەلی زەوی (earthly things) و ئەو (دنیا)یەی دەریدەخات،

پێک دەبەستێتەوە.[٨٠] کاتێ (دنیا) لەسەر (زەوی) دادەمەزرێت و (زەوی) لە ڕێی (دنیا)وە دەردەکەوێت، هەرگیز لە یەک ناترازێن، بۆیە کاری هونەری (بوون) دەهێنێتە ژێر ڕووناکاییی حەقیقەتەوە. بە مانایەکی دی، کرانەوە و داپۆشراو لای (هایدیگەر) جودا ناکرێنەوە، بەڵکوو یەک شتن و حەقیقەتی سەرتاپێی بوون دەردەخەن. وەک خۆی دەڵێت سەرەتا ئەوە سەیر دێتە بەر چاو.[٨١] واتە کاری هونەری حەقیقەتی تێدا دەردەکەوێت، کە حەقیقەت لای (هایدیگەر) لەسەر بنەمای هاوڕێکیی نێوان و عەقڵ و واقیع دانەمەزراوە، بەڵکوو هەردووکیان لە ئاسۆی ئۆنتۆلۆجیدا ئەو حەقیقەتە پێک دەهێنن، کە ئەمە

---

[80] O’halloran, Paul, What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh’s Shoes to launch the Origin of a Work of Art?’ ?Available at:

What if Heidegger used Fountain instead of van Gogh’s Shoes to launch the Origin of a Work of Art?’ | Toutfait Marcel Duchamp Online journal

[٨١] هيدجر، مارتن، نداء الحقيقة، ترجمة وتقديم ودراسة: د. عبدالغفار مكاوي، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٧، ص٣٨٩-٣٨٨

تێگەیشتنێکی زانستییانە و لۆژیکییانە نییە، بەڵکوو لەوە فرەوانترە و دەرخستنی سەرتاپێی هەبوونە.

نووسەری میللی، ئەو نووسەرەی پابەندی داخوازیی جەماوەرە، لەبارەی ئامادەگیی شتەوە دەنووسێت، واتە ئەوەی هەیە، نەوەک لەبارەی ئەو نادیارەی تێیدا ئامادە کراوە. ئەو شتەی دیارە و بە زەقی دەبینرێت، لای ئەم بایەخی هەیە، بەوەی بە ئاسانی بە دەست دێت و هەر چاوێکی تریش دەتوانێت هەستی پێ بکات. لەبەر ئەوەیشە بە گشتی ڕەخنەگری میللی هێندە شەیدای ئەو تێکستە ڕووکەشانەیە، کە بە زەقی دەکەونە بەرچاوی، بەوەی ئەوانە ئەو هێزە بزوێنەرەیان نییە، وەک (هایدیگەر) لە کاری هونەریدا پێی لەسەر دادەگرێت. ئەگەر لە هەردوو چەمکی (زەوی) و (دنیا)ی (هایدیگەر)ـەوە لەم دووکانی شووشەوات و فیلە بڕوانین، ڕووبەڕووی چ ڕووداوێک دەبینەوە، کە لە (بوون)دا بەرپا کرابێت؟ئەو ڕووناکاییە، چییە دەرکەوتووە؟ ئێمە وەک (هایدیگەر) پێی وایە لە ڕێی جووتە پێڵاوە کۆنەکەی (ڤان گوخ)ـەوە شەکەتیی جووتیارێک، هەنگاونانی لە کێڵگەیەکی فرەواندا، شێ، باران،

بێدەنگیی زەوی و کۆمەڵێکی دیکە دەخوێنینەوە، بەڵام لەم دووکانەی شووشەواتدا چ نهێنییەکی بوون پێشان دراوە؟ گوترا مەتێریەل لە کاری هونەریدا بۆ مەبەست و ئامانجی دەرەکی نییە، بەڵکوو کاری هونەری شتێتیی شتەکە دەردەخات و ئامادەگییەکەی دەپارێزێت، پێچەوانەی ئامێر، کە تەنیا بۆ بەکارهێنانە. کاری هونەری ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی ڕزگاریی مرۆڤ لەژێر دەستەڵاتی شتدا، بەوەی شت وای کردووە مرۆڤ حەقیقەتی خۆی لە بیر بچێتەوە، هەم لە خودی خۆی و هەم لەوانەی دیکەیش داببڕێت، بگرە لەناو دنیای ڕووکەشی شتەکاندا نامۆ دەربکەوێت، بە ڕادەیەک لە جیاتیی ئەوەی خۆی خاوەنی شت بێت، شت خاوەنی ئەوە.

گەڕاندنەوەی کاری هونەری بۆ ئاستی میللی، واتە بۆ ئەو ئاستەی سادە دەکرێتەوە، تاکوو بە خراپ، یان بە چاک حوکمی لەسەر بدرێت، هەوڵێکە بۆ کوشتنی گیانی ئێستاتیکیی ئەو کارە. ئەو دووکانەی شووشەوات، دووکانێکە وەک هەموو ئەو دووکانانەی دیکە، کە شووشەواتیان تێدا دەفرۆشرێن، بەڵام لەوەدا جیاوازە، کە

پاسەوانێکی دڵسۆزی هەیە و لە پێناوی ئەو کەلوپەل و قاڵبانەدا، فیلێکی لە ناو بردووە. لەم دووکانەدا شت دەپارێزرێت و ئەو گیانە دوور دەخرێتەوە، کە بە دەربڕینی (هایدیگەر) دەتوانێت لە (زەوی)دا گۆڕان پەرپا بکات، بگرە حەقیقەتێک دەربخات. واتە ئەو فیلەی گلەیی لێ دەکرێت، گۆیە شت دەشکێنێت و کراوەتە پێوەر بۆ سڕینەوەی جیاوازی، بەلاوەنانی ئەو لایەنەیە، کە (هایدیگەر) بە دنیا (world) ناوی دەبات و پێی وایە لە ململانێی لەگەڵ زەوی(earth)دا، حەقیقەت دەردەخات و ڕووناکایی دەهێنێت.[٨٢]

خاوەنی گوتەکە کرداری شکاندن وەک گشتێک دەبینێت. واتە شکاندن هەر شکاندنە و خراپە. پێشتر بڕیاری لێ داوە. ئایا شکاندنی سەری کەسێک، هەمان شکاندنی ئەو شەختەسەهۆڵەیە، کە دەرگەیماڵەکەی گرتووە و ڕێی نادات بێتە دەرەوە؟ ئایا کاتێ منداڵێک لە ژوورێکدا دەرگەی لەسەر خۆی داخستووە و ناتوانێت بیکاتەوە، شکاندنی

٨٢ بەشێکی ئەو باسە (کاری هونەری) لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام) وەرگیراوە.

دەرگەکە کارێکی خراپە، کاتێ دەمانەوێت گیانی منداڵەکە ڕزگار بکەین؟ ئایا کاتێ کرداری شکاندن لە حەقیقەت دادەماڵین و بە ژیانەوە پێوەستی دەکەین، دەرگە لەسەر بێژمار ئاماژەی دی ناکەینەوە؟

لە ئاستی ڕوانینی میللیدا شکاندن خراپە. هەر هێندە فام دەکەینەوە، گەورەکان ئامۆژگاریمان دەکەن و دەڵێن: (بڤ! نەشکێنیت!). ئەوە بووەتە حەقیقەتێکی چەسپاو و لەم گوتەیەدا، گوتەی (فیلێک لە دووکانی شووشەدا) خۆی دەربڕیوە. وەک پێشتر گوترا (نیتشە) وا لە بەها نازڕوانێت، ئەزەلییە و بە پرینسیپی شوناسەوە بەستراوەتەوە، بەڵکوو لە جووڵە و گۆڕاندایە، بەوەی بە ژیانەوە پێوەستە. (ڕەوتی بیرۆکە لۆژیکی و ئەنجامە لۆژیکییەکانی ناو مێشکمان ئەمڕۆ لەگەڵ جەنگ و پرۆسێسە بزوێنەرەکان هاوڕێکن، کە هەموویان بە جودایی نالۆژیکی و زاڵمانەن، بەوەی هەمیشە ئەنجامەکانیان ئەزموون دەکەین).[٨٣]

شکاندن، واتە شکاندنی سیستەمی زمان، دروستتر سیستەمی زمانی ڕۆژانە، کە تێکڕای دەستەڵاتەکان لە

[83] Nietzsche, Friedrich, The Gay Science, Edited by Bernard Wiliams. Translated by Josefine Nauckhoff. Cambridge Cambridge University Press, 2001, p.112

سیاسییەوە بۆ ئابووری، لە کۆمەڵایەتییەوە بۆ سیمبۆڵی، لەویَ یەکیان گرتووە. زمانی ڕۆژانە هەڵگری بەها ساختەکانە، کە وەک (نیتشە) پێی لەسەر دادەگرێت پێویستە جینالۆجیایان بۆ بکرێت، چونکە ئەوانە بەرماوەی هەڵەی مێژوون و جەماوەر دەستی پێوە گرتوون. پێی وایە تاکی سەروەر پێگەیشتووترین بەروبوومە لە بەروبوومەکانی درەخت، کە ئەو تاکە جگە لە خۆی، لە هیچی دیکە ناچێت. ئەو تاکە لە کۆتوبەندی ڕەوشتی دابونەریتەکان ڕزگاری بووە. تاکی سەربەخۆ و سوپەر_مۆراڵە. بەکورتی ئەو تاکە پێگەیشتووە و خاوەنی ویستی سەربەخۆیە.[٨٤] وەک گوترا (دێریدا) لەم ڕووەوە پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوە، یان ڕماندن (Deconstruction) دەبات، بەوەی فەلسەفەی ڕماندن لە هەناوی زماندایە.[٨٥] لەو ڕێیەوە ڕووبەڕووی مێتافیزیکا دەبێتەوە. ماسکەکانی دادەماڵێت و دژایەتییەکانی دەردەخات. وەک پێشتر ئاماژەی پیَ کرا دوالیزمە دژەکانیش تێک دەشکێنێت، تا بێژمار مانای دیکە بەرهەم بێن. ئایا ئەو دووکانەی شووشە هیچ دژایەتییەکی ئاشکرا کردووە، یان زیاتر دژایەتییەکانی داپۆشیوە؟ ئەوەتە وەک

[٨٤] نیتشــە، فردیدريک، أصــل الأخلاق وفصــلها، ترجمة: د. حســين قبيســي، الطبعة الأولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨١، ص٥٥

[٨٥] دريدا، جـاک، في علم الكتـابـة، ترجمـة وتقديم: أنور مغيث ومنى طلبـة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠٠٨، ص٢١

پارادۆکسێک (دێریدا) ڕماندن لە ئاستی فەلسەفیدا دەخاتە گەڕ و وەک چەکێک ئاڕاستەی مێتافیزیکای دەکات، لە کاتێکدا خاوەنی ئەو گوتەیە پێشتر بڕیاری داوە کرداری شکاندن هیی ئیبلیسەکانە.

دیسان بۆ دنیای شت و دنیای ئاماژە دەگەڕێینەوە، کە هەر کاتێ ویستی تێپەڕاندن لە دەست دەدەین، ئەوە بابەتەکان نەک وەک خۆیان دەهێڵینەوە، بەڵکوو زیاتریش جەخت لەسەر حەقیقەتی چەسپاویان دەکەینەوە، ئەو حەقیقەتەی جەماوەر دەنگیان پێ داوە و لەسەری ڕێک کەوتوون. کاتێ بابەت نەگۆڕاوە و نەخراوەتە ئاستێکی دیکەوە، ئەوە لە ڕێی وەسفەوەبە چینێکی دیکەی پیرۆزی داپۆشراوە.[٨٦] ئەوە زەقکردنەوەی بەها ساختەکانە، کە لە جیاتیی ئەوەی نووسەر جینالۆجیایان بۆ بکات، یان بە دەربڕینی (فۆکۆ) لە ئارکۆلۆجیاوە بیانبینێت، دەیانهێڵێتەوە و ڕەونەقیان پێ دەدات. وەک ئەوەی لە وەسفی ئەم فیلەدا دەیبینین. ئەو فیلە لە ئاستی خواستی جەماوەردا ماوەتەوە.

---

[٨٦] لە بەرهەمەکانی پێشوومدا باسم لە چەمکی وەسف کردووە، کە نووسەرە جەماوەرییەکان پەنای بۆ دەبەن و لەو ڕێیەوە چینی دیکە دەخەنە سەر حەقیقەتە چەسپاوەکان. بۆ نموونە بڕوانە:
لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە) – ژنەفتن (jineftin.krd)

لە بەهاری (١٩٨٥)دا بۆ یەکەمجار لە ڕێی هاوڕێیەکمەوە تابلۆکانی (سەلڤادۆر دالی)م بینین. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، فیلەکان بوون، کە ئەو هونەرمەندە سوریالیستە کێشاونی. قاچی فیلەکان وەک هیی جاڵجاڵۆکە باریک و درێژن. تەنیا هەندێک سیمای ئەو ئاژەڵەی هێشتوونەتەوە، تا ئێمە هەم لە واقیع و هەم لە فەنتاسیادا ببیبینین. ڕاستییەکەیشی دنیای واقیع و هیی فەنتاسیا دژی یەک نین، بەڵکوو هاوڕەگن، کە (دێریدا) پێی وایە ناوەوە و دەرەوە دوالیزم پێک ناهێنن.[٨٧] من لەو گفتوگۆیەی پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، گوتوومە:

ئامانجی سەرەکیی فەنتاسیا، ڕزگاربوونی یەکجارەکییەتی لەژێر دەستەڵاتی واقیع و دامەزراندنی دنیایەکی دیکەی تەواو جیاواز، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە هەرگیز ڕوونادات، بۆیە فەنتاسیا بە ناچاری دەست لە بەشێک لە ئارەزووەکانی خۆی هەڵدەگرێت و جیهان لەگەڵ واقیع بەش دەکات. واتە پێوەندیی فەنتاسیا و واقیع، پێوەندیی نێوان خود و بابەتە، کە ئەو پێوەندییە لای (دێکارت)، (هیگڵ)،

[87] Ellen Lupton and J. Abbott Miller, Deconstruction and Graphic Design:
Deconstruction and Graphic Design - ellenlupton

(کیەرکەگۆرد)، (هۆسێرل)، (هایدیگەر)، (سارتەر) و زۆری دیکە وەکوو سەرەکیترین پرسیاری فەلسەفە کاری لەسەر کراوە. ڕازیبوونی فەنتاسیا بە بەکارهێنانی ئایکۆن (مەبەستم ئەو تیپانەیە، کە لە نووسیندا بە کار دەهێنرێن)، هەر خۆی تێکەڵبوونی دنیای خەیاڵ و واقیعە، چونکە فەنتاسیا، کاتێک دەخرێتە ئاستی ڤێربالەوە (واتە کاتێ گۆ دەکرێت) و لەوێیشەوە بۆ باری ئایکۆنی دەگۆڕێت (واتە کاتێک دەنووسرێتەوە)، مانای ئەوەیە، نەیتوانیوە کەرەستەی تەواو جیاواز لە هیی واقیع دابهێنێت. واتە فەنتاسیا ناتوانێت دەستبەرداری کەرەستەی دنیای واقیع ببێت، چونکە هەموو کردارێک گیرۆدەی دەستی ئەو کەرەستانەیە. بۆ نموونە ئەگەر تەنیا سەرنج لە کرداری دانیشتن بدەین، ئەوە دەبینین ئەو کردارە وەکوو سەرجەم کردارەکانی دیکە، ناتوانێت بە تەنیا پراکتیزە بکرێت، بەڵکوو بەندە بە یەکێک، یاخود زیاتر لە یەکێک لە کەرەستەکانی ئەو واقیعەوە، ئینجا زەوی بێت، کورسی بێت، یاخود بەردێک بێت، کە هەر دەبێت لەسەریان دابنیشرێت. ڕاستە فەنتاسیا ئەو کەرەستانە بە شێوەیەکی جیاواز لە هیی واقیع بەکار دەهێنێت، چونکە ئەو شتانە لە ئاستی مەتێریەلەوە دەگۆڕێت بۆ ئاستی هەستپێکراو، بەڵام فەنتاسیا و واقیع هەردووکیان یەک سیستەمی ناونانیان هەیە. فەنتاسیا ناوی شتەکانی واقیع وەکوو خۆی بە کار دەهێنێت، بەڵام شێوە،

جۆر و قەبارەی ئەو کەرەستانە دەگۆڕێت، بەو مەبەستەی کردارەکان سەرنج ڕابکێشن و شیعریەت و ئیستاتیکا بە دەست بهێنن، بەڵام هەرگیز لە توانایدا نییە بە تەواوی بیانسڕێتەوە، چونکە بە سڕینەوەیان، فەنتاسیا خۆشی دەسڕێتەوە و نامێنێت. وەک گوتم فەنتاسیا ناتوانێت لە سنووری زمان تێبپەڕێت. (سەلڤادۆر دالی) لە تابلۆی (پێداگریی یادەوەری: The Persistence of Memory)دا کاتژمێرەکەی لە ناو نەبرد، بەڵام شێوە، جۆر و قەبارەکەی گۆڕین، بۆئەوەی کردارەکە ببێتە مایەی تێڕامانی ئێمە، چونکە لەگەڵ شێواندنی ئەو ڕووبەرەی میلەکەی تێدا دەخولێتەوە، کردارەکەیش گۆڕانی بەسەردا دێت. ئێمە ناچارین بپرسین ئایا ئەم میلە لەمەودوا چۆن دەتوانێت بخولێتەوە، لەکاتێکدا ئەو ڕووبەرەی دووانزدە ئایکۆنەکەی تێدان، شێواوە و لە سنووری نۆرماڵ دەرچووە؟ ئیتر ئێمە چۆن کات بپێوین؟ کەواتە ئێمە هێشتا باس لە کاتژمێر،کات و شتەکانی دیکە دەکەین، بەڵام ئەوەی گۆڕاوە، تێڕوانینی ئێمەیە لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییەی لە ئەنجامی ئاکتیڤبوونی فەنتاسیاوە دەرکەوتووە. ئەوەی بەرهەم هاتووە، پرسیار و گومانن، نەوەک وەڵام و یەقین. هەر ئەم دووانەیشن وا دەکەن فەنتاسیا پرۆسێسێکی ئینفینیتی بێت و کۆتایی نەیەت، چونکە واقیع خۆیشی چەمکێکی دینامیکیی هەیە و جێگیر نییە. دەیشمەوێت بڵێم

فەنتاسیا چەند بەهێز بێت، هێشتا ناتوانێت لە سنووری ئەو کەرەستانە بچێتە دەرەوە، بۆیە فەنتاسیا ڕوویەکی دیکەی واقیعە. هیچ فەنتاسیایەک نییە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا تێکنەشکابێت، بەڵام هەموو تێکستێک، بەرهەمی ئەو سازشەی نێوان خەیاڵ و واقیعە. لێرەوەیە بانگەشەی ئەو نووسەرانەی، کە دەڵێن ئەوان لە کاتی نووسیندا ئاستی هۆشیاریی خوێنەر لە بەرچاو دەگرن و هاوکات هێرش دەکەنە سەر ئەو تێکستانەی، کە بە ئاسانی لێیان تێناگەن، بێبنەمایە، چونکە وەکوو گوتم ئەوە نووسەر نییە سنوور بۆ فەنتاسیا دادەنێت، بەڵکوو کەرەستەکانی واقیعن، کە مەحاڵە بەتەواوی لە کردار جودا ببنەوە. هێندە هەیە، هەر کاتێک فەنتاسیا ڕزگاربوونی تەواوی خۆی لە واقیع ناکاتە ئامانج، ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئەو واقیعەوە و ناتوانێت کار لە گۆڕینی ئەو کەرەستانە بکات. وەک گوتم فەنتاسیا شێوە، قەبارە و جۆری شتەکان دەگۆڕێت. ڕاستە هەموو دوورکەوتنەوەیەک لە واقیع، مەودای خەیاڵ فرەوانتر دەکات، بەڵام هێشتا واقیع بەشێکە لە پێکهاتەی خەیاڵ. هەر لێریشەوەیە ئەدەب کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و دەبێتە بەشێک لە گوتاری تازەگەری، چونکە فەنتاسیا لە لایەک وێنەیە و لە لایەکی دیکە ئێکسیستێنس (کینونة). فەنتاسیا نەک هەر ناتوانێت دەستبەرداری زمانی ڕۆژانە ببێت، بەڵکوو لەسەر ئەم

زمانی ڕۆژانەیە خۆی دادەمەزرێنێت، بەڵام هەتا ئاستی زمانی ڕۆژانە لەناو چوارچێوەی کەلتوورێکی دیاریکراودا بەرزتر بێت، زمانی نووسینیش لەناو هەمان کەلتووردا بەرز دەبێتەوە، چونکە نووسین هەمیشە ڕێکخستن و پەرەپێدانی زمانی ڕۆژانەیە.[٨٨]

با دیسان بە ئەسپایی بۆ دووکانی شووشە بگەڕێمەوە و لە ژێر ڕۆشناییی ئەم بۆچوونەدا لێی بڕوانم. بە تایبەتیش لەسەر ئەم گوتەیەم دەوەستم: (هەر کاتێک فەنتاسیا ڕزگاربوونی تەواوی خۆی لە واقیع ناکاتە ئامانج، ئەوە هەر لە سەرەتاوە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی ئەو واقیعەوە و ناتوانێت کار لە گۆڕینی ئەو کەرەستانە بکات).

ئایا ئەو فیلە هێشتا لەژێر دەستەڵاتی واقیعدا نییە؟ ئەو گۆڕانکارییە چییە، هێناویەتی؟ ئایا لەناوبردنی فیلێک لە پێناوی شتدا، هەر ئەوە نییە ڕۆژانە کاربەدەستانی شارەوانی بڕیاری کوشتنی سەگ دەدەن، گۆیە نەخۆشی بڵاو دەکەنەوە و بۆ خەڵک مایەی بێزارین؟ ئایا هەر بە ڕاستی ئەم گوتەیە کاریگەرە؟ لای کێ کاریگەریی هەیە؟ ئەوە کێیە ناتوانێت لە ڕۆژێکدا هەزار دانەی وا هەر بۆ

---

[٨٨] لەو گفتوگۆیە وەرگیراوە، کە (ئیدریس عەلی) لەگەڵیدا کردووم.

خۆشی بڵێت؟ بۆچی خاوەنی ئەو گوتەیە هێندە لەگەڵ شکان و دژی نەشکانە؟

با سەرنج لە سەرەتای گوتەکە بدەین: (ئەمانە لە دونیای فیکردا وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند). ڕاستییەکەی (لە دونیای فیکردا) وەک فریودانێک دەردەکەوێت و تەواو لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە دێتەوە، کە شتەکان بۆ بەرەی چاکە و خراپە دابەش دەکات. لێرەدا دنیای فیکر و دنیای نافیکر هەن، کە خاوەنی گوتەکە لەناو یەکەمیاندایە و هەموو ئەوانە دەسڕێتەوە، گۆیە لەناو ئەوەی دووەمیاندان. فیکر، وشەیەکی گشتییە و دەکرێت هەر کەسێکی تر بە کاری بهێنێت. ئایا شوێنێک هەیە، فیکری لێ نەبێت؟ هەر چەمکێک ناوی لێ نراوە، مانای وایە هەیە و هەڵگری فیکرێکە، بەڵام ئەوە ڕوانینی کەسەکان تایبەتمەندی و جیاوازی بەو فیکرە دەدات. ئەمە ئەلفوبێیە، تەنانەت مرۆڤ بەبێ (سۆسێر)یش پێی دەگات. وەک گوترا لەم گوتەیەدا داخرانێک هەیە و نایشکرێت نەبێت، کە ئاماژە بە کەسانێک دەکات، لە ڕابردوو هەبوون، بەڵام بە هۆی نەبوونی فیکر (کام فیکرە؟)، لە ناو چوون. بۆچی لە ناو چوون؟ چونکە (وەک فیلێک وابوون لە دوکانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند).

فیکر وەک هەر چەمکێکی دی، مێتافیزیکایە و دەبێت تێی بپەڕێنین، نەوەک بیکەینە قاڵب و گوتەیەکی وای پێ دابڕێژین، گوتەی فیلی دووکانی شووشەوات. خوێنەرێکی (نیتشە) هەر لە سەرەتاوە بە کوتەکەکەی ئاشنا دەبێت و دەزانێت بۆ شکاندنی بە کار دەهێنێت، شکاندنی دۆگماکانی مێتافیزیکا، کە لە فەلسەفەی (پلاتۆ) و کریسچیانیتی بەرجەستەیە و خۆی لە هەموو ئەو بەها ساختانە دەبینێتەوە، مێژوو بەردەوام کەڵەکەی کردوون. شکاندنی دوالیزمەکانی چاکە/ خراپە، جوان/ ناشیرین، ڕووناکایی/ تاریکایی، فیکر/ بوون، جەستە/ ڕۆح، ناوەوە/ دەرەوە... هتد. ناونیشانە لۆکاڵییەکەی کتێبی (ئاوابوونی بتەکان)ی بەم شێوەیەیە: (ڕەخنە بە کوتەک)، یان (فەلسەفاندن بە کوتەک). کە لەم بابەتەدا لێمان وەرگرتووە و سەرچاوەکەیمان نووسیوە. شکاندن هەمیشە خەسڵەتی ڕەخنە بووە. نووسەری ئەم گوتەیە بۆچی پێی ناخۆشە شووشەکانی ئەو دووکانەی شووشەوات بشکێن؟ دیسان دەپرسم: ئەو گوتەیە بۆچی بەو شێوەیە بووەتە مایەی سەرسووڕمانی هەندێک لەو خوێنەرانەی؟ ئایا ئەگەر ناوی (بەختیار عەلی) لەو گوتەیە دوور بخەینەوە، بەو مانایەی ئەو چینە پیرۆزییەی سەری لا بدەین و بە چاوی ئاسایی بیخوێنینەوە، هەمان سیحری دەمێنێت؟ ئایا چەند لەوانەی هێندە بەو گوتەیە سەرسامن، ڕۆژێک لە ڕۆژان لەبارەی

ئەو تابلۆیەی (دالی)یەوە شتێکیان گوتووە؟ ئەرێ من ئەوە چواردە ساڵە باسی ئەو فیل و بۆقەم کردووە، کەسێ بە لایدا چووە؟ ئایا هەر بە ڕاستی ئەو گوتەیەی من لەوەی (بەختیار عەلی) لاوازترە؟ دیسان دەڵێم ئەگەر هیی ئەو بێت!

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا شیعرێکی شاعیر و فیلۆسۆفی یۆنانی (کۆستاس ئەکسیلۆس)م خوێندووەتەوە و تا ئێستایش ئەو چەند وشەیەیم لە بیرم ماون: (مرۆڤ کاتێ زانیی گیانی بووکەشووشەیە، پێویستە بیشکێنێت). من پێم وایە ئەوەی تا ئەم ساتە پێمان گوتراوە، (مەشکێنە!)یە و هەر ئەوەیشە دەستەڵاتی هەیە، بۆیە (بشکێنە!) ئەو لایەیە، فەرامۆش کراوە، بگرە بە حەرام زانراوە. ناکرێت لە ڕێی (مەشکێنە!)وە شتێکی جیاواز بڵێین، بەڵکوو بە گوتنەوەی تەنیا جەخت لەسەر دەستەڵاتەکەی دەکەینەوە. هەر بە گشتی ئەدەبی ئێمە کاتێ دەتوانێت ڕووی لە داهێنان بێت، کە پشت لەو دوالیزمانە دەکات و ساتێ دەست لە شکاندن هەڵناگرێت.

لە ڕۆمانی (ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟)دا کارم لەسەر فەلسەفەی شکاندن کردووە. (شەکشەک) لەو ڕۆژەوە پێ دەگرێت، تا ئەمڕۆ خەریکی شکاندنە. شکاندن ئەو کردارەیە، لە ئاستی شتەوە بۆ ئاستی ئاماژەمان دەپەڕێنێتەوە. لەوێوە

دنیای کراوە و بێسنوور دەست پێ دەکات و تێیدا فیل ئەو تاکمانایەی نامێنێت، کە خاوەنی گوتەکە دەستی پێوە گرتووە. وەک گوترا ئەو دووکانە لەسەر هیچ دژایەتییەک دانەمەزراوە، بەڵکوو چەسپاوە و هەمان ئەو دووکانەیە، ناسیومانە.[٨٩]

❊ ❊ ❊ ❊

(فۆکۆ) پێی وایە دەستەڵات لە هەموو شوێنێکدا هەیە و یەکێ لە خەسڵەتەکانیشی قەدەغەکردن، یان سەرکوتکردنە، کە لەم ڕووەوە دەنووسێت: (ئێمە چاک دەزانین مافی ئەوەمان نییە هەموو شتێک بڵێین. ئێمە ناتوانین لە هەموو بارودۆخێکدا لەبارەی هەموو شتێکەوە بدوێین. دەیشزانین دواجار کەس ناتوانێت لەبارەی هیچ شتێکەوە بدوێت. بابەت هەیە، کە ڕێ نادرێت قسەی لێوە بکرێت و ڕیچوەڵی تایبەت

---

[٨٩] ڕەنگە هەبێت بڵێت ئەگەر ئەو گوتەیە قووڵ و فرەئاڕاستە نییە، چۆن هێندەی لە بارەیەوە دەنووسـرێت. ڕاسـتییەکەی من پێچەوانەکەی دەبینم، کە نووسـەری گوتەکە بازی بەسـەر ئەو هەموو وردەکارییەدا هەڵداوە و بە هەمان زمانی باو نووسـیویەتیەوە. ئەگەر هەر گوتەیەکی دیکەی ڕۆژانە خەڵـک لە نـاوەنـدە کۆمەڵایەتییەکـانـدا بە کـاری دەهێنن، لە شـوێن دابنێیت، دەکرێت بەم میتۆدە هەڵیبوەشـێنینەوە و هێندە و زیاتریشـی لە بارەوە بنووسـین، چونکە چەمکەکان بێسنوورن، بەڵام ئەوە ئەوانەن سنووریان بۆ دادەنێن، کە لە ڕێی دوالیزمەکانەوە بە کاریان دەهێنن.

بۆ هەموو لایەک لە ئارادایە).[٩٠] هەر (فۆکۆ) دەڵێت ئەگەر ئەمڕۆ خەڵکێکی زۆر لەبارەی سەرکوتکردنەوە قسە دەکەن، ئەوە ئەو سەرکوتکردنە لە ڕووی مێژووییەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە. ئەوان ئەگەر لەمێژە بە چڕی لەو بارەیەوە دەدوێن، لەبەر ئەوەیە ئەو سەرکوتکردنەیان تێدا ڕۆ چووە (firmly anchored) و هۆکاری ڕیشەییش هەن، کە ئەمە سروشتی دەستەڵاتە).[٩١]

بێگومان هێرشەکان بەو مەبەستەن، بۆچوونی جیاواز قەدەغە بکرێت و هەر دەنگێک بە لاوە بنرێت، کە لەو شوناسە ناچێت، وا ئەوان دروستیان کردووە و پشتیان پێ داوە. ڕەنگە هەندێک بڵێن ئەو خوێنەرانە وەهمین و بۆچوونیان بایەخی نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە دیاردەیەکی زەقە و لای ئەوانەیش بە ڕوونی دەبینرێت، کە بە ناوی خۆیانەوە دەنووسن. ئایا کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)ی من لەبارەی بابەتی یەکێ

---

[٩٠] فوکو، میشـيل، نظام الخطاب، ترجمة: محمد سـبيلا، دار التنوير، بيروت، ١٩٨٤، ص٦

[91] Foucault, Michel Foucault, The History of Sexuality, Volume I: An Introduction, Translated from the French by Robert Hurley, Pantheon Books New York, 978, P.9

لە خوێنەرە دیارەکانی (بەختیار عەلی)یەوە نییە؟ دەکرێت بزانن ئەو نووسەرە دوای چاپکردنی کۆمەڵێک کتێب، چیی نووسیوە؟ ئەوانە هێشتا نەیانتوانیوە بە ئاسایی وەریبگرن، کە بۆمان هەیە قسە لەبارەی (ڕەهەند)ەوە بکەین، بگرە چەمکەکانیان بخەینە ژێر ڕووناکاییی ڕەخنەوە و بیانپشکنین، ئاخۆ لە کوێیان هێناون؟ بە چ شێوەیەک لێیان تێگەیشتوون؟ چۆنیان دامەزراندوون؟ چییان پێ کردوون؟ چییان پێ خوێندوونەتەوە؟ چ جۆرە خوێنەرێکیان بەرهەم هێناوە؟ و...هتد.

ئایا سەیرە، کاتێ بە لۆژیکی ئەو فیلە ڕازی نین، پەلامار دەدرێین؟ بە (سۆران ئازاد) گوتراوە مامۆستایەکی خراپی هەیە. کاتێ ناسیومە، تەمەنی تەنیا پانزدە ساڵ بووە. هەر لە سەرەتاوە بەم و بە هەر کەسێکی دیکەم گوتووە پێم خۆشە تەنیا بە ناوی خۆم بانگ بکرێم. پرسیار ئەوەیە: ئایا مرۆڤ پێویستی بە مامۆستایە، تا گوتەیەکی لەم شێوەیەی فێر بکات؟[٩٢]

[٩٢] ئەو خوێنەرەی بەم گوتەیە سەرسامە، نووسیویەتی: (مەعریفەی بەختیار عەلی بە تایبەت و دواتر مەریوانیش بەم گەنجە راسپێردراوەی کە ئوستازێکی خراپی هەیە ناشیرین نابێت. کاتی خۆی ئوستازە گەورەکانیان قسەیان دەکرد بە قەولی

---

بەختیــار خۆی ئەمــانە لە دونیــای فیکردا وەک فیلێــک وابوون لە دوکــانێکی شوشەواتدا هەرچۆن بجوڵانایەتەوە شتێکیان ئەشکاند).

من نامەوێت لەســەر ئەو زمانە بوەسـتم، کە ئەو چەند وشــەیەی پێ نووســراون، بەڵام ئایا مەعریفە ناشیرین دەکرێت؟ گوتمان مەعریفە وەک هەر چەمکێکی دیکەی مێتافیزیک لەســـــەر دژایەتی دامەزراوە و دەبێت دابڕمێت. دەی، باشـــــە، چۆن ناشـــــیرین، یان جوان دەکرێت؟ ئایا مەعریفە مانای ئەزەلیی هەیە، یان مانای دەخرێتە ســـــەر؟ ئایا لە ســـــروشـــــتدا مەعریفەی جوان و ناشـــــیرین هەن؟ ئێمە ئاماژەمان بە (دێریدا) کرد، کە پێی وایە مانا هەرگیز ناکەوێتە پێش نووســـــینەوە، بەڵکوو مانا لەگەڵ نووســـیندا دەردەکەوێت. پێناســـەی (بارت)یشــمان بۆ تێکســت هێنـایەوە، کە گۆڕەپـانێکی فرەڕەهەند(a multi-dimensional)ـــــــە و تێیدا نووســـــراوە جۆراوجۆرەکــان بەر یەک دەکەن و ئــاوێتەی یەک دەبن، کە هیچ یەکێکیان ڕەســـــەن نین. تێکســـــت بریتییە لە ڕایەڵی گوتەگەلی ( a tissue of quotations) وەرگیراو لە بێژمار بنکەی کەلتووری. هەروەها بۆچوونی (نیتشــە) و ئەوانەی دیکەیشمان هێنایەوە. گوتمان لای (نیتشە) مانای ڕەسەن بوونی نییە و ئاماژەمان بە ســـەرچاوەکەیشـــی کرد. ئەوەیش گوترا، کە شـــتەکان لە گەوهەردا خاوەنی مانای ڕیشـــەیی نین، چونکە کۆمەڵێک هۆکار پێکیان هێناون، نەوەک تاکە هۆکـارێک. لای (هـایدیگەر)یش ئەوە ئەلفوبێیە. ئەو ڕەخنەی گەورە لە دوالیزمی (خود و بابەت) دەگرێت، کە لە گوتەی فیل و شووشەواتەکەدا بەرجەستەیە و ئەو خوێنەرە پێی ســەرســامە. (هایدیگەر) پێی وا نییە ئەوانە جودان، جودا نین و ئەوە تەنیا مرۆڤە هەر لە سەرەتاوە لەم دنیایەدا هەیە. دواتر ماهیەتی خۆی پێک هێناوە. لە بەشی دووەمی کتێبی (بوون و کات)دا وەک یەکێک لە پرۆبلەماتیکە گەورەکانی بوون ڕووبەڕووی (مەعریفە) دەبێتەوە و دەڵێت (مەعریفە لەناو دەســـــتدا نییە). بڕوانە:

HEIDEGGER, MARTIN, BEING AND TIME, Translated by John Macquarrie & Edward Robinson, Blackwell Publishers Ltd, 2001, P.87

پرۆبلەمــاتیکەکە لەوەوە دێـت، کە بوونی تــاک بەشـــێـک نییە لە هەبوونە هەستپێکراوەکان، بەڵکوو تێیدا بەرجەستەیە و ناکرێت لە دنیای دەرەوەی —>

---

—> دابڕین، چونکێ لە هەموو ڕوویەکەوە پێوەی پێوەســــتە. ئەو مرۆڤە، کە لە دنیادا هەیە، لەناو (بوون)ی شتە مەتێریالییەکاندایە، بەڵام جیاوازە، بەوەی خاوەنی خودە و هەر لێرەیشەوەیە زمان تێیدا دەدوێت. ئەو خودە تەنیا نییە، بەڵکوو لەگەڵ خودەکانی دیکەدایە. لێیان دەچێت و لێیان جیاوازە. واتە جارێک (بوون)ێکە لە دنیا و جارێک (بوون)ێکە لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا. (بوونی ڕەسەن) و (بوونی ڕووکەش). بەم شێوەیە تێگەیشتنی بوونی مرۆڤانەی ئەو بوونە، هاوکات تێگەیشتنە لە بوونی ئەوانەی دیکەیش. ناو لەوە دەنێت دازاین. (دازاین) لای (هایدیگەر) مانایەکی زۆر تایبەتی هەیە، کە لە لایەک بۆچوونی (دێکارت) دەداتە دواوە، بەوەیئەو پێی وا بوو مرۆڤ (هۆشـیارییە) و لە لایەکی تریش کۆنتێکسـتی ئەو وشـەیە دەگۆڕێت. ئەگەر لە فەرهەنگدا بە مانای (شـــوێنی بوون) بێت، ئەوە لای ئەو دەبێتە (بوون_ لەوێ: Being – there). بەم شـــێوەیە (دازاین) بریتییە لە گۆڕینی پرســـیاری (مرۆڤ چییە؟) بۆ (مرۆڤ کێیە؟)، بۆیە پێی وایە (دازاین) لە خودی مرۆڤ ڕەســـــەنترە. دازاین پێوەندیی بە پرسـیاری بوونەوە هەیە. (هەمان سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٨). ئەرکی (دازاین) ڕاڤەکردن و ڕێکخســــتنەوەی دنیایە، بەو مانایەی دنیا دەبێت لە ماســــکەکانی دابماڵرێت و بە ڕوونی دەربکەوێت. ئەو بوونەوەرە لە دنیادا تەنیا لەگەڵ ئەوانی تردا پێوەندیی نییە، بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک شـــتی دیکەیشـــدا ئەو پێوەندییەی هەیە، بە ڕادەیەک ناتوانین مرۆڤ و ئەوانی تر بەبێ یەکتر بهێنینە بەر چاومان، بەڵام تەنیا مرۆڤ لە توانایدا هەیە لە (بوون)ی خۆی تێ بگات، بەوەی تەنیا ئەو دەتوانێت لەبارەی (بوون)ـــەوە پرسیار بکات. بەم پێیە بوونی مرۆڤ بە بوونی ئەوانی ترەوە بەندە، بەڵام دەشـــێ ئەو بوونە ڕاســـتی و ڕەســـەن بێت و دەشـــێ ڕووکەش، یان ســـاختە بێت. بوونی ڕەســـەن و ڕاســـتەقینەیش لەوەدا دەردەکەوێت، کە خود هەست بە (بوون)ی خۆی بکات وەک تاکێکی سەربەخۆ، لە کـاتێکـدا بوونی ڕووکەش و ســـــاختە ئەوەیە لە خودی خۆی دادەبڕێـت و لە پرۆســێســی (بەشــتبوون Reification)دا دەبێتە بابەت و لە کۆمەڵدا دەتوێتەوە. بڕوانە:

کـاکەســــوور، کـاروان عومەر، هەولێر و هەولێری لە کۆنکرێتبەنـدییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوە، پرۆژەی ڕێگە، ٢٠٢١، ل —>

—> (هایدیگەر) دژی ئەو مەعریفەیەیە، کە بوونەوەر لە دنیا جودا دەکاتەوە. لەبەر ئەوەیشە ئەو دوالیزمەی لە فەلسەفەی (دیکارت)، (کانت) و (هیگڵ)دا بەرجەستەیە، لای ئەو دەدرێتە دواوە. ئەو بە میتۆدی فینۆمینۆلۆجی، فینۆمینۆلۆجیای ڕاڤەکاری، یان (ئۆنتۆلۆجیا)، کە ڕاستییەکەیشی لە هێرمۆنتیکاوە هەڵقوڵاوە، دێتە پێشەوە و ڕوانینێکی دیکەی تەواو بۆ ئەپستمۆلۆجی دەخاتە ڕوو. مەعریفە لای (هایدیگەر) لە ڕێی ئەو کۆنتێکستەوە دەردەکەوێت، کە تاک پێوەی پێوەستە. بوونی شت و (بوون لە دنیا) بریتین لە بوونی مرۆڤایەتی. بوونی شت (بوون نییە لە دنیا)، بەڵکوو بوونە لە ناواخن(among)ی دنیا. بەم شێوەیە (بوون) و مرۆڤ سەر بە یەکترن. میتافیزیکای خۆرئاوا پرسیاری (بوون)ی لە بیر چووە، کە بوونی مرۆڤایەتییە لە دنیا. لەبەر ئەوەیشە ئەو بوونە لای (هایدیگەر) داخراو نییە، بەڵکوو پێوەندیی بە دنیا و بەوانەی دیکەوە هەیە. دەکرێت بگوترێت ئەو پێوەندییە پراکتیکییە، نەوەک تیۆری، یان مەعریفی. بە مانایەکی دیکە ئەو پێوەندیی بە ئامێرەوە هەیە، کە لەو ڕێیەوە مەبەستەکانی بە دی دەهێنێت. (بوون)ی ئەو ئامێرە لە خۆیدا نییە، بەڵکوو لە بەکارهێنانیدایە. واتە کردەی کوتەکی ئاسنگەر لە بەدیهێنانی ئەرکەکەیدایە، کە ئەوە سەرچاوەی دڵەڕاوکێی مرۆڤە، چونکە لەمەوە تێدەگات ئامێر دەشکێت و لەوە دەردەچێت ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. بە مانایەکی دی، دڵەڕاوکێیەکەی پێوەندیی بە مەرگەوە هەیە و تاکە بوونەوەریشە لەبارەی مەرگی خۆیەوە دەزانێت. هەر لێرەیشەوە (کات) دێتە ناو ئەو هۆشیارییەی مرۆڤەوە. ئەوە مرۆڤ نییە لەبارەی (بوون)ـەوە پرسیار دەخاتە ڕوو، بەڵکوو (بوون)ـە پرسیار دەکات، لە کاتێکدا ئەو مرۆڤە دوور لە ویستی خۆی فڕێ دراوەتە دنیا. دواتر ئەو پرسیارەی بوون دەبێتە پرسیاری خۆیشی.

هەوڵم دا بە کورتی لەبارەی چەمکی مەعریفەوە ئەو چەند دێرە بنووسم، کە ئەگەر پێویستی کرد بۆی دەگەڕێمەوە. فیلۆسۆفێکی وەک (فۆکۆ) بەشێکی تەمەنی بۆ ئەوە تەرخان کردووە لە وردەکارییەکانی ئەو چەمکە بکۆڵێتەوە. ئایا گوتەی فیل و شووشەوات لە بەردەم ئەو تێگەیشتنەی فەلسەفەدا خۆی دەگرێت؟ —>

---

—> دیسان دەپرسم ئایا ئەوە هەر بە ڕاستی خوێنەری (بەختیار عەلی)یە؟ ئەگەر خوێنەری ئەوە، چۆن دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو بەرهەمە، ئەوەی تێنەپەڕاندووە؟ چۆن ئەمانەی لەم ئاستەی زماندا نووسیون؟ کێ هەیە نەتوانێت ئەو پەرەگرافە بنووسێتەوە؟ ئەو خوێنەرە مەعریفە بە شتێکی فیزیکی تێگەیشتووە و وای زانیوە هەر بە ئامادەکراوی لە سروشتدا هەیە. واتە دەشێ کەسێ زۆری هەبێت و کەسێکی تر کەمتر. هەندێکیش هەر نەیانبێت. ئەوەتە (بەختیار عەلی) خاوەنی مەعریفەی زۆرە و دواتر، لە خوارەوە (مەریوان)یش هەندێکی هەیە. ئەوە لە ئاستی میللیدا شتێکی نوێ نییە، چونکە (بێمەعریفەت) جوێنێکە و چ لە ماڵ، چ لە گەڕەک و چ لە قوتابخانەدا بە کار هاتووە. ئایا زۆرینەمان نەمانبیستووە، دەڵێن (دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت)؟ ئەم گوتەیە سەرچاوەی ئەو خوێنەرەیە، کە دەڵێت: (مەعریفەی بەختیار عەلی ناشیرین نابێت). ئایا خوێنەر بۆ ئەوەی ئیلهام لە (دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێت) وەربگرێت و (مەعریفەی بەختیار عەلی ناشیرین نابێت)ی پێ بنووسێتەوە، پێویستی بە مامۆستا هەیە؟ خوێنەرێکی ئاسایی دوای خوێندنەوەی چەند دێڕێکی فەلسەفە، ئەم تێگەیشتنە تێدەپەڕێنێت، بەڵام نازانم چۆن لای ئەم خوێنەرەی (بەختیار عەلی) هێشتا گڤەی دێت! ئەو ئارگۆمێنتە بەهێزە چییە، بۆچوونەکەی لەسەر دامەزراندووە؟ گوتوویەتی (مەعریفەی بەختیار عەلی پیس نابێت). کەسێکی تریش دەتوانێت بڵێت: (دە ئاخر وا نییە، چاوەکانم. پیس دەبێت). ئەو خوێنەرە ڕەنگە بێتەوە دەنگ و بڵێت: (من پێت دەڵێم پیس نابێت). ئینجا نۆرەی ئەوە، بڵێت: (بە گۆڕی باوکم، پیس دەبێت). بەم شێوەیە مشتومڕەکە درێژە دەکێشێت... سەرنج بدەن و بزانن لەم گوتەیەدا ئاماژە بە لەناوچوونی چەند ئوستاز کراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی مەعریفەیان نەبووە! تەنانەت بە (ژنەفتن) گوتراوە نەخوێندەوار، چونکە بەرهەمی (سۆران ئازاد)ی بڵاو کردووەتەوە. لەم سێ دەیەیەدا بەردەوام هێرش کراوەتە سەر ئەوانەی لەبەر هەر هۆکارێکە، نەیانتوانیوە بخوێنن، تا تیپەکان بناسن و بزانن چۆنیان ڕیز بکەن. ئایا ئەوانەی فێری بوون و ئەمڕۆ خوێندەوارن، هەر بە ڕاستی بە شێوەی دروست دەنووسن و دەخوێننەوە؟ دەکرێت ئاخ بۆ نەخوێندەوارەکان هەڵبکێشین، کە نازانن گوتەیەکی لەم شێوەیە بخوێننەوە؟—<

—> ئەو خوێنەرە لەم شـــوێنەدا هەڵەیەکی لۆژیکیی کردووە، کـاتێ وشـــەی مەعریفەی بەو شـــێوەیە بە کار هێناوە. (شـــۆپێنهاوەر) بە ڕەگەزدۆزی، یان هۆمۆنەمی (The Homonymy) ناوی دەبات. ئەو وشـانە بە شـێوەیەک بە کار دەهێنرێن، کە زیاتر لە مانایەک بدەن. بۆ نموونە پێت دەڵێن فلان نووسـەر باسـی (مەعریفە)ی کردووە، بەڵام پێت ناڵێن ئەو چەمکەی لە چ کۆنتێکســـتێکدا بە کار هێنـاوە. ئـایـا لە ڕێی دایەلۆگەوە وەریگرتووە، یـان بە شـــێوەی میکـانیکی گواســـتوویەتیەوە؟ کۆنتێکســـتەکەی لێک داوەتەوە؟ لەو ڕێیەوە فیکری چەند لەو ڕەخنەدۆزانەی بە سـەر کردووەتەوە، کە لەبارەی هەمان چەمکەوە نووسـیویانە؟ ئایا لە دەســـتی دوو و ســـێ وەرینەگرتووە؟ ئەو پرســـیارانە بازیان بەســـەردا هەڵدەدرێن و بە ڕستەگەلی وەک (مەعریفە لە ژیانی ڕۆژانەماندا گرنگە)، (مەعریفە نەبێت، ئێمەیش نابین)، (میلـــلەتان بە مەعریفە پێش دەکەون)، (بارانی مەعریفە لە هەر شوێنێ دابکات، زەوییەکەی سەوز دەبێت) و هیی دیکەی لەم بابەتە خەریکت دەکەن. ئەگەر بیانەوێت تۆ لەو ڕێیەوە بسڕنەوە، پێت دەڵێن: (مەعریفە شاخەشاخ، شـــاخی ســـەختە، ئەگەر نەتوانیت بگەیتە لووتکەکەی، دەکەویت و تا ماویت هەڵناستیتەوە. ئەوەی لە شاخ بکەوێتە خوارێ، هەتا ئەگەر نەیشمرێت، دەشێوێت و لە مەعریفە نـاگـات). (شـــوپێنهـاوەر) ئەم نموونەیە دەهێنێتەوە: (هەموو ڕووناکاییەکان دەکوژێنەوە. ژیری ڕووناکاییە. کەواتە دەکرێت ژیری بکوژێتەوە). ئایا (ژیری) و (ڕووناکایی) یەکێکن، یان ئەو بە فێڵ کردوونیەتە یەک؟

من لێرەدا شـــەش پێشـــنیاز دەخەمە بەر چاوی ئەو خوێنەرە، کە ناوی (دیلمان دیلمان)ە:

یەکەم: دەتوانیت لەبارەی چەمکی مەعریفەوە بابەتێکم بۆ بنووســـیت؟ هەتا ئەگەر بە ناوی خۆیشـــتەوە بڵاوی نەکەیتەوە، بە گرفتی نازانم. لای من (چی گوتراوە) گرنگە، نەوەک (کێ چیی گوتووە). من ناڵێم تۆ ناتوانیت و توانات بە چەســـپاو نازانم، بەڵکوو دەمەوێت لە ڕێی پرســـیارەوە ئەو توانایەت بە ڕووی دایەلۆگدا بکرێتەوە. —>

---

<—— دووەم: ئایا پێت خۆشــــە هەردووکمان، هەر لێرەدا لەبارەی ئەو چەمکەوە گفتوگۆ بکەین؟

ســـێیەم: ئایا دەکرێت لەبارەی ئەو چەمکەوە تەوەرەیەک بکەیتەوە و بە (بەختیار عەلی) بڵێیت تێیدا بەشــدار ببێت؟ دەســـا ئەگەر ڕێی منیش بدەیت لە هەمان تەوەرەدا بەشدار ببم، ئەوە لە ئێستاوە پێت دەڵێم زۆر سوپاس.

چوارەم: ئەوە (٣٠) ســاڵ زیاترە (بەختیار عەلی) باسـی مەعریفە دەکات. دەتوانیت هەمووی، یان هەندێکیان لە فایلێکدا کۆ بکەیتەوە و بۆمی بنێریت؟ بەڵێن بێت لەو بارەیەوە منیش بۆچوونی خۆم دەربڕم. واتە بەم مێتۆدەم ڕووبەڕووی دەبمەوە. هیچ حوکمێکی پێشــوەختم بۆی نییە، بەڵکوو دایەلۆگ هەر بە ســروشــتی خۆی ڕووی لە نەزانراوە. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کـاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا هەوڵم داوە بە وردی لەبارەی میکانیزمی دایەلۆگەوە بنووسم.
پێنجەم: دەتوانیـت بـابەتێـک لەبـارەی چەمکی مەعریفە لای (بەختیـار عەلی) بنووسیت؟ واتە مەعریفە لە دیدگەی (بەختیار عەلی)یەوە.

شەشەم: پێت خۆشە لەبارەی چەمکی مەعریفەوە بە لایڤ گفتوگۆ لەگەڵ (سۆران ئازاد) بکەیت؟ ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک ناتوانیت، دەکرێت کەسێکی دیکە بۆ ئەو گفتوگۆیە هەڵبژێریت؟

هیچ حوکمێکم لەبارەی وەڵامنەدانەتەوە نییە. لە دڵەوە پێم خۆشە دەستت بگوشم، کە لەگەڵ ئەوانەی تردا وات لێ کردم ئەم چەند لاپەڕەیە بنووسم. ڕەنگە (ڕەحیمی) و (ئازاد) نەیانزانیبێت، یان پێشـــبینییان نەکردبێت، کە لەو ڕێگەیەوە ڕوویەکی دیکەی کەلتووری خوێندنەوە و بیرکردنەوەمان دەردەخەن. ئەوە خاڵی گەشی ئەم تەوەرەیەی (ژنەفتن)ـە، کە ئەو دایەلۆگەی لێ بەرهەم هاتووە.